# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

دووشەممە ١٧ی ڕەشەمەی ١٣٩٤ _ ٧ی مارسی ٢٠١٦ ■ ژمارە: ٦٧٥ ■ www.kurdistanukurd.com


## هەڵوەشاندنەوەی ڕێوڕەسمی ٨ی مارس لە ئێران

هەواڵدەرییەکانی ئێران باس لەوە دەکەن کە بەرنامەی کورسی ئاشتی، مافی مرۆڤ و دێموکراسیی یۆنێسکۆ کە بڕیاربوو بە بۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن لە ئێران بەڕێوەبچێ هەڵوەشاوەتەوە.

ئەم بەرنامەیە قەراربوو لە زانکستگەی حقووقی زانکۆی بەهێشتی بەڕێوەچوو.

بەپێی بەرنامەیەک کە لە پێشدا ڕاگەیەندراوە، بڕیار بوو لەم کورسەدا زانت ئێلیزابێت بلیک، ئەندامی هەیئەتی زانستیی زانکۆی حوقووق؛ ناهید تەوەسولی توێژەرو چالاکی بواری ژنان؛ ئەمیر نیک، مامۆستای زانستگەی حوقووقی زانکۆی بەهەشتی؛ شەهناز سەجادی پارێزەری دادگوستەری‌و چالاکی کۆمەڵایەتی وتاریان هەبێ.

هەڵوەشانەوەی بەرنامەکانی ٨ی مارس لە ئێران پێشینەیەکی لەمێژینەی هەیە و زۆربەی بەرنامەکانی ئەم ڕۆژە بە بیانووی نەبوونی مۆڵەت هەڵدەوەشێنەوە.



# لە ئاست بێڕێزی بە یارسانەکان، نابێ بێدەنگو بێهەڵوێست بین




لەم حەوتووانەی دوایی‌دا، پەیڕەوانی ئایینی یاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جارێکی دیکە لە گەڵ هێرش‌و بێڕێزیی دەستوپێوەندەکانی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوو بوون. لە ٨ی ڕەشەمە، نزیکەی سەد کەس کە خۆیان بە «پەیڕەوی ویلایەت» دەناساند، بە شێوەیەکی ڕێکخراوو بە بەرنامە هێرشیان کردە سەر جەمخانەی یارسانییەکان لە شائاباد(ئیسلام ئاباد)ی پارێزگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەوان وێڕای دروشمدان دژی ئایینی یاری‌و یارسانییەکان، هەڵیان کوتایە سەر جەمخانەکەو شووشەکانیان شکاندو زیانی دیکەشیان بە بینایەی ئەو شوێنە گەیاند. بێڕێزی بە یارسانەکان بەوەندەش نەوەستاو هاوکات‌و دواتر، لە لایەن کەسانێکی ناسراوەوە کە بە پشتیوانیی ئۆرگانە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم پشتگەرمن، هێرش کرایە سەر هێندێک لە پەیرەوانی ئایینی یاری‌و، سووکایەتی بە هێماو ڕەمزەکانیان کرا. ئەم سووکایەتیانە لە گەڵ دژکردەوەی یارسانییەکان‌و چالاکانی مەدەنی‌و داکۆکیکەری مافی مرۆڤ بەرەوڕوو بوو. کەسایەتییەکان‌و چالاکانی مەدەنیی یارسانییەکان بۆ دەنگهەڵبڕین دژی ئەم بێڕێزیانە، داوای ئیجازە بۆ کۆبوونەوەی جەماوەریی یارسانەکان لە بەر دەرگای ئۆستانداریی کرماشانیان کرد، بەڵام بە بیانووی ئەمنیەتی، ئەم داوایەیان لێ قبووڵ نەکرا. سەرەڕای ڕێگە پێنەدان‌و کەشوهەوای ئەمنیەتیی زاڵکراو بە سەر شائابادو دالەهۆو ناوچەکانی دیکە، یارسانییەکان لە سەر نارەزایەتی دەربڕین پێداگرن‌و بە ناردنی یادداشت‌و نامەی سەرئاوەڵا بۆناوەندەکانی بڕیار لە کۆماری ئیسلامی‌دا، داوا دەکەن بێمافی یارسانییەکان‌و بەڕێوەچوونی سیاسەتی هەڵاواردن دژ بەوان، کۆتایی پێ بێ.



## بەیاننامە لە بارەی:

## بەڕێوەچوونی دووهەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی‌و هەڵسەنگاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردنی ٧ی ڕەشەمەی ئێران



لە ڕۆژانی شەممەو یەکشەممە ٨و٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٤(٢٧و٢٨ی فێوریەی ٢٠١٦)، دووهەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێراوی کۆنگرەی شازدەیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەڕێوە چوو.

کۆبوونەوە بە ساتێک بێدەنگی‌و هەستانە سەرپێ بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد. لە دەسپێکی کۆبوونەوەکە دا، سکرتێری گشتیی حیزب هاوڕێی بەڕێز خالید عەزیزی، دەستووری کاری پێشنیارکراو بۆ ئەم کۆبوونەوەیەی خستە بەر نەزەری بەشدارانو، دوای ئەوەی ئەندامانی ڕێبەریی حیزب پێشنیارو سەرنجەکانی خۆیان باس کرد، دەستووری کارەکە پەسەند کرا.

هەڵبژاردنی ئەندامانی دەفتەری سیاسی، یەکێک لە برگە سەرەکییەکانی دەستووری کاری ئەم کۆبوونەوەیە بوو. کۆمیتەی ناوەندی، دوای هەڵبژاردنی ئەندامانی دەفتەری سیاسی، چەند بابەتی پێوەندیدار بە بەڕێوەبەریی تێکۆشانی حیزب لە دەرەوەی وڵات، ئەرکە هەنووکەییەکانی بەڕێوەبەریی حیزب لە کوردستان، ڕاپۆرتی بەرپرسی کۆمیسیۆنی دارایی‌و تەداروکاتی حیزبی خستە بەر باس‌و ڕاوێژی ئامادەبووان‌و، لە بارەی هەر کام لەوان ڕێنوێنی‌و ڕاسپاردەی پێویستی دایە دەفتەری سیاسی.

دوا برگەی کاری ئەم کۆبوونەوەیەی کۆمیتەی ناوەندی هەڵسەنگاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردنەکانی ٧ی ڕەشەمەی ئێران بە سەرنجدان بە هەڵوێستی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم پێوەندییەدا بوو.

کۆمیتەی ناوەندی وێڕای وەبیرهێنانەوەی بەربەستەکانی ناوەندو دامەزراوەکانی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی هەر چی زیاتر بەتاڵکردنی نێوەرۆکی ئەم هەڵبژاردنانە لە ئازادیی خۆپاڵاوتن‌و دەنگدان‌و، ڕێگری لە جێبەجێ بوونی ئیرادەو نیازی گۆڕانخوازانەی خەڵک، هەڵوێستەی لە سەر تەرفەندەکانی دەسەڵاتداران بە مەبەستی وەڕێخستن‌و گەرمکردنی ملبەملەی هەڵبژاردن‌و ڕاکێشانی ژمارەیەکی زیاتری خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان کرد. بە باوەڕی کۆمیتەی ناوەندی، خەڵکی ئێران ئەمجاریش هەوڵیان دا کەش‌وهەوای سەروبەندی هەڵبژاردن‌و دەرفەتی تەسک‌و سنووورداری دەنگدان بۆ دەربڕینی نارەزایەتیی خۆیان‌و نیشاندان‌و گەیاندنی هەڵوێست‌و پەیامی سیاسیی خۆیان بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە کار بێنن...


دریژە ل٢





پێشێل کردنی مافی کەمینە نەتەوەو ئایینی‌یەکان لەژێر ناوی قانوون

٤




ژن و ژان!

٥



قۆناغی دووەمی هەڵبژاردنی پارڵمانی ئێران

٦




بۆچی ڕیفراندۆم؟

٧

کۆنگرەی ٧٠ ساڵ تێکۆشان 16th CONGRESS Kurdistan Democratic Party - Iran

ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی ١٦ (بەشی یەکەم)

٩


## سەرجەم پیاوەکانی گوندێک لە سیستان‌و بەلووچستان ئێعدام کراون

شەهیندۆخت مەولاوێردی، جێگری سەرکۆمار بۆ کاروباری ژنان‌و بنەماڵە، وێڕای دانە بەر ڕەخنەی لابردنی قانوونەکانی داکۆکی لە بنەماڵەی ئێعدامکراوان لە بەرنامەی پێنجەمی گەشەدا گوتی لە سیستان و بەلووچستان گوندی وا هەیە کە هەر هەموو پیاوەکانی ئێعدام کراون.

جێگری سەرکۆماری ئێران بۆ کاروباری ژنان‌و بنەماڵە گوتی: زۆر حاڵەتی وا هەیە کە پیاوی ماڵێ لەسەر مادەی هۆشبەر یان تاوانێکی دیکەی لەم چەشنە کەوتۆتە زیندان‌و دەوڵەت دەستی بەسەر هەموو ماڵ‌و داراییەکەی داگرتووە، لە حاڵێکدا کە ڕەنگە خانوویەکی بچووک تەنیا سەرپەنای ژن‌و مناڵەکانی بێ. ئەو دەپرسێ ئایا قانوون لە بەرامبەر ئەم ژن‌و ٣ منداڵەدا کە تەنیا سەرپەناو شوێنی حاوانەوەیان لێ زەوت کراوە چ ئەرکێکی هەیەو ئەرکی دەوڵەت‌و دەزگا پێوەندیدارەکان چین؟

ناوبراو لە درێژەدا گوتی:" لە حاڵی حازردا ١٧ دەزگاو ناوەند لە بواری کەمکردنەوەی زیانە کۆمەڵایەتییەکان ئەرکدار کراون‌و بوودجەیان بۆ دیاری کراوە، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە قورسایی ئەم دام‌ودەزگایانە لە کەمکردنەوەی ئاستی زیانە کۆمەڵایەتییەکانی تاوان کە بەسەر ناوەندی بنەماڵەکان‌دا دەسەپێ، چەندەیە؟ بنەماڵەیەک کە تاقە یەک خانوویان هەیەو ئەویشیان لێ دەستێنن، ئایا هیچ گرینگی بەوە دەدەن کە ژنێک بە ٣ منداڵەوە پەنا بۆ کوێ ببا؟ وڵامی ئەم پرسیارەش بە هیچ شێوەیەک بە لای دەوڵەت‌و ناوەندە قەزایی‌و دەزگاکانی دیکەی حکومەتەوە گرینگ نییە."

مەولاوێردی گوتی لە پارێزگای سیستان و بەلووچستان گوندێک هەیە کە سەرجەم پیاوەکانی ئەم گوندە ئێعدام کراون. ئێستاش هەموو کوڕەکانی ئەوان دەکرێ لە داهاتوودا ببنە قاچاغچی، هەم بۆ ئەوەی کە بیانەوێ تۆڵەی باوکەکانیان بستێننەوەو هەم لە پێناو بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی بنەماڵەکانیان، بەڵام ئاخۆ ناکرێ پێش بەو کارەساتە بگیرێ؟

جێگری سەرکۆماری ئێران هەروەها دەڵێ لە بەرنامەی پێنجەمی گەشەدا مەسەلەی "پشتگیری کردن لە بنەماڵەی ئێعدام کراوەکان" بە تەواوی وەلانرا، بەڵام لە دەوڵەتی حەسەن ڕووحانی‌دا ئەم مەسەلەیە بۆ جارێکی دیکە لە بەرنامەی شەشەم‌دا گونجێندرایەوە.

## لێبوردنی نێودەوڵەتی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران خراپتر بووە

ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، ڕۆژی یەکشەممە ٥ی ڕەشەمە، ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی لەپێوەندی لەگەڵ بارودۆخی مافی مرۆڤ لە وڵاتانی جیهان‌دا بڵاوکردەوە.

لەبارەی ئێران، ڕێکخراوی لێبوردنی نیودەوڵەتی ڕایگەیاند کە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران خراپتر بووەو حکومەت هەروەها بە توندی درێژە بە بەرتەسکردنەوەی ئازادییەکان، زیندانیکردنی چالاکانی سیاسی، ئەشکەنجەو هەڵسوکەوتی نامرۆڤانە لەگەڵ جیابیراب، پەڕاندنی ئەندامانی لەش، لێدانی قامچی لەبەر چاوی خەڵکو؛ هەروەها ئێعدامکردن بە تایبەت لەداردانی مێرمنداڵان لە پێش چاوی خەڵک دەدا.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هەروا درێژە بە پێکهێنانی لەمپەری زۆر لەبەردەم ئازادیی ڕادەربڕین دەدەن.

لێبوردنی نێودەوڵەتی هەروەها ئاماژەی بە بەردەوامبوون‌و چڕبوونەوەی بەربەستەکان بەدژی ڕۆژنامەنووسان، هونەرمەندان، نووسەران‌و چالاکانی دیکەی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران کردوەو ڕەخنەی لە سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئێران گرتوە. لێبوردنی نێودەوڵەتی دەڵێ، کاربەدەستانی ئێران لە پێدانی یارمەتییە پزیشکی‌و دەرمانییەکانیش بە زیندانیان خۆ دەبوێرن.

ئەم ڕێکخراوە ڕایگەیاندووە بارودۆخی بێهداشت لە نێو زیندانەکانی ئێران یەکجار نالەبارە، بە تایبەت ئەم زیندانانەی کە بە ڕێژەیەکی زۆریان زیندانی تێ‌خزاندووە، وەک: دیزڵ ئابادی کرماشان، قەرچەکی وەرامین، عادڵ ئابادی شیرازو وەکیل ئابادی مەشهەدو، بە توندی ڕەخنەی لەم بارودۆخە گرتووە.

لێبوردنی نێودەوڵەتی هەروەها ڕایگەیاندووە کە ئێعدامەکان لە ئێران لە ساڵی ٢٠١٥ش بە شێوەیەکی بەربڵاو درێژەی بووەو لە چەندین حاڵەتدا تەنانەت مێرمنداڵانیش ئێعدام کراون.

## ڕاپۆرتی بەشداریی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆنگرەی لاوانی ئێنترناسیۆنال سۆسیالیستدا

کۆنگرەی جیهانیی لاوانی ئینتێر ناسیۆناڵ سۆسیالیست بە بەشداریی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکرد.

کۆنگرەی لاوانی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست لە ڕۆژی هەینی، ٧ی ڕەشەممەوە بە بەشداریی ١٣٦ڕێکخراوی ئەندام لە ٧٥وڵاتی دنیا لە تیرانا پایتەختی وڵاتی ئاڵبانی دەستی پێکرد و دوای چوار ڕۆژ کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

ماڵپەڕی یەکیەتیی لاوان لەو پێوەندییەدا نوسیویەتی کە لەو کۆنگرەیەدا یەکیەتیی لاوان وەک ئەندام لە کۆمیتەی مەدیتەرانەدا پرسی هەڵبژاردنەکانی ئێرانو هۆکارەکانی بەشداری نەکردنی کورد لەدەسەڵاتی سیاسیی ئێران بەهۆی سیاسەتی هـەڵاواردنی کۆماری ئیسلامیی هێناوەتە بەر باس. هەروەها لە پێناو داکۆکی لە کوردی ئێرانو بە پشتیوانی ڕێکخراوەکانی لاوانـی فەلەستینو ئیسرائیل داوای یەکیەتی لاوان بۆ بەڕێوەبردنی ڕێفراندۆم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خراوەتە دەستوری کاری کۆنگرەو بڕیار دراوە لە قەتعنامەی کۆتایی کۆنگرەدا پشتیوانیی لێ بکرێ.

کۆبوونەوەی شاندی یەکیەتیی لاوان لەگەڵ کۆمیتەی خۆرهەڵاتی نێوەراستی لاوانی ئێنترناسیۆنال سۆسیالیست یەک لەو کۆبوونەوانە بوو کە لـەودا شاندی لاوان باسیان لە پرسی هەڵبژاردنەکان لەئێران، مافی دیاریکردنی چارەنووس لە ڕێگەی ڕێفراندۆم، پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران بە تایبەتی دوای لا چوونی سزا نێو دەوڵەتییەکان لە سەر ئەو وڵاتە کرد، ئاکامی کۆبوونەوەکەش ئەوە بوو کە بەشداران داوایان کرد تیمێکی هاوبەش لە کۆمیتەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست پێک بێ بۆ بەدوا داچوونو کاری هاوبەش لەگەڵ یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

هەر لە کۆبوونەوەکانی ئەو کۆمیتەیەدا شاندی لاوان توانییان دەوری باشیان لە نیزیککردنەوەی لایەنە ناکۆکەکانی نێو کۆمیتەکە وەک لاوانی فەلەستینو ئیسرائیل لەگەڵ یەکتر هەبێ، کە ئەم هەوڵانەی یەکیەتیی لاوان لە نێو کۆنگرەدا بەباشی وەرگیرا.

کۆنگرەی لاوانـی ئێنترناسیونال سۆسیالیست ڕۆژی هەینی ٧ ی ڕەشەممە بە دروشمی پاراستنی ژینگەو بە وتاری فلیپێ ژێلدرێس، سەرۆکی ڕێکخراوی لاوانی ئێنترناسیۆنال سۆسیالیست دەستی بە کارەکانی کردو دواتر سەرۆک وەزیرانی وڵاتی ئاڵبانی، ئێدی ڕاما بەشداریی کۆنگرەکەی کردو دوای بەخێرهێنانی میوانەکان بۆ وڵاتی ئاڵبانی، باسێکی تێرو تەسەلی کرد لە سەر ئەرکی لاوانو بە تایەتی لاوانی سۆسیالیست لە گۆرانگارییەکان لە وڵاتەکەیان‌دا کرد.

هـەر لـەو بـەشـەدا لاوتـریـن ئەندامی پارلمانی ئاڵبانی کە سـەر بە بزوتنەوەی سۆسیالیستیی ئەم وڵاتەو تەمەنی ٢٤ ساڵ بوو، باسێکی لە سەر گرینگی بەشداری لاوان لە دەسەڵاتی سیاسیی وڵات دا پێشکەش کرد.

لە کۆبوونەوە کارییەکانی کۆنگرەو لە پەراوێزی کاری کۆنگرەش‌دا شاندی یەکیەتیی لاوان بەشداریی چالاکانەیان لە باسەکاندا هەبوو و جگە لە لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەگەڵ هاوپەیمانی وڵاتانی سکاندیناوی، ئەمریکای لاتینو ئاڵمان چەندین جارلە سەر پرسی جۆراوجۆر کۆبوونەوە.

ئەو پرسانەش کە لە دەستووری کاری یەکیەتیی لاوان‌دا هەبوو، بریتی بوون لە: پرسی هەوڵدان بۆ بەشداری سیاسی کورد لە ئێران، پرسی ڕێفراندۆم بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی کورد لە ئێرانو کۆ کردنەوەی پشتیوانی بۆ ئەو بابەتە پرسی مافی مرۆڤو ئازادی ڕادەڕبڕین لە ئێرانو ڕەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان، هێنانە بەرباسی ڕەوشی زیندانیانی سیاسیی کورد بە تایبەت دۆخی محەمەد سدیق کەبوودوەند، هەروەها پێشکەش کردنی چەند وتار لە کۆبوونەوەکان‌دا و خستنە بەردەستی کۆمەڵێک دیکۆمێنت لەسەر ڕەوشی گۆلی ورمێو کانی بل لەگەڵ هێنانە بەرباسی ڕەوشی کۆچبەرانی کورد لە وڵاتانی ئورووپایی.

لە دوایین ڕۆژی کۆبوونەوەکان‌دا شاندی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گەڵ سکرتاریەتی ڕێکخراوی AUF، ڕێکخراوی لاوانـی حیزبی کارگەری نۆروێژ کۆبۆوە و لەسەر پرسەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵیان دوانو سکرتاریەتی ئەو ڕێکخراوەیەش لەسەر پرسی ژینگەو پەنابەر داوای هاوکاری لە یەکیەتیی لاوان کردو شاندی هـەردووک لایـەن لـەسـەر ئـەوە ساغ بوونـەوە کە درێـژە بە پێوەندییەکانیان بدەنو لە وڵاتی نۆروێژ پێکەوە پرۆژەو کاری هاوبەشیان هەبێ.



## بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی ساڵانەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سوئێد

کۆنفرانسی ساڵانەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد بە بەشداریی زۆربەی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە بەڕێوەچوو.

لەو کۆنفرانسەدا کە ڕۆژی شەممە، ٨ ی ڕەشەممە گیرا، سەرەتا خاتوو ئەسرین ئیسماعیلی، ئەندامی دەستەی بەرێوەبەریی کۆنفرانس بە کورتی باسی لە ئامانجی سەرەکیی گرتنی ئەو کۆنفرانسە کردو دوایە کۆنفڕانس بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیبو خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان دەستی بە کارەکانی کرد.

کۆنفڕانسی ساڵانەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد بە وتاری خاتوو نەسرین محەممەدی، ئەندامی چالاکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سوئێد کرایەوەو لە بڕگەیەکی دیکەی کـاری کۆنفڕانس‌دا خـاتـوو سکاڵا حـەکـیـم‌زادە، بەرپرسی تەشکیلاتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد باسی لە چۆنیەتیی کاری ڕێکخراوەیی یەکیەتی ژنانو کۆمیتەی شارەکانو بەشداری ئەندامان و هەروەها چۆنیەتی بە دەنگەوە هاتنی بەشدارانو کۆمیتەکان بە کاری کۆمیتەی گشتی لە وڵاتی سوئێد کرد.

لە بڕگەیەکی دیکـەدا خاتوو لەیلا محەممەدی، ئەندامی کۆمیتەی بەرێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە سوئێد ڕاپۆرتی کـارو چالاکی‌یەکانی ئـەو ڕێکخراوەیـەی لـە نـێوان دوو کۆنفرانس‌دا پێشکەش کردو ڕاپۆرتی دارایی کۆمیتە لەلایەن خاتوو کوێستان بابایی خوێندرایەوەو دواتر بەشدارانی کۆنفڕاسن بە گەرمی باسیان لەو سط ڕاپۆرتـە کـردو سـەرنجو تێبینی‌یەکانی خۆیان لـەو پێوندییەدا هێنایە بەرباسو بۆ کەمکردنەوەی کەموکوڕی‌یەکان کۆمەڵە پێشنیارێک گەڵاڵە کرانو ڕاپۆرتەکان پەسند کران.

لە بڕگەیەکی دیکەی کاری کۆنفڕانس‌دا باسێک لەلایەن خاتوو سۆزان فەتحی، ئەندامی کۆمیتەی بـەرێـوەبـەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ پێزانینی کۆمیتەی سۆئێد بە کارو تێکۆشانی ئەوانەی لە ماوەی نێوان دوو کۆنفرانس‌دا چالاکانە لەو ڕێکخراوەیەدا بەشداربوون، باسێکی پێشکێش کردو لەلایەن خاتوو شلێر حەسەن‌پوور، بەرپرسی ئەو ڕێکخراوەیە لەوحی ڕێزلێنانیان پێشکێش کرا.

باس لە بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات لە وڵاتی سوئێد بڕگەیەکی دیکەی کاری کۆنفڕانس بوو کە دوای باسو لێکدانەوەی لەلایەن بەشدارانی کۆنفڕانسەوە، بەرنامەکە بۆ کارو داهاتووی نێوان دوو کۆنفرانس پەسەند کرایەوە.

لە دوایین بڕگەی کاری کۆنفڕانس‌دا خاتوو شوعلە قادری، ئەندامی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنفرانس باسێکی لە سەر بابەتی هەڵبژاردنی بەڕێوەبەریی نوێی ڕێکخراوەکەو کاری ئەو ڕێکخراوەیەو ئەرکی ئەندامان و ژنانی کورد پێشکێش کردو دواتر کۆمیتەیەکی نوێ بۆ بەڕێوەبەریی کار و چالاکیەکانی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سوئید هەڵبژیردرا.

کۆنفرانسی ساڵانەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد دواجار بەدەنگی بلاوێنی هونەرمەندی لاوو ئەندامی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات خاتوو باوان کەریمی کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.




درێژەی بەیاننامە لە بارەی:

## بەڕێوەچوونی دووهەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیو هەڵسەنگاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردنی ٧ی ڕەشەمەی ئێران

ئـەگـەر هـێندێک بـەشـی خـەڵـک بە دەنگنەدان، بێهیوایی خۆیان بە هەڵبژاردن لـە چـوارچـێـوەی ئـەو ڕێـژیـمـەدا نیشان دایەوە، لە بەرامبەردا ڕێژەیەکی زیاتریش بە ڕەفـتـارو دەنـگدانی واتـادار هـەر لە چوارچێوەی بەرتەسکی ئەو هەڵبژاردنەدا، داوای کـرانـەوەی سیـاسـیو گـۆڕانـی ئابووریو کورتکرانەوەی دەستی ناوەندو دامـەزراوە داسەپاوەکان لە بەڕێوەبردنی وڵاتـەکـەیـان‌دا کـرد. ئـەوە کە لـە تـاران، پێتەختی فەرمانڕەوایی خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، نزیکترین کەسەکان بە ناوبراو کە ساڵانێکی زۆر بوو چارەنووسو بڕیاری گرنگترین ناوەندەکانی بڕیاریان لـە دەسـت دابـوو، دەنـگیـان نەهێنایەوە، دەیسەلمێنێ کە دەنگدەرانی ئێران لە پێشدا خامەنەییو سیاسەتەکانی ئەویان ناوێ. بەم پێیە میلیۆنان دەنگدەری ئێرانی نەک بۆ بەیعەت لە گەڵ ڕێبەری کۆماری ئیسلامیو شووڕای نیگابانو دامەزراوە داسەپاوەکان، بەڵکوو بۆ «نا» پێگوتنو تەنگ پێهەڵچنینیان هاتبوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان. بە دڵنیاییەوە ئەگەر دەرفەتی هەڵبژاردنێکی ئازادیان هەبا، تەنانەت ئەگەر کاندیداکانی دڵـخـوازی خۆیان لێ ڕەت نەکرابایەوە، زۆر ڕاشکاوانەتر ئەو پەیامو هەڵوێستەی خۆیان ڕادەگەیاند.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کـوردستان، لـە درێـژەی هەڵسەنگاندنی ئاکـامـەکـانـی هـەڵـبـژاردنـەکـانـی ٧ی ڕەشەمەی ئێران، چووە سەر چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کـوردسـتـان لـە گـەڵ ئـەم هـەڵبژاردنانە. ڕەتکرانەوەی سەلاحیەتی زۆر لە کاندیداکان لـە لایـەن دامـەزراوە پێوەندیدارەکان، گوشار هێنانی دامودەزگا ئەمنییەتییەکان بۆ سـەر چالاکانی سیاسیو مـەدەنـیو بەربژێرەکان بە مەبەستی خۆپاراستنیان لە هێنانە بەرباسی ڕەهـەنـدی نەتەوەیی پرسو ویستەکانی خەڵک، تاکتیکو فێڵو تەڵەکەی جۆراوجۆری سوپای پاسدارانو ئیتلاعاتو بنیاتەکانی دیکەی ڕێژیم بۆ پێکهێنانی دووبەرەکیو ملبەملەی دەسکردو نـاڕەسـەن، پشتگیریی هـەمـەلایـەنـەو بە ئاشکرای کاربەدەستان لە بەربژێرەکانی مـۆرەی خۆیـانو زاڵکردنی جاربەجار زیاتری کەشوهەوای ئەمنیەتی، لەو کێشانە بوون کە خەڵک لە پارێزگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گەڵیان بەرەورووو بوون. بە لێکدانەوەی کۆمیتەی ناوەندی، چالاکانی سیـاسـیو مـەدەنـیو بە گشتی خەڵکی وشیارو حەقخوازی کوردستان، سەرەڕای هەموو ئەو کۆسپو بەربەستانە، کۆڵیان نەدا. ئەوان تا ئەو جێگایەی بۆیان گونجا، هەوڵیان دا دەرفەتی هەڵبژاردن بۆ باس لەو ستەمو هەڵاواردنە نەتەوەییانە تەرخان بکـەن کە لـە مـاوەی تـەمـەنی کـۆماری ئیسلامی‌دا بە سەریان دا سەپاوە. کەسانی خۆشناوو لێهاتووو لە باری سیاسییەوە خاوەن پێشینەی خاوێنیان هان دا وەک بەربژێر بێنە مەیدان. سـەرەڕای هەموو بەربەستەکان، پرسی نەتەوەییو بێبەشیو بێمافیی گەلی کورد لە ئێرانیان کرد بە هەوێنی باسو لێدوانی زیندوو لە کۆڕو کۆمەڵی سیاسیو فەزای مەجازی دا.

کـۆمـیـتـەی نـاوەنـدی، سیـاسـەتی حـیـزب لـە ڕاسـتـای هـانـدانـی خـەڵـکی ڕۆژهـەڵاتـی کوردستان بۆ ئـەم چەشنە ڕووبەڕووبوونەوەیە لە گەڵ هەڵبژاردن وەک دەرفەتێک تەئیید کردەوە. بە باوەڕی بـەشـدارانـی کـۆبـوونـەوە، هەڵسەنگاندنی بـەربـژێـرو پشتیوانی لێکردنی لـە سـەر ئەسـاسی کـوردستـانیـبوونی دروشـمو بەرنامەی هەڵبژاردن، کە لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دەورەیە دا، تا ڕادەیەکی هـەستپێکراو خۆی دەرخست، یەکێک لە دەسکەوتەکانی ئەم سیاسەتەیە. پەلهاویشتنی تێکۆشانو چالاکیی سیاسیی پێوەندیدار بە هەڵبژاردنی نوێنەری کـورد لە تـارانو شـارو ناوچە کوردنشینەکانی خۆراسانیش،ئاڵوگۆڕێکی ئەرێنیی دیکەیە کە دەبێ لەم گۆشەنیگایەوە، بخوێندرێتەوە. دەسکەوتێکی دیکەی ئەم سیاسەتە، دژایەتیی خەڵک لە گەڵ کۆماری ئیسلامی لە ژمارەیەک حەوزەکان بە هۆی دەنگنەدانیان بەو کاندیدایانە بوو کە پتر ڕۆچوونە نێو گەندەڵیو هاودەستی لە گەڵ دامودەزگا سـەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە. بـەرەوژوورچـوونـی وشیاریی سیاسیو یەکگرتوویی ڕێژەیی خەڵک لە هێندێک شارو ناوچەی خاوەن خسلەتی دیموگرافیی تایبەت لە گەرمەی ململانێی هەڵبژاردن‌دا، بە یەکێکی دیکە لە دەسکەوتەکانی ئەم سیاسەتە لێک درایـەوە. ئـەم وشیاریو یەکگرتووییە یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی خەڵک لە حەوزەی شنۆو نەغەدە جارێکی دیکە بەربژێری کورد سەر بخەن، یا لە شاری ورمێ سەرەڕای هەموو دژایەتیو بەربەستو گوشارێک، بەربژێرانی کورد بگەیەننە دەوری دووهـەمی هەڵبژاردن. ئەمانەش لە هەلومەرجێک‌دا ڕوویان دا کە کوردەکان وەک هەمیشە ڕۆڵێکی جیددییان لـە چـاوەدێـریو کـۆنـتـڕۆڵـی پـڕۆسـەی جیاکردنەوەو ژماردنی دەنگەکان‌دا نییە. کۆمیتەی ناوەندی تەئکیدیشی کردەوە کە هەوڵدانی خەڵکی کورد لـەم ناوچانە بۆ ئەوەی بە گوێرەی حەشیمەتو قورسایی خـۆیـان لـە نـاوەنـدەکـانـی یـاسـادانـانو بەڕێوەبەرێتی‌دا پشکیان بەربکەوێ، دەبێ وەک مافێکی ڕەوا سەیری بکرێو ڕێزی لێ بگیرێو نەک هەر نابێ ببێتە هۆی گرژیو دردۆنگی لە نێوان ڕۆڵەکانی دوو نەتەوەی کورد و تـورک، بەڵکوو پێویستە بکرێتە بناغەی پێکەوەژیانێکی دادپـەروەرانـەو بە دوور لە ناخۆشی. مافێک کە لە هەر دوو ڕێژیمی شایەتیو کۆماری ئیسلامی دا بە زیادەوەو زۆر جار لە سەر بناغەی پێشێلکردنی پشکو مافی کوردەکان، بۆ پێکهاتەکەی دیکەی پارێزگەی ورمێ دابین بووە.

کۆمیتەی ناوەندی، لە هەڵسەنگاندنو لێکدانەوەی ئاکامەکانی هەڵبژاردنی ٧ی ڕەشەمەی ئێران دا، بایەخێکی تایبەتیشی بـەو ئـەرکـانـە دا کە لـەمـەودوا دەکـەونـە سـەر نوێنەرانی هەڵبژێردراو، چالاکانی سیاسیو مەدەنیی نێوخۆو هەموو ئەو توێژو بـەشـانـەی خـەڵـک کە بـاوەڕیـان وایـە دەکـرێو دەتـوانـن هـەڵـبـژاردن بۆ نیشاندانی هەڵویستو گەیاندنی پەیامی نەتەوەییو حەقخوازانەی خۆیان بەکار بێنن. نوێنەرانی هەڵبژێردراو ئێستا ئیدی لە هەموو کاتێک زیاتر دەبێ لێیان حاڵی بووبێ کە خەڵک سادەو نا وشیار نینو بە هەستیارییەوە، کارنامەی نوێنەرانی کورد لە مەجلیس دەخەنە ژێر چاوەدێری. ئەگەر بە کارهێنانی کورسیی مەجلیس بۆ خۆدەوڵەمەند کـردنو ئیمتیازدان بە خزموکەسو بردنە پێشی پڕۆژەو بەرنامە دژی گەلییەکانی ڕێژیم، خەیانەتو تاوانێکە کە خەڵک لە بیریان ناچێتەوەو لە ڕۆژی خـۆی دا لـێـی دەپـرسـنـەوە، گـەیـانـدنی بوێرانـەی قسـەو ویستی ڕاستەقینەی خەڵک بە مەجلیسو ناوەندە بەرزەکانی ڕێژیمو بەرگری لێکردنیشیان، خزمەتو شـانـازیـیـەکـە کـە خـەڵـکـی کـوردسـتـان پێشوازیو پشتیوانیی لێ دەکەن. کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە خەڵکی کوردستانو چالاکانی سیاسیو مەدەنیی نێوخۆ داواکـار بـوو وشیاریو یەکگرتوویی خۆیان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لـە گـەڵ قۆنـاغـی دووهـەمـی هـەڵـبژاردن بپارێزن بۆ ئەوەی زیاتر لەم جار مەبەستە سیاسیو نەتەوەییەکانی خۆیان لە ڕەوتی هەڵبژاردن دا بپێکن. هەر لەو کاتەش دا دووبـارەو تەئکیدی کـردەوە کە چینو توێژەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نابێ لە گرنگیی شێوازو مەیدانەکانی دیکەی خەباتو تێکۆشان غافڵ بنو پێویستە هەر کـام لـە بەستێنو بـوارەکـان بۆ خستنە ڕووی داواکـانـی خـۆیـانو ناچارکردنی دەسـەڵاتـداران بە قبووڵی مافەکانیان، بە کار بێنن. لەم چوارچێوەیەشدا کۆمەڵێک ڕێنوێنیو ڕاسـپـاردەی دا بە دەفتـەری سیاسیو دامـەزراوە پێوەندیدارەکانی حـیـزب تـا لـە ڕاسـتـای بـە هـێزکردنی پێوەندیی خەباتکارانەی حیزبی دیموکراتو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو پاراستنو دەوڵـەمـەنـدکـردنـی ئـەزمـوونـەکـانـی ئەم پێوەندییە دوولایـەنـەدا سـوودیـان لێ وەربگرێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستان
دەفتەری سیاسی
١٠ی ڕەشەمەی ١٣٩٤
٢٩ی فێورییەی ٢٠١٦

# بەیاننامە
## شەپۆلی نوێی سووکایەتی بە یارسانییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەحکووم دەکەین

هاونیشتمانانی یارسانی، بە پشتگیریی دامەزراوەکانو کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، جارێکی دیکە بەرەوڕووی مافخوراویو سووکایەتی بوونەتەوە. شەپۆلی تازەی مافپێشێلکردنو سووکایەتی بە هاونیشتمانانی یارسانی، دوای ئەوە دەستی پێکرد کە دامەزراوەکانی ڕێژیم بە ئاشکرا پشتیوانییان لە بەربژێرێکی دەستنیشانکراوی خۆیان لە حەوزەی هەڵبژاردنی ئیسلام ئابادو دالاهۆ کردو بۆ جاری سێهەم وەک نوێنەری ئەم حەوزەیە – کە بەشی زۆری دانیشتوانی یارسانین- ڕێگای چوون بۆ مەجلیسیان بۆ کردەوە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی لە پارێزگەکانی کرماشان و ئیلام، سەدان هەزار لە پەیڕەوانی ئایینی یارسان دەژین. بەو هۆیەوە کە ئەم ئایینە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە ڕەسمی نەناسراوە، هاونیشتمانانی یارسانی لە مافی ناردنی نوێنەری خۆیان بۆمەجلیس بێبەشن. ئەوان لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا بەردەوام لە گەڵ هەڵاواردنو سووکایەتی بەرەوڕوو بوونو دامودەزگاکانی ڕێژیم نەک هەر پێشی هەڵاواردنو سووکایەتی بەرامبەر یارسانییەکان نەگرتوە بەڵکوو بەرگێکی قانوونیو شەرعییان پێ داونو پشتگرو هاندەری هەڵاواردنو بێ ڕێزی بەوان بوون. لە چەند ساڵی رابردوودا، پەیرەوانی ئایینی یاری بە تایبەتی کەسایەتییە ئایینییەکانو چالاکانی مەدەنیی ئەو کەمایەتئیە و لە گەڵ ئەوانیش‌دا ژمارەیەکی زۆر لە کوردستانییەکان، دژی بێمافییەکانی یارسانییەکانو سووکایەتی پێکرانیان نارەزایەتییان دەربڕیوە. بەڵام بە داخەوە لە لایەن ناوەندەکانی یاسادانانو بڕیاردانی کۆماری ئیسلامی هیچ ئاوڕێکی جیددی لەم دۆخە دڵتەزێنەیان نەدراوەتەوە.

سووکایەتیی ئەمجارەش بە پیرۆزییەکانو کەسانی یارسانی لە ئیسلام ئابادو دالاهۆ، لەو بیرکردنەوەو ڕوانینە دژەمرۆڤو کۆنەپەرستانەیەوە سەرچاوە دەگرێ کە تەنانەت مافی نارەزایەتیدەربڕین بەرامبەر بێمافیی ئاشکراوو زەقترین هەڵاواردنەکانیش بە یارسانییەکان، ڕەوا نابینێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، وێڕای پێداگرتنەوە لە سەر هەڵوێستی هەمیشەیی خۆی کە مەحکوومکردنی هەموو جۆرە هەڵاواردنێکی نەتەوەییو ئایینییە، شەپۆلی نوێی هێرشو سووکایەتی بۆ سەر هاوزمانانی یارسانی مەحکووم دەکا. ئێمە وێڕای ڕاگەیاندنی پشتیوانیی خۆمان لە نارەزایەتیدەربڕینی هێمنانەی یارسانییەکانو پێداگریمان لە سەر داوا ڕەواکانیان، داوا لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی پارێزگەکانی کرماشانو ئیلام دەکەین، وشیاری پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی بن. ئەوان هەتا ئێستا، بە هەموو پیکهاتە ئایینیو مەزهەبیەکانەوە پیکەوە ژیانێکی دوورلە گرژیوململانێی ئایینیو فیرقەییان هەبووە. لە هەلومەرجی ئێستاش‌دا نابێ ڕێگە بە دامودەزگا جۆراوجۆرەکانی کۆماری ئیسلامی بدەن بە ناوی دڵسۆزی بۆ ئایینی ئیسلامو بە سوود وەرگرتن لە جیاوازیی ئایینی لەم پارێزگایانە، کەلێن بخەنە ڕیزەکانی خەڵکو لە بەرامبەر یەکتردا ڕایان بگرن. بە ئەرکی هەموو پێکهاتە ئایینی، مەزهەبیو زاراوەییەکانی ئەو پارێزگایانەی دەزانین کە یەککگرتووانەو وێڕای پشتیوانی لە مافی ئینسانیی هەموو پێکهاتەکان، لەسەر داخوازە نەتەوەییەکانی خۆیان پێ دابگرنو نەهێڵن ڕێژیم بەنانەوەی ئاژاوە، ناکۆکی و تەفرەقە بخاتە ڕیزەکانیان. لە دڵسۆزانی حیزبی دیموکراتی کوردستانو داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ لە کوردستان و دەرەوەی وڵاتیش، داواکارین پشتیوانی هەموو جۆرە چالاکیو حەرەکەتێکی مەدەنی بۆ بەئاکام گەیاندنی داخوازە ڕەواکانی هاونیشتمانانی یارسانی بن.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٠١٦/٣/٤**
**١٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٤**

## سووکایەتی کردن بە دوایین جەمخانەی یارسانییەکان لە پارێزگای کرماشان



دوایین جەمخانەی ڕێڕەوانی ئایینی یاری "ئەهلی حەق" لە شائاباد کەوتە بەر پەلاماری کۆمەڵێکی یەکجار زۆر لە توندڕەوە ئاینییەکان.

بەپێی ڕاپۆرتی هێرانا ڕۆژی ٨ی ڕەشەممە، چەندسەد کەس کە خۆیان بە شیعەکانی پیڕەوی ویلایەت ناو بردوە، هێرشیان کردە سەر جەمخانەی یارسانییەکان لە شاری شائاباد لە پارێزگای کرماشانو شووشە و پەنجەرەکانی ئەم پەرستگەیان وەبەر دار و بەرد داوەو زیانێکی زۆریان بەو شوێنە گەیاندووە.

لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە کە پەلاماردەرەکان لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە و مەئموورەکانی پۆلیسەوە پشتیوانیان لێ دەکرا و بە گوتنەوەی دروشمی جۆراوجۆت بەدژی یارسانی‌یەکان، هاواریان دەکرد کە "دەبێ ئەم تاقمە گومڕایە لەنێو بچێ."

هاوکات لەگەڵ پەلاماردرانی پەرستگەی شائاباد، ئەم هاووڵاتییە یارسانییانەش کە نارەزایەتییان دەردەبڕی دەکەوتنە بەر لێدانو کوتانی پەلاماردەرانو بە خراپترین شێوە بەرپەرچیان دەدانەوە.

بەوتەی شایەتحاڵەکان، ئەم کەسانە ئازادانەو بە بەربڵاوی لە نێو شاردا دەسووڕانەوەو بە ئیشتیای خۆیان سووکایەتییان بە یارسانییەکان دەکرد.

تا بەر لە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ لە ئێران، کۆمەڵێکی زۆر لە یارسانییەکان دانیشتووی شاری شائاباد بوون، بەڵام پاش هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامیو دەسپێکردنی زەبروزەنگی سیستماتیکی کۆماری ئیسلامی، ژمارەیەکی زۆر لەوان بە ناچاری ئەم ناوچەیان چۆڵ کردو بەرەو باشووری کوردستان کۆچیان کرد. هەروەها زۆربەی پەرستگەکانی یارسانی‌یەکانی ئەم شارەش لە لایەن دەستوپێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە خاپوور کران.

هێزەکانی سەر بە ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم هەروەها بە دروستکردنی سمێڵی دەسکردو دەمەلاسکەی یارسانەکان سووکایەتییان پێکردوون.

شایانی باسە دوو ساڵ لەوە پێش لە ماوەی چەند مانگدا ٣ کەس لە پیڕەوانی ئایینی یارسان بە ناوەکانی حەسەن ڕەزەوی، نیکمەرد تاهیری و محەممەد قەنبەری بۆ نارەزایەتی دەربڕین بە نیسبەت هەڵاواردن و هەڵسوکەوتی پڕ لە سووکایەتی لە بەرامبەر ئەم کەمینە ئایینییەدا، خۆیان سووتاند، ئەم ڕووداوە پاش ئەوە بوو کە لە زیندانی هەمەدان بە زۆر سمێڵی زیندانییەکی یارسانیان تاشی، ئەم هەوڵەش سووکایەتییەکە کە بە دابو دەستووری پیڕەوانی ئەم ئایینە کراوە.

ئەهلی حەق یا یارسان، ئایینێکە بە ڕێوڕەسمی عیرفانیی تایبەتەوە کە حەشیمەتییان لە ئێران نزیکەی ٢ میلیۆن کەس بەراورد کراوەو زۆربەیان لە کوردستان و باکووری ڕۆژاوای ئێران نیشتەجێ بوون.

## نوێنەری حیزب لە سویس بەشداری کۆبوونەوەیەکی چەند حیزبو ڕێکخراوی کوردی لەو وڵاتە بوو



لە سەر بانگهێشتی هاک پار، "پارتی مافو ئازادییەکان"ی باکووری کوردستان چەند حیزبو ڕێکخراوی کوردستانیو نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وڵاتی سویس، کۆبوونەوە.

ئەو کۆبوونەوەیە ڕۆژی سێشەممە، ٤ی ڕەشەممەو بە مەبەستی پێکهێنانی کۆدەنگی لە نێوان حیزبو ڕێکخراوەکان‌داو بۆ باشتر بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی پەیوەندیدار بە پرسی کوردو ئەرکی حیزبو لایەنەکان لە دەرەوەی وڵات پێکهاتبوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا کەمال بورکای، کەسایەتی ناسراوی کوردی باکووری کوردستان لەسەر پێویستیی یەکڕیزیو یەکگرتوویی حیزبو ڕێکخراوەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان، بارودۆخی ئاڵۆزی ناوچەی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەت کێشەی ڕێکخراوی تێرۆریستی داعش قسەی کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەی دانیشتنەکەدا دکتور فەوزی قەدری، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سویس کۆدەنگی حیزبە کوردستانییەکانو گەلی کوردستانی، بە زامنی سەرکەوتنی دۆزی کوردو، مانەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان زانی.

پاشان ڕەحمەت ئیبراهیمیان، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو کۆبوونەوەیەدا، باسێکی لە بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردسان کرد.

کاک ڕەحمەت ئیبراهیمیان گوتی: کۆنگرەی حیزبەکەمان بە ئاوڕدانەوە لە خەباتی ٧٠ ساڵەی حیزبمانو ئەزموون وەرگرتن لەو مێژووە پڕ هەوراز و نشێوە، هەوڵی دا سیاسەتو ستراتیژی داهاتووی حیزبمان لە ئاڕاستەی گوتاری نەتەوەییو یەکڕیزی و تەبایی چینو توێژەکانی گەلەکەمانو حیزب و ڕێکخراوە پێشڕەوەکانی دا دابڕێژێتەوەو درێژە بە سیاسەتی تەباییو یەکخستنی نێوماڵی کورد بدا.

لە کۆتایی ئەو کۆبوونەوەیە دا هەموو حیزبو ڕێکخراوە بەشدارەکان کۆک و هاوڕا بوو لە سەر پێکهێنانی کومیتەیەکی هاوبەش بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانی پەیوەندیدار بە دۆزی کوردو پەیوەندی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە سویسییەکانو ڕاپەڕاندنی کاروباری دیپلۆماسی کورد.

شایانی باسە ئەو حیزبو ڕێکخراوانەی لەم کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوون، بریتی بوون لە: هاک پار، پارتی مافو ئازادییەکانی باکووری کوردستان؛ نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سویس، حیزبی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان ، پارتی دێموکراتی کوردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو پارتی دێمۆکراتی کوردستانی سوریە.

## هەیئەتێکی کۆمیتەی سویسی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ ئیدارەی پەنابەرانی سویس کۆبۆوە



دوای ڕاگەیاندنی ئاکامی رفراندۆمی قانوونی دژە پەنابەری لە سویس کە بە قازنجی پەنابەران کۆتایی پێ‌هات، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەڵ ئیدارەی کاروو باری پەنابەران کۆبۆوە.

ڕۆژی چوارشەممە، ٢ مارس هەیئەتکی کۆمیتەی سویسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی زاهید شاعیری، بەرپرسی کۆمیتە بە مەبەستی تاوتوێکردنی هەلومەرجی ئێستای ئێران لەگەڵ هەیئەتێکی بەرپرس لە کاروباری پەنابەری تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆبوونەوە.

لەم دانیشتنەدا هەیئەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هاوکات لەگەڵ خستنەڕووی کۆمەڵێک بەڵگەو دێکۆمێنت لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران بە گشتیو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی، باسی لە مێژووی خەباتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بۆ دەستەبەری مافە ئینسانییەکانو خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی کردو باس لەو مێتۆدانەی خەباتی حیزبی دێموکڕات کرا کە هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی ویستوویەتی لە ڕێگای ئاشتیو وتوووێژەوە مافەکانی کورد دابین بکا؛ بەڵام وڵامی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ داوا سیاسیو نەتەوەییەکانی گەلی کورد کوشتن، زیندان، ترۆر، ئێعدامو میلیتاریزەکردنی کوردستان بووە.

بەرپرسی کۆمیتەی سویسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو دیدارەدا پێداگریی لەسەر ئەوە کرد کە ئیدارەی پەنابەری سویسو زۆربەی وڵاتەکانی خانەخوێی پەنابەران لەگەڵ هەر گۆڕانکاریەکی فریوکارانە لە هەرکام لە پێکهاتەکانی ئەم ڕێژیمە هەوڵ دەدەن لە گرنگی مافی پەناخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەم کەنەوەو، شاندی حیزبی دێموکرات بە هێنانەوەی کۆمەڵێک بەڵگەو دێکۆمێنت ڕەخنەی لەو بۆچوونەی ئەوان گرتو بە هەڵەی زانی.

لەم دانیشتنەدا هەروەها باس لە بارودۆخی کەمینە ئایینی‌یەکان بە تایبەت " یارسان"ەکان کراو، باس لە چالاکی‌یەکانی حیزب لەم دواییانەدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو دۆخی چین و توێژە جیاوازەکانی کوردستانو یەک لەوان کاسبکارانو کۆڵبەرانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان چەند تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەو دیدارە بوون.

لەو دیدارەدا بەرپرسانی ئیدارەی پەنابەریش کۆمەڵێک پرسیاریان ڕوو بە شاندی حیزب هێنایە بەر باس کە وڵامی پێویستیان پێ‌درانەوە.

## کۆڕی فێرکاریو فەرهەنگیی ئەدەب بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک کۆڕێکی گرت



کۆڕی فێرکاریو فەرهەنگیی ئەدەب لە شاری بۆکان بەبۆنەی ٢ ی ڕەشەممە، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک کۆڕیادێکی بەڕێوەبرد.

لەو ڕێورەسمەدا کە ڕۆژی چوارشەممە، ٥ی ڕەشەممە بەبەشداریی دەیان کەس لە ئەدیبانو هۆگرانی ئەدەبو زمانی کوردی بەڕێوەچوو، ڕێز لە ڕۆژی زمانی زگماکو هەروەها یادو بیرەوەریی مامۆستا هەژار، زمانناسی گەورەی کورد نرا.

لەو کۆڕە ئەدەبی‌یەدا کەلایەن سەید یاسین قوڕەیشی بەڕێوە دەبرا، مستەفا ئیلخانیزادە، حوسێن شێربەگیو خالید عەسکەری لەسەر گرینگیی خوێندنو پەروەردە بە زمانی دایکیو چەند بابەتێکی پێوەندیدار بە زمانی کوردی وتاریان پێشکێش کرد.

خوێندنەوەی شێعرو پەخشان لەلایەن هادی قەدیمی، سەیدزادە قاقان، خاتوون ڕووپاک، فەوزیە سوڵتانبەگی، سووسەن حەسەن‌زادە، ئامینە چاک، سەید تەها حوسێنی، ڕەحمان جەوانو حوسێن گلۆڵانی چەند بڕگەی دیکەی ئەو کۆڕیادە بوون.

ئەو کۆڕە ئەدەبی‌یە بە کردنەوەی پیشانگای کاریکاتۆری برایانی قوڕەیشیو حەیرانی عەلی فروتەم بە شمشالی خالید عینایەتی درێژەی پێ‌دراو لە کۆتایی‌دا خەڵاتی ڕێزلێنانی کۆڕی فێرکاریو فەرهەنگیی ئەدەب پێشکێش بە چەند مامۆستای خولەکانی زمانی کوردی، ڕەحمان جەوان، سووسەن حەسەن‌زادەو فەوزییە سوڵتانبەگی کرا.

کوردستان
ژمارە:٦٧٥ • ڕۆژنامەی

سیاسی

# پێشێل کردنی مافی کەمینە نەتەوەو ئایینی‌یەکان لەژێر ناوی قانوون



عومەر باڵەکی

مەسەلەی مافی کەمینە نەتەوە و ئایینی‌یەکان لە وڵاتانی جۆراوجۆردا هەمووکات جێگای سەرنج و تێڕوانینی ڕێکخراوە جیهانی و ناوچەییەکانی پارێزگاری لە مافی مرۆڤ بووە، چوونکە ئەو وڵاتانەی کە لە نەتەوە و ئایین و ئایینزای جیاواز پێک هاتوون کۆمەڵێک کێشەو گیر وگرفتی سیاسی و کلتووری و تەنانەت ئابووریش لە نێو خۆیاندا لێ دەکەوێتەوە، بەتایبەتی لە سەردەمی ئێستادا سنوورە جوگرافیاییەکان بەهۆی تێک چرژاوی ئابووری وپەرە ئەستاندنی زانست و تەکنولۆژی کۆچ و کۆچبەری زۆر کاریگەرییان نیە لە سەر نەتەوە و ئایینەکان، بەڵکوو ڕۆژ بەڕۆژ ئەو نەتەوە و ئایینانە ناچار دەبن لە نزیک یەکتری بژین و بەرژەوەندیەکانی یەکتریش بپارێزن و لە سەر ئەو خوێندنەوەیە ڕەچاو کردنی مافی مرۆڤ بۆتە ئەرکێکی هەمە لایەنە و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە سەدەی ٢١ دا بە خۆیەوە سەرقاڵ کردوە.

پێکهاتەی زۆربەی وڵاتانی دنیا سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن کە زۆرینە و کەمینە هەیە، بەو مانایەی کە وڵاتێک زۆرینەیەکی تێدا دەژی کە مێژوو و زمان و فەرهەنگ و ئایین و مەزهەبی هاوبەشیان هەیە، بەڵام کەمینەش هەیە کە تایبەتمەندی نەتەوەیی و ئایینی هەیە و لێرەدایە کە سیستمی سیاسی و دەسەڵاتداری وڵاتان بە پێی ڕێ و شوێن و پەیماننامە و ڕێکەوتنە نێو دەوڵەتییەکان لە سەریانە چۆن لە کۆمەڵگای خۆیاندا مافی زۆرینە لە بواری جۆراو جۆرەوە دەپارێزن، هەر ئاواش پێویستە مافی کەمینەکان بپارێزن. بەڵام هەندێک لە دەوڵەتان سەرەڕای ئەوەی لە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی دا بەشدارن و ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن، ڕەچاوی پاراستنی مافی کەمینە نەتەوە و ئایینی‌یەکان ناکەن و هەوڵ دەدەن بۆ ئەو پێشێلکاریانەی مافی مرۆڤ پاساو بە یاسا نێوخۆییەکانی خۆیان بهێننەوە و ئەوە لە کاتێک دایە کە ئەندام بوون لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان یان پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان ئەرک دەخاتە سەرشانی ئەو دەوڵەتانە بۆ پاراستنی مافی کەمینەکان.

یەکێک لەو دەوڵەتانەی کە بە ئاشکرا پێشێلکاری مافی مرۆڤ و مافی کەمینەکان دەکات کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە لە نوێترین پێشێلکاری دا مافی شارۆمەندی ئایینی یارسانەکانی پێشێل کردووە. یارسانەکان ئەگەر لە بواری ئایینی‌یەوە جیاوازیان هەبێ بەڵام لە بواری نەتەوەییەوە کوردن و نیشتەجێی سەرخاکی باب و باپیرانی خۆیانن کەوایە ئەومافەیان هەیە کە بڕیاردەربن لەسەر هەربابەتێکە پێوەندی هەبێ بە چارەنووسی خۆیان و نەتەوەکەیان و لە لایەکی دیکەوە لەو جوگرافیا سیاسیە دەژین کە بە ئێران ناسراوە و زۆر سروشتییە دەبێ لە مافی شارۆمەندی ئەو وڵاتە وەک هەموو شارۆمەندەکانی دیکەی ئێران سوودمەندبن، بەڵام دەبینین کە هەم بە حوکمی ئایینی و هەم بە حوکمی نەتەوەیی بە میلیونان کەس لەو مافانە بێ بەشن کە مافی سروشتی و بێ ئەملاولای هەر مرۆڤێکە لە هەر کۆمەڵگایەک دا بژی.

کاتێکە یارسانێک مافی ئەوەی پێ دەدرێت کە بچێتە سەر سەندۆقی دەنگدان دەبێ مافی ئەوەشی هەبێ کە چۆنی پێ باش بوو ئاوا دەنگ بدا و لەوەش گرنگ تر ئەوەیە کە مادام مافی دەنگدانی هەیە دەبێ مافی دەنگ وەرگرتنیشی هەبێت واتە دەبێ ئەو مافەی هەبێ کە خۆی بەر بژێر بکا بۆ هەر پۆستێکی ئیداری و لەشکری کە هاووڵاتیەکی دیکە بۆی بەربژێر دەبێ.



لەو کاتەوە کۆماری ئیسلامی وەکوو سیستمی بەڕێوەبەری وڵات دەسەڵاتی بەڕێوەبەری و سیاسی ئێرانی خستوتە ژێر ڕکێفی خۆی، هەوڵی داوە سیاسەتی ڕەزاخانی لە پێوەندی لەگەڵ گەلانی ئێران درێژە بدا، بەڵام ئەوجارەیان لەژێر ناوی «امت اسلام» هەر بۆیە لە دارشتنی یاسای بنەڕەتی ئێراندا ئەو ئامانجە بە تەواوەتی ڕەچاو کراوە ولە سەر ئەو بنەمایە دارێژراوە و هیچ ڕووناکی و ڕۆچنەیەکی نە هێشتۆتەوە بۆ ئەوەی کەمینە نەتەوە و ئایینیەکانی پێک هێنەری ئێران خۆیانی تێدا ببیننەوە و بە یاسا کەڵک لە مافە سیاسی و فەرهەنگیەکانی خۆیان لە ڕاستای بەرژەوەندی خۆیان و ئاوەدانی ناوچەو شارەکانیان وەربگرن.

ئەگەر چاوێک بە یاسای بنەڕەتی ئێراندا بخشێنین ئەو ڕاستیەمان بە تەواوەتی بۆ دەردەکەوێت کە کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای بە یاسایی کردنی کۆمەڵێک بنەماو بەرژەوەندی خۆی بە تەواوی ڕێگری دەکا لە پاراستنی مافی کەمینەکان.

یاسای بنەڕەتی ئێران لە ئەسلی٤دا دەڵێ « هەموو یاسا و ڕێوشوێنەکانی (مدنی، جزائی، مالی، اقتصادی، اداری، فرهنگی، نظامی، سیاسی و...)، دەبێ لەسەر بنەماکانی ڕێوشوێنی ئیسلامی بێت. ئەو ئەسلە بەسەر هەمو بنەماکانی دیکەی یاسای بنەڕتی و ڕێوشوێنە یاساییەکانی دیکەی ئێران دا زاڵە و هەڵسەنگاندنی ئەو کارە لە ئەستۆی شوورای نیگابانە و لە ئەسلی ١٢دا دەڵێ» ئایینی فەرمی ئێران ئیسلام و مەزهەبی جەعفەری ١٢ ئیمامی یە».

ئەگەر تەنیا ئەو دوو ئەسلە لە یاسای بنەڕەتی ئێران بە بنەمای یاساکانی دیکەی ئێران وەربگرین دەبینین کە بەشێکی بەرچاو لە پێکهاتەی ئێران چ نەتەوەیی و چ ئایینی لە مافەکانیان بێبەش دەبن بە تایبەتی ئەو مافانەی کە پێوەندییان هەیە بە بەڕێوەبەری وڵاتەوە وەکوو» هەڵبژاردن و هەڵبژێران». چوونکە ئەو دوو ئەسلە ئەوەمان پێ دەڵێن کە تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن لە بەڕێوەبەری وڵات دا بەشدار بن یا بچنە ژێر چەتر و پارێزگاری یاسا کە دەبێ پێڕەوی ئایینی ئیسلام بن و لە هەمان کات دا پێڕەوی مەزهەبی جەعفەری ١٢ئیمامی بن، واتە پێڕەوانی ئایینی ئیسلام کە مەزهەبی سوننەیان هەیە و ئایینەکانی وەک کەلیمی و جوولەکە و زەڕدەشتی کە لە قانوونی بنەرەتی ئێراندا دا ناویان هاتووە لەو مافانە بێ بەشن کە پێڕوانی شیعەی ١٢ ئیمامی سوودی لێ وەردەگرن.

بە واتایەکی دیکە پێکهاتەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای باوەڕبوون بە مەزهەبی شیعەی ١٢ئیمامی دامەزراوە و هەر جۆرە چالاکی پەرەپێدانی مەزهەب و ئایینەکانی دیکە بە نیشانەی دژایەتی لەگەڵ شیعە «واتە مەزهەبی فەرمی وڵات بە پێی یاسای بنەڕەتی» دادەنرێ و بە پێی مادەی ٥ لە یاسای سزادانی ئیسلامی ئێران ئەوە بەتاوان دەژمێردرێ و تاوانی لەو بابەتەش حوکمی زیندانی و تەنانەت لەنێوبردنیشی بە دواوە دەبێت، هەروەک هەتا ئێستا شاهێدی ئەوە بووین کە چۆن لەگەڵ « بەهایی‌یەکان، دەروێشەکان، یارسان و سوننی‌یەکان» هەڵسوکەوت کراوە و بە بیانووی بێ مانا و دوورلە هەر یاساو ڕێسایەک چالاکانی ئەو ئایین و مەزهەبانە تووشی گیران و ئەزیەت و ئازار بوون.

لە کۆتایی دا دەتوانین ئەوە بڵێین کە کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای یاسای بنەڕەتیەوە هەڵاواردنی کردۆتە بنەمایەکی یاسایی و بە شێوەیەکی بێوچان و بەردەوام ڕۆژانە لەسەر تاک تاکی کۆمەڵگای کەمینە نەتەوەیی و ئایینی‌یەکان لە ئێران بەڕێوە دەبرێ و لە ئاکام دا هەلومەرجی هەڵاواردنی کەمینە نەتەوە و ئایینی‌یەکان کە یاسایی دەبێ، فەرهەنگی توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە، لەلایەک دەوڵەت بە پشت بەستن بە یاسا، ویستەکانی خۆی بەسەر تاکی کەمینەدا دەسەپێنێ و لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵگای کەمینە نەتەوەیی و ئایینی‌یەکان دژکردەوە لە خۆیان نیشان دەدەن و ئەوە دەبێتە هۆکارێک بۆ گەشە کردنی فەرهەنگی توندوتیژی.

سیاسی

# ڕاکردنی مێشکەکان و خەسارە قەرەبوونەکراوەکان

ڕەوەز

لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا و لە پاش شەڕی نێوخۆیی لە سووریە و ئاوارەبوونی میلیۆنان کەس لە خەڵکی ئەو وڵاتە و کۆچی بەکۆمەڵ بەرەو ئوروووپا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی، زۆر کەس لە خەڵکی ئێران و بەتایبەت دەرچووانی زانکۆ ولاوە خوێندکارەکان ڕەگەڵ ئەو کۆچە کەوتوون و بۆ ڕاکردن لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و دابین‌کردنی دوا ڕۆژێکی ڕووناک و بەدوور لە زەبروزەنگی سەرکوتکەرانەی ڕێژیم، بەرەو چارەنووسێکی پڕمەترسی دەڕۆن. ئەو دیاردەیە کە دەکرێ لەخانەی دیاردەی ڕاکردنی مێشکەکان‌دا پێناسە بکرێ، لەگەڵ ئەوەی بەداخەوە زۆر خەسارەتی گیانی و ماڵیی لێ‌کەوتۆتەوە، بێ‌گومان لە هەموو بوارەکان‌دا کاریگەری لەسەر کۆمەڵگای ئێران دادەنێ.

هەرچەند لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتییش‌دا دیاردەی کۆچ بەرەو وڵاتانی پێشکەوتوو بەدی دەکرا و زۆر کەس، بەتایبەت هەڵسووڕاو و تێکۆشەرە سیاسی‌یەکان ناچار دەبوون ڕوو لە هەندەران بکەن، بەڵام ڕاکردنی مێشکەکان لەئێران، بەو چەشنە بەربڵاوە، دیاردەیەکە کە لەگەڵ هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و بەلارێدابردنی شۆڕشی گەلانی ئێران لەلایەن ئەم ڕێژیمەوە بەوشێوەیە دەستی پێ‌کردوە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەرەو زیاتربوون ڕۆیشتوە.

لە دوای شۆڕش و بەتایبەت لەڕەوتی بەناو «شۆڕشی فەرهەنگی» و داخرانی دەرگای زانکۆ و زانستگاکان‌دا، بەهەزاران خوێندکارو مامۆستای زانکۆکان، بەناچاری و تەنانەت لەترسی گیران و ئەشکەنجە و زیندان، ڕوویان لەدەرەوی وڵات کرد و خۆیان گەیاندە وڵاتانی ڕۆژئاوایی. هەروەها لەماوەی ٨ساڵ شەڕی بێ‌ئاکام وماڵوێرانکەری نێوان ئێران و عێراق‌دا سەدان هەزار کەس لە لاوان و خوێندکارانی ئێرانی بەرەوهەندەران کۆچیان کرد. لەبەرانبەر ئەو کۆچ و ڕاکردنەدا کە بە «ڕاکردنی مێشکەکان» ناوی دەرکرد، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی نەک هەر پلان و بەرنامەیەکیان بۆ بەرگری‌کردن لەو دیاردەیە نەبوو، بەڵکوو دامەزرێنەری ئەو ڕێژیمە، خومەینی، لەبەر چاوی کامێراکان بەڕاشکاوی گوتی: هەر دەڵێن مێشکەکان خەریکن ڕادەکەن، بەجەهەنەم کە ڕادەکەن. ئەو زانکۆدیتوانە، ئەوانەی کە باس لە زانست و شارستانییەت دەکەن، لێیان‌گەڕێن بابڕۆن، ئێمە عیلم و زانینی ڕۆژئاوامان ناوێ، ئەگەر ئێوەش دەزانن کە ئێرە جێگای ئێوە نیە، ڕابکەن و ڕێگا کراوەیە.

دیارە لەپاش ساڵەکانی شەڕی ٨ ساڵەش کۆچی لاوەکان و ڕاکردنی مێشکەکان هەر بەردەوام بووە. بەپێی ئاماری سندووقی نێودەوڵەتیی دراو، هەرئێستا زیاترلە ٢٥٠ هەزار ئەندازیار و دوکتۆر و هەروەها زیاتر لە ١٧٠ هەزار ئێرانی کە قۆناخەکانی خوێندنی بەرزیان تەواو کردوە، لە ئەمریکا دەژین. هەرئەو ڕێکخراوە دەڵێ ڕێژەی ڕاکردنی مێشکەکان لە ئێران لە نێو وڵاتانی گەشەنەکردووی جیهان‌دا لە سەرووی هەموانەوەیە.

لە پاش سەرکوتی نارەزایەتی‌یەکانی هەڵبژاردنی دەورەی دەیەمی سەرۆک‌کۆماری و پاڵاوتنی زانکۆکان و دەرکردنی سەدان خوێندکار و مامۆستای زانکۆ لەژێر ناوی بەرگری لە دزەکردنی بیر و بۆچوون و ئەندێشەی لیبراڵی و سیکۆلار و ڕۆژئاوایی، شەپۆلێکی بە تەوژمی ڕاکردنی مێشکەکان سەری هەڵدایەوە. بەپێی ئامارەکانی مەجلیسی شوورای ڕێژیم، لەساڵی ١٣٨٩دا زیاتر لە ٦٠ هەزارکەس ڕوویان لە هەندەران کردوە کە زۆربەیان لاوەکان و لەناویشیان‌دا خوێندکاران و ئەو کەسانە بوون کە لە کۆنکووری زانکۆدا سەرکەوتوو بوون و لە ئۆلەمپیادەکان‌دا سەرکەوتنی بەرچاو وباشیان وەدەست هێناوە.

ڕاکردنی مێشکەکان، قەیرانێکە کە زەرەرو زیانێکی لەڕادەبەدەری بە گەشەکردنی هەمەلایەنەی کۆمەڵگەی ئێران گەیاندوە. هەرکام لەولاوە خوێندکارانە کە ڕادەکەن، بە هەزینەی گشتیی وڵات بەو قۆناخە لە زانست گەیشتوون و لەڕاستی‌دا سەرمایە و سامانی ئەو وڵاتەن و دەیان‌توانی لە گەشەکردن و بەرەوپێش‌بردنی بوارە ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی‌یەکان‌دا شوێندانەر بن. بەڵام بەداخەوە هەروەک دەبینین لەبەر زۆر هۆکار کە لەڕاستی‌دا بەشی هەرەزۆریان ئاکامی سیاسەتی نامەسئوولانەی کاربەدەستانی ڕێژیمن، ئێران بەجێ‌دێڵن و ڕوو لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەکەن. ئەوەی لەوبەینەدا زەرەرمەندی سەرەکی‌یە کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانن و ئەوەی خێر لەو ڕەوتە دەبینێ، وڵاتانی ڕۆژئاوایین کە بەبێ هەزینەکردنی سەرمایە و پێگەیاندنی ئەو لاوانە، سوود لە زانست و هێزی کاریان وەردەگرن.

جگە لە بارودۆخی نالەباری ئابووری لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و جیاوازیی داهات و پێوەرەکانی ژیان لە ئێران لە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی‌دا کە خۆی هاندەرێکی سەرەکی‌یە بۆ ڕاکردنی مێشکەکان، چەند هۆکارێکی دیکەش بۆ پەرەسەندنی ئەو ڕەوتە هەن کە دەکرێ بە کورتی بێنە بەر باس.

نەبوونی ئازادی و دیمۆکراسی بەگشتی و بەتایبەتی ئازادی‌یە تاکەکەسی‌یەکان و دەست‌تێوەردانی سەرکوتکەرانە و حورمەت‌شکێنانەی دەستەوتاقمە فەرمی و نافەرمی‌یەکانی ڕێژیم لە ژیانی تایبەتی و شێوەی جل وبەرگ و هەڵسوکەوتی خوێندکاران لە زانکۆکان‌دا؛ دابەزین و ئاست‌نزمیی خوێندن لە زانکۆکانی ئێران، بەتایبەت لەپاش وەدەرنان و خانەنشین‌کردنی مامۆستا پایەبەرزەکان و هێنانەسەرکاری کەسانی ناشارەزا و سەربە ڕێژیم لە جێگەی ئەوان؛ نائومێدیی خوێندکاران لەداهاتوویان و نەبوونی هەلی کارکردن لەپاش کۆتایی خوێندن و قۆرغ‌کرانی دامەزراندن و کارە دەوڵەتی‌یەکان لەلایەن دەست‌وپێوەندەکانی ڕێژیمەوە؛ ڕوانگەی دینی و مەزهەبیی زاڵ بەسەر خوێندن و زانستە گشتی‌یەکان‌دا و بەتایبەت زانستە مرۆیی‌یەکان و زۆر هۆکاری دیکە، پاڵنەرێک بوون بۆ دیاردەی ڕاکردنی مێشکەکان و بەفیرۆ چوونی سەرمایەکانی ماددی و مەعنەوی کۆمەڵگای بەڵالێدراوی ئێران.

زۆر بەداخەوە هەروەک لەماوەی دەسەڵاتداریی ئەو ڕێژیمە دژی گەلی‌یەدا دەرکەوتوە، دیاردەی ڕاکردنی مێشکەکان و هێزە لێزان و پسپۆڕەکان و بەگشتی لاوەکان، هەربەردەوام دەبێ و سروشتی‌یە کە تەمەنی ئەو دیاردەیە بەسراوەتەوە بە تەمەنی کۆماری ئیسلامی.

سیاسی

# ژن و ژان!

## لە پەڕاوێزی ڕۆژی جیهانی ژنان



**ڕەزا محەممەدئەمینی**

ڕۆژی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنانە و لەو ڕۆژەدا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان‌دا ڕێز لەخەباتی ژنان بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادی‌یەکانیان دەگیرێ. ئەو خەباتە لە ماوەی نیزیک بە ٢٠٠ ساڵی ڕابردووەوە هەتا ئەمڕۆ زۆر قۆناغی بڕیون و زۆر دەسکەوتی بەنرخیشی بۆ ژنان دابین کردوون. بەوحاڵەش کات و شێوەکانی خەباتی ژنان و ئەو پێشکەوتنانە کە ژنان وەدەستیان هێناون، بەپێی وڵات

> **هەڵاواردن و چەوساندنەوە و توندوتیژی لەدژی ژنان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا جگە لە شێوە گشتگیرەکانی باو لە وڵاتە دواکەوتووەکان‌دا، تاڕادەیەکی زۆر زیرەکانەش و لەژێر ناوی مافی ژنان لە چوارچێوەی ئیسلامدا بەڕێوە دەچێ**

و کۆمەڵگەکان جیاواز بوون و ناکرێ وەک یەک بەراوردیان بکەین. بۆ وێنە ئەو کاتەی ژنان لە ڕۆژاوا دەڕژانە سەر شەقامەکان و داوای هەقدەستی یەکسان لەگەڵ پیاوان بۆ کاری هاوشێوەیان دەکرد، یان پێیان لەسەر ٤٨ کاتژمێر کار لەهەفتەدا دادەگرت... و بەمجۆرە و بۆ دابین‌کردنی ماف و ئازادی‌یەکانی خۆیان تێ‌دەکۆشان، ژنان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەوپەڕی نەهامەتی و بێ‌دەرەتانی لە کۆمەڵگەیەکی دیکتاتۆرلێدراوی دواکەوتوودا دەژیان کە لەودا نەک هەر ژنان، بگرە پیاوانیش هیچ چەشنە ماف و ئازادی‌یەکیان نەبوو.

لە یەکەم ڕاگەیەندراوی مافی مرۆڤ‌دا کە لە دوای شۆڕشی مەزنی وڵاتی فەڕانسە لە ساڵی ١٧٨٩دا بڵاو کرایەوە و هەروەها دواتر لە ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافی مرۆڤ‌دا بەڕاشکاوی ئاماژە بەهەموو ماف و ئازادی‌یەکانی مرۆڤ، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕگەز ( مێیینە یان نێرینە)و سەرەڕای هەموو جیاوازی‌یەکانی دیکە (نەتەوەیی‌ـدینی...) کراوە. جگە لەوەش لە ساڵی ١٩٧٩دا کۆری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆنوانسیۆنی «لابردنی هەموو جۆرە ستەم و هەڵاواردنێکی ڕەگەزی بە دژی ژنان»ی کە لە ٢٦ خاڵ پێکهاتبوو پەسند کرد و دوو ساڵ دواتر ئەو کۆنوانسیۆنە بەکردەوە کراو ئێستا زۆربەی هەرەزۆری وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو ڕێککەوتننامەیەیان ئیمزا کردوەو پێویستە بە کردەوە جێ‌بەجێی بکەن.

لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان‌دا، زۆربەی هەرە زۆری ماف و ئازادی‌یەکانی ژنان ـ ئازادیی تاکەکەسی و ئازادی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان ـ لە قانوونە بنەڕەتی‌یەکان‌دا جێگیرکراون و ماف و ئازادیی ژنان لە هەموو بوارەکان‌دا بەکردەوە بۆتە نەریتێکی چەسپاو و لەلایەن کۆمەڵگاوە، بەتایبەت ڕەگەزی بەرانبەر، ڕێزی لێ‌دەگیرێ. لە بەرانبەردا لە وڵات و کۆمەڵگە دواکەوتووەکان‌دا دۆخی ژنان کەموزۆر بە پێچەوانەیە و ژنان وەک مرۆڤی پاشکۆ سەیر دەکرێن و لە زۆربەی هەرەزۆری ئەو ماف و ئازادی‌یانە کە لە ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافی مرۆڤ‌دا هاتوون بێ‌بەشن و لە دۆخێکی نالەباردا دەژین. ژنان لەو وڵاتانەدا لە هەموو ڕوویەکەوە لەگەڵ توندوتیژی بەرەوڕوون و تەنیا لەبەرئەوەی لەڕەگەری نێرینە نین، بەهەموو شێوەیەک دەچەوسێندرێنەوە و لەڕاستی‌دا ئەو کردەوەیە بۆتە فەرهەنگ و داب و نەریتێکی جێگرتوو کە لەزۆر حاڵەت‌دا ئەو چەشنە لە توند و تیژی چەوسانەوەیە پاساوی شەرعی و دینییشی بۆ دەهێنرێتەوە.

هەڵاواردن و چەوساندنەوە و توندوتیژی لەدژی ژنان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا جگە لە شێوە گشتگیرەکانی باو لە وڵاتە دواکەوتووەکان‌دا، تاڕادەیەکی زۆر زیرەکانەش و لەژێر ناوی مافی ژنان لە چوارچێوەی ئیسلامدا بەڕێوە دەچێ. یانی ئەگەر لێدان و ئەشکەنجە و دەسدرێژی و بەردباران و سوتاندن و ئەتککردن و کوشتوبڕی ژنان (توندو تیژیی ئاشکرا) وەک زۆربەی وڵاتە دراوسێ‌کانی ئێران زۆر باوە و ڕۆژ نیە هەواڵی لەم شێوانە بڵاو نەکرێتەوە؛ ئەگەر ژنان لەگەڵ تەریکخرانەوە و بێ‌بەشبوون لە خستنەڕووی تواناکانیان لە زۆر بواری کۆمەڵایەتی‌دا بەرەوڕوون و ناچار بە سەردانواندنی زۆرەملی لەلایەن ڕەگەزی نێرینە،ـ مێرد و مام و باوک و براـ وە دەکرێن و تەنانەت هاورەگەزەکانیشیان‌ـ پوور ودایک و خوشک و خەسووـ بە عەقلیەتێکی پیاوسالارانە هاندەری ئەو شێوە هەڵسووکەوتەن (توند و تیژیی شاراوە)؛ قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی کە بە شەریعەت پشتئەستوورن لە پێوەندی لە گەڵ ژنان‌دا لە زۆر بارەوە ( مافی جیابوونەوە، میرات، مافی بەخێوکردنی منداڵ، مافی دادوەری و تەنانەت مافی خوێندن و هەڵبژاردن و پۆشینی جل‌وبەرگ و...) لەگەڵ قانوونی

> **ژنان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا، هەرلەوکاتەدا کە دەبێ بۆ مافەکانی تایبەت بە خۆیان لە هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی‌دا تێ‌بکۆشن و ڕێژیم ناچار بە پاشەکشە بکەن، دەبێ باش بزانن نەمانی هەڵاواردنی ڕەگەزی و چەوسانەوە و دابین‌کردنی لانی کەمی مافەکانیان، بەستراوەتەوە بە سەقامگیرکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و بوونی ئازادی و دێمۆکراسی بەهەموو بەشەکانی‌ەوە**

سەردەم و عورف و مافەکانی باو لە جیهانی پێشکەوتوودا ناتەبان. هەر بۆیەش دەتوانین بڵێین کە هەڵاواردن و توندوتیژی لە کۆماری ئیسلامیی ئێران‌دا قانوونی کراوە و ئەوە قانوونە کە ڕێگەی بۆ ئەنجامی خۆش کردوە. تەنانەت لە»توندوتیژی ئاشکرا»ش‌دا وەک قەتڵی بەناو ناموسی و پارێزگاری لە «شەرەف» و تاوانی لەم چەشنە، تاوانبار سزا نادرێ، یان سزاکەی ئەوەندە سووکە کە نابێتە بەرگر لە ڕوودانی کوشتن و سووتاندنی ژنان بەو بیانوویە.

ئەگەر ژنان لە وڵاتە پێشکەوتووەکان‌دا توانیویانە بە بەشی هەرەزۆری ماف و ئازادی‌یەکانیان بگەن، ئەوە لە سایەی خەبات و تێکۆشانی خۆیان و حیزب و ڕێکخراوە سیاسی‌یە پێشکەوتوەکان و ڕێکخراوە مەدەنی‌یەکان و پارێزەرانی مافی مرۆڤ بۆ سەقامگیرکردنی کۆمەڵگای مەدەنی و دەستەبەرکردنی ئازادی و دێمۆکراسی‌دا بووە. بە واتایەکی دیکە هەرچەشنە ماف و ئازادی‌یەکی ژنان بەستراوەتەوە بە سەقامگیرکردنی ئەو چەمکانە و ناکرێ باس لە ماف و ئازادی‌یەکانی ژنان بکەین، بەڵام بەستێنی ئەو ماف و ئازادی‌یانەشی بۆ پێک نەهێنین. هەر بەو پێ‌یەش ژنان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا، هەرلەوکاتەدا کە دەبێ بۆ مافەکانی تایبەت بە خۆیان لە هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی‌دا تێ‌بکۆشن و ڕێژیم ناچار بە پاشەکشە بکەن، دەبێ باش بزانن نەمانی هەڵاواردنی ڕەگەزی و چەوسانەوە و دابین‌کردنی لانی کەمی مافەکانیان، بەستراوەتەوە بە سەقامگیرکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و بوونی ئازادی و دێمۆکراسی بەهەموو بەشەکانیەوە. چونکە ناکرێ لە کۆمەڵگەیەکی دیکتاتۆرلێدراودا کە قانوونیش دژی سەرەتایی‌ترین ماف و ئازادی‌یەکانی ژنان و تەنانەت پارێزەری ئەو سەرکوت و زەبرو زەنگ و توندوتیژی‌یەشە، بەبێ تێکشکاندنی دەزگای سەرکوت و زوڵم و زۆرداری، ژنان کۆت و زنجیری کۆیلەتی لە ملیان داڕنن.




---

سیاسی

# هەتا ماڵێ بیهەوێ لە مزگەوتێ حەرامە



**ئا: عەلی بداغی**

لە حاڵێکدا کە نیوەی حەشیمەتی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاری‌دا دەژین، کۆماری ئیسلامیی ئێران بڕی ٣٠ هەزار دۆلاری بۆ هەر بنەماڵەیەکی فەلەستینی بڕیوەتەوە کە ماڵەکەی بەدەستی ئیسڕائیل ڕووخابێ.

باڵوێزی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە لوبنان گوتی کە ئێران بە هەزاران دۆلار بۆ ئەو بنەماڵە فەلەستینی‌یانە دەنێرێ کە لەم دوایی‌یانەدا سەرپەرستەکانیان لە شەڕ لەگەڵ ئیسراییل کوژراون.

شەپۆلی هێرش بە چەقۆ، تەقەکردنو لێکدان لە نێوان فەلەستینی ئیسرائیلی‌یەکان‌دا ماوەی ٥ مانگە دەستی پێ‌کردوەتەوەو لەو ماوەیەدا زیاتر لە ١٦٠ فەلەستینیو ٢٦ ئیسراییلی کوژراون.

محەممەد فەتحعەلی، باڵوێزی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە وڵاتی لوبنان لە پرێس کۆنفرانسێک‌دا لە بیروت گوتی ئێران بڕیاری داوە بۆ بنەماڵەی هەر کوژراوێکی فەلەستینی بڕی ٧ هەزار دۆلار بنێرێ؛ هەروەها ٣٠ هەزار دۆلاریش بە هەر بنەماڵەیەک دەدا کە خانووەکەیان بەهۆی خۆمپارە یان بۆمبارانی ئیسرائیلەوە رووخاوە.

لەو نێوەدا بەڕێوەبەری هەرێمی خۆبەڕێوەبەریی فەلەستین ڕای‌گەیاندوە کە ئێران بە دانی پارە بە فەلەستینی‌یەکان بازرگانی بە ئێش و ئازاریانەوە دەکا.

تەشکیلاتی خۆبەڕێوەبەریی فەلەستین لە کاردانەوە بە بڕیاری ئێران لە هەمبەر دانی پارە بە بنەماڵەی ئەم فەلەستینیانەدا کە بە هۆی هێرش بۆ سەر ئیسرائیلی‌یەکان کوژراون، گوتی: ڕێبەریی فەلەستین دژی هەر چەشنە بازرگانی‌یەکی ئێران بە ئێش و ئازاری فەلەستینی‌یەکانهوەیە.

نەبیل ئەبوو رودەینە، وتەبێژی ناوەندی سەرکۆماریی فەلەستین گوتی ئەگەر ئێران ئەم بڕیارەی داوە بۆچی ئیدارەی خۆبەڕێوەبەریی فەلەستینی لێ ئاگادار نەکردۆتەوەو تا ئێستاش حکوومەتی قانوونیی فەلەستین ئاگای لەم باسە نەبووە.

رودەینە پێداگریی کردەوە کە ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستین « ساف» تەنیا نوێنەری ڕەواو قانوونیی فەلەستینەو دەورلێدانی ئەم ڕێکخراوە و بە هیندنەگرتنی بە باش نازانین.

ئەم کاربەدەستە پلەبەرزە ڕێک ئاماژەی بە گەیاندنی پارە بە بنەماڵەی ئەو فەلەستینی‌یانە کرد کە قەرارە لە ڕێگەی بزووتنەوەی حەماسەوە یارمەتی‌یان بدرێتێ.

ئێستا جیا لە سیاسەتی نانەوەی ئاژاوە لە نێوان دوو ڕێکخراوی سەرەکیی فەلەستین بە مەبەستی قازانجە سیاسی‌یەکانی خۆی، پرسیار ئەوەیە کۆماری ئیسلامی لە چ بارودۆخێکدا لە سامانی گشتیی وڵات ئەو تەخشانپەخشانە دەکا؟

ئەو بەخشینەی ناوەندە ئەمنیەتی‌یەکانی ئێران بە فەلستینی‌یەکانی حەماس لە حاڵێکدایە کە لەنێو سەرجەم ٦٣ میلیۆن کەس لە حەشیمەتی ئێران کە لە تەمەنی کارکردن‌دان، نزیکەی ٤٠ میلیۆنو ٢٠٠ هەزار کەس هیچ نەخشێکیان لە ئابووریی ئەم وڵاتەدا نیەو بێکارو بێ‌داهاتن. لەو نێوەدا ٣ میلیۆنو ٤٧٦ هەزار ژنی دەرچووی زانکۆ بە بڕوانامەی بەرزی خوێندنەوە لە سووچی ماڵەکان‌دا کابانی دەکەن.

هەروەها بە پێی دوایین ئاماری بێهزیستیی ئێران، ٢ ملیۆنو ٥٠٠ هەزار ژن لە ئێران سەرپەرستی ماڵو خێزانەکانیانن‌و، لەو کۆمەڵە ژنە تەنیا ١٨٠ هەزار کەس لە ژێر چاوەدێریی ڕێکخراوی بێهزیستی وڵات‌دان.

ئەو تەخشانپەخشانەی ڕێژیم لە حاڵێکدایە کە کوردستان، وەک بەشێک لە ئێران نوقمی دواکەوتن لە گەشەو ئاوەدانی‌یە. زیاتر لە ٢٠٠٠ پڕۆژەی ئابووری‌و ئاوەدانکردنەوە لە پارێزگای ورمێ بەهۆی تەرخان‌نەکردنی بودجە بە نیوەتەواوی بەرەڵڵا کراون. هەروەها ١٥٠٠ پڕۆژەی نیوەکارە لە پارێزگای سنە هەیە کە بۆ تەواوکردنیان پێویست بە تەرخانکردنی ٧ هەزار میلیارد تمەن بودجە هەیە.

یارمەتیدانی گرووپە تێرۆرسیتی‌یەکان لە حاڵێکدایە کە دوکتور سەید محەممەد ئەیازی، قایم‌مەقامی وەزیری بێهداشتی ئێران دەڵێ ٢٦٧ نەخۆشخانەی نیوەچڵیان بەسەر دەست‌دا ماوەتەوە، بەڵام پووڵیان نیەو بۆ تەواوکردنیان تەنیاو تەنیا چاویان لە دەستی خێرخوازانە.

جێگری وەزیری بێهداشت کە سەردانی پارێزگای کرماشانی کردوە، دەڵێ کە لە ئاستی ئێران‌دا کەمیی ١٠٠ هەزار تەختی نەخۆش بەدی دەکرێو بەپێی تواناکانی دەوڵەت دابینکردنی ئەم ئیمکاناتە بۆ نەخۆشخانەکان ٥٠ ساڵی کات پێویستە.

سەرۆکی ژووری بازرگانیی ئێرانیش دەڵێ بەپێی ئەو خەمڵاندنانەی کراون، بۆ گەشەی سەدی ٨ ی ئابووریی ئەو وڵاتە پێویست بە ٧٠٠ میلیارد دۆلار وەبەرهێنان هەیە.

هەر چەندڕۆژ لەوە پێش بوو کە گۆڤاری بیزینێس ئینسایدێر، لیستی ١٨ وڵاتی بەڵالێدراوی بڵاو کردەوەو ڕای‌گەیاند کە ئێران لە ڕیزی دەیەمی ئەم ڕیزبەندی‌یەدا جێی گرتوە؛ بۆیە پێویستە بڵێین هەتا ماڵ بیهەوێ لە مزگەوتێ حەرامە، بەڵام ئەوە قسەیەک نیە کە لەلایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی‌یە وەربگیرێ، چونکی ئەوان بەدووای بەرژەوەندی‌یە سیاسی‌یەکانی خۆیان‌دان و ئەوەی بیری لێ‌نەکەنەوە، خەڵکو کێشەو خەمەکانیانن.

سیاسی

# قۆناغی دووەمی هەڵبژاردنی پارڵمانی ئێران



ڕێبوار مەعرووفزادە

قۆناخی یەکەمی هەڵبژاردنی پارلمانی ئێران کۆتایی پێهات و بەپێی ئاکامەکانی قۆناخی یەکەم پارلمانی ئێران پارلمانێکی یەکدەست نیە-نە زۆرینەیەکی ڕیفورمخوازی هەیە و نە زۆرینەیەکی کۆنەپارێز. ڕیفورمخوان لە تاران سەرجەم کورسییەکانیان بەدەست هێنا و ئەمەش ئەوە دەردەخا کە توانای پارلمانتارانی ڕیفورمخواز لە کۆنەپارێزان زیاتر دەبێ. بۆ یەکەمجار کورد لە تاران کورسیی بەدەست هێنا و سێ کورد بەناوەکانی پەروانە مافی، فەریدە ئولاد قوباد و بێهرووز نیعمەتی لەسەر لیستی کوردەکانی تاران و لیستی ڕیفورمخوازان چوونە مەجلیس. کوردایەتیی ئەو سێ نوێنەرە تاکوو ئێستا خەست و بەرجەستە نەبووە، بەڵام کوردایەتی پرۆسەیە و کەس لەسەرەتای لەدایکبوونیەوە فێری کوردایەتی نەبووە. بە پێی سەرچاوە فەرمییەکانی ئێران زیاتر لە نیوەی خەڵک بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن بوون، بەڵام گرینگ ئەوەیە چ کەسانێک دەنگیان هێناوەتەوە.

بەرە دەبێ لە ئەرزی واقع‌دا بێ و بوێرانە شەقامی کوردی بکاتە پشتوانەی سەرەکیی سیاسەتەکانی خۆی. لە لایەکی دیکە سیاسەت باسی زانیاری یە- واتە دەبێ دەرد و گیروگرفتەکانی وڵات و ڕێگەچارەسەرەکانیان بزانێ

بە پێی ماڵپەری «مهر نیوز» لە ناوچەی شنۆ-نەغەدە، عەبدولکەریم حوسێن‌زادە زیاتر لە ٥٠٪ی دەنگەکانی بەدەست هێناوە و بە ٦١٩٧٢ وەک نوێنەری ئەو حەوزەیە هەڵبژێراوە. خاڵی جێگەی سەرنج ئەوە بوو کە زیاتر لە ٨٠٪ی خەڵک لە شاری شنۆ لە هەڵبژاردندا بەشدار بوون، بۆئەوەی لەو حەوزەیە نوێنەرێکی کورد بچێتە پارلمان. بەداخەوە کوردەکان لە شاری ورمێ لە دەوری یەکەم‌دا سەرکەوتوو نەبوون. نادر قاضی پور بە هێنانەوەی ٣٩٪ی دەنگەکان چووە پارلمان و چارەنووسی دوو کورسیی دیکە لە قۆناخی دووهەم‌دا دیاری دەکرێ. لە چوار کاندیدا کە لە قۆناخی دووهەم‌دا لە ورمێ ململانێ دەکەن، دوو کەسیان بەناوەکانی حاکم ممکان و مەجید دودکانلوی میلان کوردن. هەرچەنە هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیی‌دا پێوانەیەکی جێگەی متمانە نیە،چوونی دوو نوێنەری کورد لە شاری ورمێ بۆ باسکردن لە دێموگرافیی ئەو شارە گرنگیی تایبەتیی هەیە و شوێنەواری دەروونی، حقووقی، سیاسی و برۆکراتیکی ڕاستەوخۆ لەسەر دانیشتووانی کورد و تورکی ئەو شارە دادەنێ. شاری ورمێ لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە سەرجەم ٢٨ نوێنەری بۆ ٩ خولی پارلمانی ئێران ناردوە کە لەو ٢٨ کەسە، تەنیا سێ نوێنەر کوردبوون و ٢٥ نوێنەری دیکە لە تورکەکان بوون. واتە ڕێژەی بەشداریی کوردی ورمێ لە پارلمانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ەوە تاکوو ئێستا ١١٪ و بەشداریی تورکی ورمێ ٨٩٪ بووە. کورد پێویستە هەموو هەوڵی خۆی بدا تا لە قۆناخی دووەم‌دا نوێنەرانی کورد بنێرێتە مەجلیس و بۆ بەرەوپێشبردنی پێگەی کورد لەو شارە تێبکۆشێ.

لە قۆناخی یەکەمی هەڵبژاردنی دەورەی دەیەمی مەجلیس‌دا ٢٢١ کەس چوونە پارلمان و چارەنووسی ٦٩ کورسی لە قۆناخی دووەمی هەڵبژاردن‌دا دیاری دەکرێ. چارەنووسی سێ کورسی لە پارێزگای ئیلام، چارەنووسی کورسیی مەریوان لە پارێزگای سنە،چارەنووسی دوو کورسیی ورمێ و لە پارێزگای کرماشان-یش چارەنووسی سێ کورسی لە قۆناخی دووەم دیاری دەکرێ. کەوایە قۆناخی دووەم گرنگیی خۆی هەیە.

دۆڕاوی گەورەی ئەو هەڵبژاردنە چ ڕەوتێک بوو؟

دەتوانین بڵێین بەرەی یەکگرتووی کورد دۆڕاوی سەرەکیی ئەو هەڵبژاردنە بوو. چونکە هەرچەند ئەو ڕێکخراوە لە نێوخۆی وڵات دامەزراوە و لە نێوخۆی وڵات‌دایە، واتە مەیدانێکی واقیعی بۆ سیاسەت‌کردن لەبەر دەست دایە، نەی‌توانی بەشیوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئاکامەکانی ئەو هەڵبژاردنە دابنێ. بەرە لەو ساڵانەدا نەی‌توانیوە بە شێوەیەکی بەربڵاو ڕۆخساری تازە و گرووپی کۆمەڵایەتیی تازە- بەتایبەتی ژنان و خەڵکی ئاکادێمیک- بێنێتە نێو فەزای سیاسەت. هەروەها بەرە لەئاست دانانی سیاسەتێکی جەماوەریدا کەمتەرخەم بووە و نەی‌توانیوە ئەوەندە لەگەڵ دەرد و خەمەکانی خەڵک بێ کە ببێتە سووژەی میدیایی، ئەو بەرەیە زیاتر لەسەر سایت و فەزای مەجازی دەرکەوتوە. بە واتایەکی دیکە سیاسەتی بەرە پێگەکی کۆمەڵایەتی و جەماوەریی بەهێزی نەبووە. دەبێ بەرە لەوە تێبگا کە خەباتی مەدەنی مانای هەزینەنەدان و نەوێربوون نیە. وێنەیەکی ئەحمەد تورک قەت لە یادم ناچێ، کاتێک لە ڕیزی پێشەوەی خۆپێشاندان لووتی پڕ ببوو لە خوێن. بەرە دەبێ لە ئەرزی واقع‌دا بێ و بوێرانە شەقامی کوردی بکاتە پشتوانەی سەرەکیی سیاسەتەکانی خۆی.لە لایەکی دیکە سیاسەت باسی زانیاری یە- واتە دەبێ دەرد و گیروگرفتەکانی وڵات و ڕێگەچارەسەرەکانیان بزانێ. بەرە تاکوو ئێستا راپۆرتێکی لەسەر کارنامەی شووڕاکانی شاری سەربە بەرە بڵاو نەکردۆتەوە کە لەودا باسی ئەو کاریگەری و خزمەتگوزارییانە بکا کە ئەو شووڕایانە پێشکەشیان کردوە. بە نیسبەت هەڵبژاردنیش تاکوو ئێستا بەرە نەی‌توانیوە گۆتارێکی هاوبەش یان لانیکەم دروشمێکی هاوبەش لە نێو کاندیدەکانی دروست بکا. کاندیدەکانی بەرە، چ پێش ئەوەی شووڕای نیگابان ڕەتیان بکاتەوە و چ دوای ڕەتکرانەوەیان،نەیان‌توانی نیشان بدەن کە گیروگرفتەکانی حەوزەی هەڵبژاردنی خۆیان دەزانن و کۆمەڵێک ڕێگەچارەشیان هەیە. ئەگەر ئەو ڕێکخراوە پێداچوونەوەی بنەڕەتی بە بنەما فکری و سیاسییەکانی خۆی‌دا نەکا، بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ بە ئەزموونێکی سیاسیی دۆڕاو و بیرەوەرییەکی ناخۆشی سیاسی. ئەو ڕێکخراوە پێویستە لە پاوانی چەند کەسێک‌دا نەبێ و دروشمەکانی لە کۆمەڵێک داخوازی خزمەتگوزاری-ئابووری‌دا کورت نەبنەوە.

سەرچاوەکان:

عبدالکریم حسین زاده نماینده مردم نقده و اشنویه در مجلس شد، خبرگزاری مهر

ترکیب نمایندگان مجلس دهم: سهم اصولگرایان ٤٣ و اصلاح‌طلبان ٣٩ درصد، سایت خبری-تحلیلی پایش

ورمێ و کوردایەتی، https://rebwarmahrufzadehblog.wordpress.com/

نتایج دهمین دوره انتخابات مجلس به تفکیک گرایش سیاسی، سایت ایران جیب



رۆژهەڤی ئێران

# کۆماری ئیسلامی بەراوەژوو!



ناسر بابەخانی

مەسەلێکی چینی دەڵێ: کاتێ شتێک بەراوەژوو نیشان دەدەی، واتە درۆ دەکەی! ئەمە تایبەتمەندیی سەرەکیی حوکمڕانانی وڵاتانی دواکەوتوو و دیکتاتۆرییە کە بۆ شاردنەوەی کەموکوڕییەکانی وڵات ڕاستییەکانی نێوخۆی وڵات بەپێچەوانە نیشان دەدەن، ئەم مۆدێلە لە دەسەڵاتداری لەسەرەتای حوکمڕانیی مرۆڤەوە تا ئێستا وەک شێوەیەک لە دەسەڵاتی ئیستیبدادی لەئارادا بووە.

ماوەیەکە ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران ئایدیۆمی «نفووز»ی کردۆتە بنێشتەخۆشکە و دەستوپەیوەندەکان و میدیاکانی بەردەوام دەیجوونەوە. دیارە ئەمە سیاسەتی بەردەوامی کۆماری ئیسلامی و بەتایبەتی دوکترینی ڕێبەری ئەم وڵاتەیە و بەردەوام بەرەچاوکردنی ئەم سیاسەتە هۆشداری دەداتە نێوخۆ و هەرلەو کاتەش‌دا چەشنە هەڕەشەیەکیشە.

لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامییەوە تا ئێستا، ستراتیژیی سەرەکیی ئەم وڵاتە بۆ نێوخۆ و دەرەوە لەسەر بنەمای بەراوەژوونیشاندانی واقعییەتەکانی کۆمەڵگە لەسەرجەم بوارەکان‌دا بووە و بەجۆرێک حەولی داوە سیمای ڕاستەقینەی خۆی بشارێتەوە و بەپێچەوانەی حەقیقەتەکان خۆی بنوێنێ. بۆ ئەم مەبەستەش لە سەر بنەمایەکی پاڕانۆیدی بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان و بە لاڕێدابردنیان،لە زۆر تاکتیکی سەیروسەمەرە کەلکی وەرگرتوە و بۆ وێنە ئەم وشەو دەستەواژانە بەردەوام لە گوتاری سیاسیی ئەم حکوومەتەدا بەدی دەکرێن: پیلان، دوژمن، تەماع، سیخوڕی، نفووز، خەیانەت، هەڕەشەی دەرەکی، دەستی پشت پەردە و...ئەم پاڕانۆیدەش دواجار بۆتە هۆی ئەوە کە بە یەکجاری بەر بە پلۆرالیسمی سیاسی لەم وڵاتەدا بگیرێ.

***

دیارە زۆر ناوەندی باوەڕپێکراوی نێونەتەوەیی لێکۆڵینەوە هەن کە بەردەوام لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا خەریکی پلەبەندیی وڵاتانی جیهانن ، با چەند نموونەیەک لە پەیوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی‌دا بخەینە بەرباس با بزانین سیمای ڕاستەقینەی ئەم وڵاتە بە پێچەوانەی ئیددیعاکانی خۆی چۆنە:

- پلەی ئازادی میدیایی: ١٧٣ (Reporters Without Borders ساڵی ٢٠١٥)،

پلەی سانسۆر: ٧ واتە لە ڕیزی یەکەمی ١٠ وڵاتی دنیادایە کە سانسۆر پیشەیانە(Committee to Protect Journalists ساڵی ٢٠١٥)،

- پلەی پاسپۆرت:٨٧ لە نێو ٩٤وڵاتدا (بونیادی Henley & Partners ساڵی ٢٠١٤)،

- پلەی ئێعدام: ١(Amnesty International USA ساڵی ٢٠١٥)،

- پلەی هەڵاتنی مێشکەکان: ١ (international monetary fund ساڵی ٢٠١٥)،

- پلەی دەکارکردنی هێرۆئین وەک ماددەیەکی سڕکەری مەترسیدار: ١ (World Drugs report )

- پلەی شەفافییەتی نێونەتەوەیی کە پێوەرێکە بۆ گەندەڵیی ئابووری لە نێو ١٧٤ وڵاتدا، ١٣٦ە! (Transparency International ساڵی ٢٠١٥)،

- پلەی فەلاکەت هێمایەکی ئابوورییە کە پەیوەندیی بە ڕێژەی بێکارییەوە هەیە: ٢ (Cato Institute)،

- پلەی تەندروستی: ٩٣ (World Health Organization)،

- بەپێی نەخشەی کۆمپانیای راوێژکاری «Control Risks»ئێران وەک ناوچەیەکی « زۆر مەترسیدار» دەستنیشان‌کراوە.

- لەباری خۆشگوزەرانییەوە لە بوارە جۆراوجۆرەکان‌دا پلەی ئێران بەم شێوەیەیە:

ئابووری ١٠٥، حوکمڕانی ١٢٢، ئازادیی تاکەکەسی ١٣١، خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی ٩٥، سەرمایەی کۆمەڵایەتی ١١٥، ئاسایش ١٢٠ (LEGATUM INSTITUTE ساڵی ٢٠١٥)

ئەم ئامارانە و زۆر داتای دیکەش هەن کە دۆخی کارەساتباری ئێران نیشان دەدەن و لە ڕاگەیاندن و میدیاکانی کۆماری ئیسلامی‌دا نەک باس ناکرێن، بەڵکوو باسکردنیشیان باسی سەرە! دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە بە دانی داتای هەڵە بە خەڵک حەولی ئەوە دەدەن کە ئێران وەک بەهەشتی مەوعوود نیشان بدەن، لە کاتی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئێران‌دا ساڵی ٢٠٠٩ ئەحمەدی نەژاد سەرکۆماری ئەو کات کە لەگەڵ کەڕرووبی (کە ئێستا لە ماڵێک‌دا لە ژێرچاوەدێری‌دایە) وەک ڕکابەری هەڵبژاردن موقابەلەیان هەبوو، هەندێ ئاماری درۆی لەسەر تەلەڤیزیۆن باس کردن کە کەڕرووبی بەسەرسوڕمانەوە لێی پرسی: ببوورە تۆ باسی ئێران دەکەی؟!

ئێران ئەو وڵاتە نیە کە خۆی باسی دەکا، ئێران لە هەموو بوارەکان‌دا تووشی داڕمان و هەرەس‌هێنان بووە و هیچ وڵاتێک لە دنیادا بێگومان شک نابەی کە وەک ئێران قەیرانی نێوخۆیی، ناوچەیی و نێونەتەوەیی بەرۆکی گرتبێ، ئێران ئەو دارەیە کە لە نێوخۆی‌دا کرمۆڵ و هلۆڵ بووە و هاکا ئەمرۆ و هاکا سبەی کەوتە عەرز!

سیاسی

# بۆچی ڕێفراندۆم؟



سەعید شەمس

لە کۆنگرەی شانزەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کە بە کۆنگرەی «حەفتا ساڵ تێکۆشان» ناوزەدکرا، پرسی ڕێفراندۆم پاش باس و لێدوان پەسەند کرا. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە چۆن دەکرێ ئەو دەسپێشخەری و گۆڕانکارییە لە ستراتیژی سیاسی حدک شی بکەینەوە؟ مەبەست لەو درووشمە چییە؟ هێنانە گۆڕی ئەو درووشمە چ بۆ سیاسەتی حدک و چ بۆ چارەنووسی سیاسیی جووڵانەوەی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ مانایەکی هەیە؟

لە دەستپێکدا ڕەنگە پێویست بێ پێناسەیەکی کورت لە چەمک و دەستەواژەی ڕێفراندۆم بەدەستەوە بدەین. مانای ڕاپرسی یا کۆمەڵپرسی بریتییە لەوەی دەنگی ڕاستەخۆ لە هەموو ئەندامانی پێکهێنەری یەکینەیەکی سیاسی، کۆمەڵگایەک، جڤاتێک یان گرووپێکی دیاریکراو بۆ پەسەند یان ڕەدکردنی سیاسەت یان یاسایەک کە لایەنێک پێشنیاری کردووە، وەربگیرێت. لە زۆر حاڵەتدا مەبەستی سەرەکی کۆمەڵپرسی دوورەپەرێزییە لە سیاسەت یان یاسایەک کە ڕەنگە بە زیانی زۆرینەی کۆمەڵگا تەواو بێ.لە سیستمی سیاسی پارڵەمانی و لیبراڵیدا لە کۆمەڵپرسی بۆ مەبەستی پەسەندکردنی دەستووری بنچینەیی یا گۆڕانکاری لە یاساکاندا کەڵک وەردەگیرێت. هەندێکجار بۆ پەسەندکردنی سیاسەتێک کە قورساییەکی بەرچاوی لەسەر سیاسەتە کەڵانەکانی وڵاتدا هەیە ڕێفراندۆم بەکار دەبەن: بۆ وێنە بۆ بڕیاردان لەسەر پرسی چوونە نێو یان هاتنەدەر لە یەکیەتی ئۆرووپا، ڕێفراندۆم ڕێکارێکە کە لە لایەن کۆمەڵێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی ڕەچاو کراوە و دەکرێ.

نموونەیەکی دەگمەن لە ئاستی جیهانیدا وڵاتی سویسە کە لە ساڵی ١٨٣١ بەملاوە و لەو کاتەوە کانتۆنی سنتگاڵ بۆ یاسادانان ڕێکاری ڕێفراندۆمی گرتەبەر و کانتۆنەکانی تری ئەو وڵاتە ئەو ڕێگەچارەیان بە باش زانی و ڕەچاویان کرد، ڕێفراندۆم بووبە ڕێکاری سەرەکی بۆ پەسەندکردنی یاسا لەو وڵاتەدا. نموونەی دیکە بیست و یەک ئەیالەتی ئامریکا لە نێوان ساڵانی١٩٥٧-١٨٩٨ بوون کە پرسی ڕێفراندۆمیان ڕەچاو کرد.

دوو شێوازی کۆمەڵپرسی هەیە: تۆپزەکی (ئیجباری) و دڵخوازانە. کۆمەڵپرسی تۆپزەکی زۆرتر بۆ پەسەندکردنی دەستووری بنچینەیی وڵات یان یاسای تەواوکەر (متمم) بەکاردەهێندرێت. لە هەمانکاتدا کۆمەڵپرسی تۆپزەکی هەندێکجار بۆ مەبەستی پەسەندکردنی یاسا و سیاسەتەکان ڕەچاو دەکردێ، بۆ وێنە لە فەڕانسە پرسی سەربەخۆیی جەزاییر لە ساڵی ١٩٦١ لە ڕێگای ڕێفراندۆمی تۆپزەکی چارەسەر کرا. شێوازی دڵخوازانە زۆرتر ئەو حاڵەتانە لە خۆ دەگرێ کە پارڵەمان یا زۆرینەی ئەندامانی پارڵەمان یا دەوڵەت و حیزبێکی دەسەڵاتدار لە غیابی پارڵەماندا، پرسێکی گشتی دەخاتە دەنگدان.

حاڵەتێکی تری کۆمەڵپرسی لەڕێگای ویست و داخوازی خەڵکەوەیە نەک دەوڵەت یان حیزبێکی سیاسی؛ بە واتایەکیتر کاتێک پارڵەمان یان دەوڵەت خۆ لە کۆمەڵپرسی پرسێک دەپارێزێت، لە لایەن خەڵک یا کەمینە و جڤاتێکی ئەو وڵاتەوە ویستی ڕێفراندۆم دێتە ئاراوە. یانی لە یاسای نێودەوڵەتیدا خەڵک مافی ئەوەیان هەیە کە ڕاستەخۆ داوای ڕێفراندۆم بکەن و لە ڕێگای سیاسی و بەرخۆدانەوە پارڵەمان و دەوڵەتی وڵاتەکەیان ناچار بکەن ویست و پرسەکە بخاتە دەنگدانەوە. لە یاسا و نۆرمەکانی نیونەتەوەییدا، ڕێژەی دەنگدان بۆ ئەو مەبەستە بریتییە لە ١٥-٥ لە سەدی سەرجەمی دەنگدەرانی دوایین هەڵبەژاردنی وڵات. بەکورتی ڕێفراندۆم بە مانای دەنگدانێکی گشتی بە پرسێک بۆ بەرژەوەندی گشتی دێت. ڕێفراندۆم بریتییە لە مافێکی سیاسی کە لە پەیماننامە نێونەتەوەییەکاندا گەڵاڵە کراوە و بێگومان نەتەوەی کورد بەگشتی و نەتەوەی کورد لە ئێران بەتایبەتی، وەکوو هەر نەتەوەیەکیتر دەتوانێ کەڵکی لێوەربگرێت. لە پاڵ دەستپێشخەرییە سیاسییەکانی دیکەدا، لە ساڵانی ڕابردوودا ڕێفراندۆم گرنگییەکی بەرچاوی لە ئاستی جیهاندا هەبووە وهەموومان ئاگاداری نموونەکانی کۆبەک لە کانادا، کاتالۆن لە ئیسپانیا و سکاتلەند لە بریتانیا، هەین.

لەو پێناسە کورتەدا دەردەکەوێ کە کۆمەڵپرسی شێوازێکی زۆر باوی سیاسییە کە زۆر کات لە زۆر شوێنی ئەم جیهانە بۆ چارەسەرکردنی پرسێکی سیاسی کەڵکی لێ وەرگیراوە. لە هەمانکاتدا کۆمەڵپرسی بە مانای پەنا بردەنە بۆ دێموکراسی ڕاستەخۆ و ڕای گشتی خەڵک، کاتێک پرسێکی گرنگی سیاسی لە ڕێگای پارڵەمانەوە بە ئەنجامێک ناگا و نەتەوەیەک کە لە وڵاتێکی فرەنەتەوەییدا دەژی و وەکوو کەمینە سەیر دەکرێ، دەتوانێ ڕێکاری دێموکراسی ڕاستەخۆ وەکوو ئامرازێکی شەرعی و یاسایی و کاریگەر بەکاربێنێت، لەو کاتەدا کە دامەزراوەکانی ئەو وڵاتە، کە نوێنەرایەتی دێموکراسی پارڵەمانی و ناراستەخۆ دەکەن، ویست و ئیرادە و سەروەری ئەو نەتەوەیە دەخنە ژێر پرسیارەوە. بێگومان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو، بەتایبەت لە دوای سەقامگیربوونی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، لە کوردستانی ئێران و لە ڕیزی جووڵانەوەی نەتەوایەتی کورددا تا کۆنگرەی شانزەی حدک ئەو ڕێکارە چ وەکوو ماف، چ وەکوو شێوازی خەبات و، چ وەکوو ئاسۆیەکی تێڕوانینی ستراتێژیک قورسایی نەبووە. هەر بۆیەش ڕەنگە ئەو پرسیارە بێتە ئاراوە کە عەقڵانیەتی ئەو درووشمە لە کوێوە هاتووە؟

یەکەم، درووشمی ڕێفراندۆم لە ڕوانگەی تێئۆری سیاسی و سیاسەتی نێونەتەوەییەوە کە لە سەرەوە بەکورتی باسی لێکرا، هەڵقوڵاوی شێوازێک لە عەقڵانیەتی سیاسییە. ئەو عەقڵانیەتەش خۆی بەرهەمی خوێندنەوەیەکی کۆنکرێتە لە ئەزموونی مێژوویی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد، لە ئێران بە گشتی و لە مێژوویی سی و حەوت ساڵەی کۆماری ئیسلامیدا بەتایبەتی. بە واتایەکیتر، لە ماوەی سی و حەوت ساڵی ڕابردوو، نەتەوەی کورد هەموو شێوازەکانی خەباتی (شەڕی چەکداری، وتووێژ، خەباتی مەدەنی، دیپلۆماسی، و هتد) بۆ مسۆگەرکردنی مافی نەتەوایەتی خۆی گرتۆتە بەر، بەڵام لە کۆتاییدا و پاش هەمووی ئەو هەوڵ و تەقەلایە و قوربانیدانە ئێستاش هەر لە خاڵی دەستپێکدایە. پرسیار ئەوەیە تا چەند سی و حەوت ساڵێ دیکە دەبێ و دەکرێ چاوەڕوانی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە تاراندا بێ؟ ئەو عەقڵانیەتە سیاسییە ڕەنگدانەوەی ئەزموونی نەتەوەی کورد لە دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوییە کە پاش دەستی باڵای ئیسلامی سیاسی و سەقامگیربوونی دەسەڵاتێکی ئیسلامی ـ تەواویەتخواز هەم جووڵانەوەی نەتەوایەتی کورد ڕووبەڕووی ئاستەنگێکی سیاسی دژوار کردووە و هەمیش ڕەوتی مۆدێڕنیتەی لە وڵاتی ئێران بەرەو هەڵدێرێکی مەترسیدار بردووە.

چەمکی مۆدێرنیتە، یەکێک لە چەمکە هەرە ئاڵۆزەکانی مێژووی بیری هاوچەرخە. بەم هۆ ساکارەوە کە کۆدەنگیەکی زۆر کەم لە نێو پسپۆڕانی فەلسەفەی سیاسی لەسەر مانا و واتای ئەو چەمکە هەیە. جیاواز لە فرەچەشنی مانا و ڕاڤە لە چەمکی مۆدێڕنیتە، دەتوانین بڵێین چەمکی مۆدێڕنیتە مانایەکی فەلسەفی و تیئۆریکی هەیە، یانی هەموو ئەو پێناسە جیاوازانە ئاماژەیەکن بە ئەزموونێکی تایبەت و ئەزموونێکی کۆنکرێتی مرۆڤی «نوێ». زۆر بەکورتی و ساکار دەڵێین مۆدێڕنیتە ‹کولتووری› کۆمەڵگای مۆدێڕنە، بەو واتایە کە مرۆڤ تەنیا لە سەردەمی مۆدێرندا ئەو تێڕوانینەی لە خۆی و ژینگە و دنیای دەورووبەری خۆی هەبووە. تێڕوانینێک کە بەرهەمهێنەری «کولتووری مۆدێرن»ە کە بە مۆدێڕنیتە ناسراوە. لەو تێڕوانینەدا دوو ڕەهەندی هاوپەیوەست لە هەمان کاتدا جیاواز خۆی دەردەخا: یەکەم، مۆدێڕنیتە لە پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤی نوێدایە (مۆدێرن) ، خوێندنەوەیەک کە مرۆڤ لە خۆی هەیەتی لە ئاکامدا خودبیری و خودموختاری و سەروەری مرۆڤ بەرهەم دەهێنێت. دووەم، ئەم خوێندەوەیە هێمایەک وێنا دەکا کە مرۆڤی مۆدێرن لە دنیا و کۆمەڵگا و سەرجەمی بەشەکانی کۆمەڵگا، بەتایبەت دەسەڵاتی سیاسی، هەیەتی. لەسەر بنەمای بەشی دووەم، دەوڵەت لە سەردەمی مۆدێرندا بەشێکە لە سەرخانی کۆمەڵگا کە خۆی بەرهەم و گرێدراوی تۆڕی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتە کە بنچینەیان لە ژێرخانی کۆمەڵایەتیدایە (کۆمەڵگا) نەک تەنیا لە مەکینەی دەوڵەت و کۆمەڵگای سیاسی. بە واتایەکیتر، ئەوە هێزی پەیوەندییەکانی دەسەڵات و سەرجەمی هێزەکانی کۆمەڵگای مەدەنییە کە دەتوانێ شەرعییەت بە دەسەڵاتی سیاسی بدا و دەتوانێ بیگۆڕی. نەتەوەی کورد لە وڵاتی فرەنەتەوەیی ئێراندا دەتوانێ لە گۆڕانکارییەکاندا دەوری هەبێ، بەڵام بە هۆی ڕێژەی کەمی حەشیمەتەوە ئەستمە دیاریکەری ئەو ڕەوتە بێ. مادام، پەرەسەندی شارنشینی و پیشەسازی (مۆدێڕنیتەی ئێرانی) لە ئەزموونی مێژووی هاوچەرخیدا لە ڕۆلێکی کاریگەر لە گۆڕینی پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی ناتەوان بووە، نەتەوەی کورد لەو حاڵەتەدا تەنیا وەکوو قوربانی دەمێنێتەوە. کاتێک مۆدێڕنیتەی ئێرانی هەر لە ئەزمە و قەیراندا بێ و ئاسۆیەکی ڕوون بۆ دەرچوون لەو ئەزمەیە لە ئارادا نەبێ، ویستی ڕێفراندۆم ڕێکارێک بۆ دەربەست بوون لەو بازنە شومەیە.

دووەم، ئەو عەقڵانییەتە ناراستەخۆ ئاکامی هەوڵ و تەقەلاکانی ساڵانی ڕابردووی بیرمەندان و چالاکانی سیاسی کوردی ڕۆژهەڵاتە بە مەبەستی دووبارە وێناکردەنەوەی ویژمان و نەریتی ژ.ک و کۆماری کوردستان. ئەو ڕەهەندە تا ئاستێکی بەرچاو لە درووشم و باسەکانی کۆنگرەی شانزەی حدک ڕەنگی دابۆوە. کاتێ لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ ڕێبەرانی حدک لەسەر بنەمای فەلسەفەی ژ.ک. ڕێکاری ڕێفراندۆمیان بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی کوردی گرتەبەر، بە شێوەیەکی ساکار ئەو بڕیارە بە واتای ئەوە بوو کە ڕێبەرانی حدک چیتر نەیاندەویست چاوەڕوانی دەسەڵاتی ناوەندی بمێننەوە تا ئاورێک لە کوردستان و داخوازەکانی خەڵکی کورد بداتەوە یان لە خولیای ئەوەدا نەبوون کە چارەسەری پرسی کورد بە داهاتووی نادیاری دێموکراسی لە ئێراندا گرێ بدەن. بڕیاری مێژوویی ڕێبەرانی حدک لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ هەتاوی ئاکامی شیکارییەکی تۆکمەی ئەوکاتەی ناوچە و «واقع»ی سیاسی ئێران بوو. هەلومەرجی ئەو ساڵانە، دەربڕی کەش و هەوایەکی زۆر نائاسایی سیاسی بوو. لە لایەکەوە، وڵاتی ئێران کە لە لایەن زلهێزەکانەوە داگیرکرابوو و لە لایەکی ترەوە، لە ئاکامی لاوازی هێزەکان، دسەڵاتی ناوەندی لە داسەپاندنی سەروەری سیاسی بە سەر ئەو بەشە لە خاکی کوردستان عاجز بوو. هەروەها بیری کوردایەتی و مسۆگەرکردنی سەروەری سیاسی کورد لە ژێر کاری فکری کۆمەڵەی ژ.ک ببوو بە هێزی مادی و، ترس و خۆفی داپڵۆسێنەری سەردەمی ڕەزاشایی بنبڕ کردبوو. شەهید قازی محەممەد ئاوا ئەو بارودۆخە کە بە بڕیاری ڕێفراندۆمی ٢ی ڕێبەندان گەیشت شرۆڤە دەکا:

«لە شەهریوەری ١٣٢٠ فریشتەی ئازادی دەستگای دیکتاتۆری و فاشیستی ڕەزاخانی تێکشکاند. کورد کە سەری لە هەموو فشار و ئەزیەتە کەمێ فارغ بوو، فەوری ئیحساسی کرد چۆن دەبێ لەو فورسەتە ئیستفادە بکات و ڕێگای سەلاح و دەست خستنی ئازادی ئەو میللەتە چیە و چی بکات. پیاوانی بە بیر و هۆش و بە شەرف کە لە مێژە بوو خوێناوی دڵی خۆیان دەخواردەوە و بۆ زەلیلی ئەو میللەتە دووکەڵ لە دەروونیان دەهاتە دەرێ، زۆر زوو تەشخیسیان دا کە وەختی کارە و لەو فورسەتە دەبێ بەهرە وەربگیرێ و ئەوە تەواو ئەو ڕۆژەیە کە پشتاوپشتمان چاوەڕوانی بوون، یەکجار و خێرا، بێوەچان و ڕاوەستان دەستیان بە کار کرد. حیزبی دێموکراتی کوردستانیان تەشکیل دا و بە دەست و برد خەریکی کار و باری میللی بوون و چاوێکی ورد و بە دیققەت، ئیحتیاج و پێداویستی کوردیان تەشخیس دا و بەدی کرد». (*)

مەبەست لە ئاماژەدان بە هەلومەرجی ئەو سەردەمە، بە هیچ چەشنێک ئەوە نییە کە بڵێین ئێستا هەمان کەش و هەوای سیاسی هاوتا لە ئارادایە. بە واتایەکی تر، درووشمی ڕێفراندۆم لە هەنووکەدا و بە لەبەرچاوگرتنی پارەسەنگی هێز، درووشمێکی تاکتیکی نییە، بەڵکو جارێکە ئاراستەیەکی ستراتێژیکی هەیە. بە چ مانا؟ بێگومان ئامانجی سەرەکی حدک مسۆگەرکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتە. بەڵام، چۆنایەتی گەڵاڵەکردنی ئەو درووشمە لە ساڵانی ڕابردوو چ لە شێوازی خودموختاری و چ لە قەوارەی کۆماریٔ کوردستان لە ئێرانێکی فێدراڵ و چەند نەتەوەییدا، لێڵ و ناڕوونە. بە واتایەکیتر، مسۆگەر کردنی مافی نەتەوایەتی کورد لە ئێراندا لە درووشمی خودموختاری کوردستان لە ساڵانی پێش و لە فێدراتیڤێکی کورد (کۆماری کوردستان) لە هەنووکەدا، گرێدراوی دێموکراسی و فێدرالیزمێکی چەند نەتەوەیی لە ئێراندا بووە و هەیە. ئەگەر بێت و سیاسەتی کورد لە پێناو وەدیهێنانی سیستمێکی فێدراڵی پلۆراڵیستی چەند نەتەوەیی لە ئێراندا سەرکەوتوو بێ، ئەو ڕەوتە دەبێ گرێدراوی ئەو خاڵە بێ کە یەکینەی سیاسی فێدراڵ لەسەر بنەمایی یەک نەتەوە ـ کولتووری تایبەتی یا نەتەوە ـ کولتووری باڵادەست (the dominant cultural nation) (فارس/ یا ئازەری) وێنا نەکرێ، بەڵکوو یەکینەی سیاسی فێدراڵ لەسەر بناغەی یەکێتی یاوەرانەی هەموو وردە ـ یەکینەکانی سیاسی (the political sub-units) دامەزرابێت. تەنێا لەو حاڵەتەدایە کە لە سیستمی فێدراڵی چەند نەتەوەییدا لە نێوان دێموکراسی و ناسیۆنالیزم ئاشتی پێک دێ و مافی شارۆمەندی [هاووڵاتی] یەکسان لە نێوان هەموو شارۆمەندانی سیستمی فێدراڵ دەبێت بە ئەمری واقیع. ئەوەش بە مانای ئەویە کە چەمکی سەروەری هاوبەش (shared sovereignty) لە پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی و سیستمی فێدراڵدا وەکوو ئەسڵێک و بنەمایەک پەسەند کرا بێ و پەیرەو بکرێ.

ئەگەر ئێمە لە سیاسەتماندا بە مەبەستی چارەسەری پرسی نەتەوایەتی کورد، وەکوو ئاراستەیەکی ستراتێژیک، لەسەر داهاتوویەکی فێدراڵی لە ئێراندا بنەمایەک دادەمەزرێنین، ناتوانین ئاوڕێک لە ئەزموونی مێژووی ئێران لە مەڕ چۆنایەتی پەسەندکردنی دەستووری بنچینەیی لە مێژووی هاوچەرخیدا نەدەینەوە. لە مێژووی مۆدێڕنی ئێراندا شاهێدی دوو بەڵگەنامەی دەستووری سەرەکین. یەکەم، دەستووری بنچینەیی ١٩٠٦ و تەواوکەرەکەی (متمم) ساڵی ١٩٠٧. دووەم، یاسای کۆماری ئیسلامی کە لە ساڵی ١٩٧٩ لە مەجلسی خێبرەگاندا پەسەند کرا. لە نموونەی یەکەمدا، بە هۆی بارودۆخی ناوچەیی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمی ئێران و کوردستانی ئێران، کورد لە پەراوێزدا مایەوە و نوێنەرانی کورد هیچ بەشدارییەکیان لە نووسین و پەسەند کردنی ئەو بەڵگەنامەیە نەبوو. لە حاڵەتی دووەمدا، گەلی کورد کە چالاکانە لە شۆڕشدا بەشدار بوو، هەمدیسان بە زەبری سیاسی لە بەشداری کردن بێبەش کرا. یانی هێزەکانی ئیسلامی و پەیڕەوەکانی خومەینی بێ ڕاوێژکاری لەگەڵ بەشدارەکانی تری شۆڕش، شانۆی «کۆماری ئیسلامی یا ڕژیمی پادشایی» بۆ گۆڕینی شێوازی دەسەڵاتی سیاسی وەڕێخست، نەتەوەی کورد بە زۆرینەی دەنگ بایکۆتی ڕێفراندۆمی کرد. دوابەدوای ئەو ڕووداوە، کۆمەڵگای سیاسی و هێزەکانی کوردی، بەتایبەت حدکا، کە ئەو کات هێزی هەرە بەرچاوی شانۆ و گۆڕەپانی سیاسی نە تەنیا کوردستان بەڵکو ئێرانیش بوون و لە هەوڵی نەپەساوەیان بۆ گۆڕانکاری و چاکسازی لە پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێراندا بەردەوام بوون.

درێژە ل٨



بیروڕای ئازاد

# خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەڕواننە ڕێبەریکردنی هێزە سیاسی‌یەکان؟

**سمایل شەڕەفی**

ئەم وتارە بە دوو پرسیار دەست پێ‌دەکەین کە پێم وایە وەڵامدانەوەیان نەک‌هەر پێویستیی بە شیکاری و خوێندنەوەیەکی وردو هەمەلایەنە هەیە، بەڵکوو جەسارەتێکی سیاسییشی پێویستە بۆ گەیشتن بە وەڵامێکی دروست، بەڵام بەداخەوە تاڵ:

_ ئایا لە قۆناغی ئێستادا هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانن ئیددیعای «ڕێبەری» کردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان (ڕۆژهەڵات) بکەن؟

_ئایا لە قۆناغی ئێستادا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانن بە دەنگ داخوازەکانی هێزە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بێن؟

لێرەدا چەمکی «ڕێبەریکردن» لایەنی «گوتار»و «دیسکۆرس» ناگرێتەوە و، گومان لەوەدا نیە کە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ڕووی داخوازە نەتەوەیی‌یەکانی خەڵکی کوردستانەوە، نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی داخوازەکانی خەڵک دەکەن. کەوایە ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە، خوێندنەوەی «ڕێبەریکردن»ە لە ڕووی «عمل» (کردەوە) و «عکس العمل » (دژکردەوە)وە.

خوێندنەوەی ڕوانینی سیاسیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای بێدەنگبوونی چەکی پێشمەرگە (وەک باڵی چەکداری هێزە سیاسی‌یەکان) و بەتایبەت لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا، زۆر جیاوازە لە گەڵ سەرەتای شۆڕش تا دەگاتە نیوەی یەکەمی دەیەی حەفتا، کە بەداخەوە هێزە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر درەنگ هەستیان پێ‌کرد. ئەویش هەستپێکردنێک کە بەداخەوە ئێستایشی لە گەڵ بێ لە تێگەیشتنێکی ڕیئالیستانە بەتاڵە و، هەر ئەم قەیرانە (نەخوێندنەوەی گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکانی ئێران و ڕوانینی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی خەڵکی کوردستان)، دابڕانێکی درێژمەودای [تا ئێستا]ی لە نێوان خەڵک و حیزبەکان‌دا لێ‌کەوتۆتەوە.

ئەو کاتە کە بە پێچەوانەی داوای هێزە سیاسی‌یەکان، زۆربەی دەنگدەرانی کوردستان، لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری‌دا بەشدار دەبوون و خاتەمی بە ناوی نوێنەری ڕیفۆرمخوازان، بە هێنانەوەی بیست میلیۆن دەنگ دەبوو بە سەرکۆماری ئێران، دەبووایە حیزبەکان بە جەسارەتەوە هەڵوێستەیان لە سەر ئیددیعاکانی خۆیان و هەڵوێستی خەڵک کردبا.

هەرچەند بۆ دەوری دووهەمی بە سەرکۆماربوونەوەی خاتەمی هێندێکیان داوایان لە خەڵک کرد کە «خۆیان بڕیار لە سەر هەڵوێستی خۆیان بدەن»، بەڵام هەر خودی ئەم داوایە دەری‌دەخا کە حیزبەکان چەندە لە «داوای خۆیان لە خەڵک» و «وەڵامدانەوەی خەڵک بە داواکەیان» دوودڵ و نادڵنیان.

ئەم جۆرە خوێندنەوەیە، لە چەند بڕگەی زەمانیی دیکە وەک هاندانی خەڵک بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی دەوری شەشەمی مەجلیس‌دا، بە هەڵوێستی بەشێک لە حیزبەکانەوە دیارە.

زاڵبوونی ڕوانگەو خوێندنەوەی ئەرزشگەرایانە بۆ ڕووداو و هەڵوێستەکان لە لایەک و، پەرەسەندنی ناکۆکیی نێوخۆیی حیزبەکان لە لایەکی دیکەوە ، هیچ مەجالێکیان بۆ بیرکردنەوە لە ڕووداو و پێشهاتە سیاسی‌یەکان و ڕەفتاری چاوەڕواننەکراوی خەڵک نەهێشتبۆوە.

«ڕەش و سپی» خوێندنەوەی ڕووداوەکان و بەفیڕۆدانی وزەوتوانای سیاسی و تەشکیلاتی لە ئاکامی کێشە و ناکۆکی‌یە نێوخۆیی‌یەکان‌دا، ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ کەلێنی نێوان خەڵک و هێزە سیاسی‌یەکانی زیاتر کرد، بە جۆرێک کە لە دەیەی هەشتای هەتاوی‌دا حیزبەکان تووشی لێکترازان و ئینشعاب دەبن و، ئەمجارەیان خەڵک و بەتایبەت چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە نێوخۆی وڵات بە ڕادەیەکی بەرچاو تووشی بێ‌هیوایی لە حیزبەکان دەبن.

بە هەڵە خوێندنەوەی ڕووداوەکانی نێوخۆی ئێران و لێکدانەوەی ناواقعی بۆ ڕەفتارو هەڵوێستی خەڵک لە لایەن حیزبەکانەوە دوو ئاکامی نادڵخوازی بۆ ئەم حیزبانە لێ‌کەوتەوە کە تا ئێستایش، بەشی زۆریان ـ نەک هەموویان ـ ئازایانە دانیان پێ‌دا نەناون.

یەکەم: کەمڕەنگبوونەوەی ئۆتۆریتەی ڕێبەریی بزووتنەوەی خەڵک.

دووهەم؛ زۆربوونی ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان و بەفیڕۆچوونی بەشێک لە وزەی کارکردی و ئینسانیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەگەرچی لێکدابڕان و لەت‌بوونی حیزبەکان لە جێدا، بێ‌هیوایی و نیگەرانیی لە نێو خەڵکی کوردستان و چالاکانی نێوخۆدا لێ‌کەوتەوە، بەڵام لەگەڵ کەمڕەنگ‌بوونەوەی گرژی و ئاڵۆزی‌یەکان و لە کزیدانی شەڕی تەبلیغی و ڕقەبەرایەتی‌یەکان، حیزبی دێموکراتی کوردستان بە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە بەشێک لە ڕوانگە و بۆچوونەکانی خۆی و بە بڕیاردان لە سەر نزیک‌بوونەوە لە چالاکانی نێوخۆی وڵات و خوێندنەوەیەکی واقعبینانە لە ڕەفتاری خەڵک لە بوارە جیاوازەکانی سیاسی، مەدەنی، فەرهەنگی، ژینگە پارێزی و تەنانەت قانوونی ... ڕێبازێکی نوێی خەباتی هێنایە ئاراوە.

ڕێبازێک کە لە سەر سێ بنەمای پتەوی: «باوەڕ بە ستراتێژیی خەباتی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان»، «بەردەوامی لە تێکۆشان بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو شێوەکانی خەبات» و «هاندانی خەڵک بۆ دوورکەوتنەوە لە بێ‌تەفاوەتی و هێنانەئارای داخوازە نەتەوایەتی‌یەکانیان بە کەڵک‌وەرگرتن لە دەرفەتەکان»، دامەزراوە.

ئەوەی مەبەستی ئەم وتارەوە هەیە خاڵی سێهەمی ئەم ڕێبازەی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە ئەویش: «هاندانی خەڵک بۆ دوورکەوتنەوە لە بێ‌تەفاوەتی و هێنانەئارای داخوازە نەتەوایەتی‌یەکانیان بە کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتەکان»ە کە بێگومان لێرەدا ڕۆڵی حیزب دەگوازرێتەوە بۆ ڕێبەری‌کردنی واقعی.

ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای تاوتوێ‌کردنی هەڵوێست و چاوەڕوانی‌یەکانی حیزب لە خەڵک لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا و، خوێندنەوەی ڕەفتارو جۆری دژکردەوەنیشاندانی خەڵک بە هەڵوێست و چاوەڕوانی‌یەکانی حیزب‌دا، هەستی بەو واقعییەتە تاڵە کردوە کە بە سەرنجدان بە تایبەتمەندیی بارودۆخێک کە دەسەڵاتی دژی گەلیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە سەر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی‌دا سەپاندوە، پێویستە چاوخشاندنەوەیەک بە جۆری پێوەندیی خۆی لە گەڵ ڕەفتاری سیاسی و مەوقعییەت و مەجالی تێکۆشان و خۆ دەرخستنی خەڵک‌دا بکا.

هەر خوێندنەوەیەکی بۆ بکرێ ـ کە پێویستە بە وردی لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەوە شیکاری و تاوتوێ بکرێ ـ لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا خەڵکی کوردستان نیشانیان داوە کە تەنانەت لە چووکترین ڕووداوەکانیش‌دا، هەڵوێستی «بەشداری» و «لەگەڵدابوون» دەگرنە بەر و خۆ نیشان دەدەن. هەر لە بەشداریی بەرینیان لە هەڵبژاردنەکان‌دا بگرە تا چالاکیی ژینگەپارێزی لە ئاستی گرووپی و ناوچەیی‌دا.

هەرچەند هەڵەیە کە بەشداری لە پرۆسەکانی وەک هەڵبژاردن‌دا و لەگەڵدابوونی خەڵک، بە مانای [ نا ] وتن بە هەڵوێست و داوای حیزبەکان لێک بدەینەوە، بەڵام ئەگەر ئەم بەشداری‌کردن و لە گەڵدابوونە بە دروستی ڕێبەری نەکرێ -کە بێگومان دەبێ لە لایەن حیزبەکانەوە بکرێ-، ئەو کاتەیە کە دەبێ چاوەڕوانی کەلێنی گەورەتری نێوان خەڵک و حیزبەکان، هەروەها بەلاڕێدابردنی ڕەفتارو هەڵوێستی خەڵک بە قازانجی دەسەڵات بین.

لە ژێر ڕووناکایی ئەم خوێندنەوەیە لە ڕەفتاری سیاسیی خەڵکی کوردستان‌دا، حیزبی دێموکراتی کوردستان هەوڵی داوە بەشداری و لەگەڵدابوونی خەڵک ڕێبەری بکا. بۆ ئەم کارەش تەنیا ئامانج بە لای حیزبی دێموکراتەوە «بەرزکردنەوەی ویست و داخوازە نەتەوەیی‌یەکانە« کە بەردەوام داوای لە خەڵک کردوە هەوڵ بدەن بە مەترەحکردنی ویست و داخوازە نەتەوایەتی‌یەکانی خۆیان لە چووکترین دەرفەتەکانیش کەڵک وەربگرن. بە واتایەکی دیکە حیزبی دێموکرات هەوڵی داوە نێوەرۆکێکی ئامانجدارانەو قازانج‌ویستانە بە ڕەفتاری خەڵک (بەشداری کردن و لەگەڵدابوون) ببەخشێ.

ئەم ڕێبەری‌کردنەی ڕەفتاری خەڵکی کوردستان دوو ئامانجی سەرەکیی تێدا تەعقیب دەکرێ:

یەکەم؛ بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی لە پەراوێزخستنی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زۆر بەوردی بە خوێندنەوەی خۆی لە پرسی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان هەوڵی بۆ دەدا. (ئاماژەدان بە هێنانەئارای بیرۆکەی ڕۆژهەڵاتتەوەری).

دووهەم؛ دوورخستنەوەی خەڵک بە تایبەت چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە کەمتەرخەمیی و بێ‌تەفاوەتی بە نیسبەت پرسەکانی نێوخۆی وڵات و، لە هەمووشی گرنگتر ڕەواندنەوەی ترسی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی نێوخۆی وڵات لە تۆمەتبارکردنیان بە ناووناتۆرەی ناڕەوا.

---

درێژەی

# بۆچی ڕێفراندۆم؟

جیاواز لە بایکۆتی ڕێفراندۆم، حدکا وەکوو هێزی سەرەکی کورد هەوڵی بەشداربوونی لە مەجلسی خێبرەگان دا و شەهید قاسملوو، سکرتێری گشتی ئەو کاتەی حدکا، کاندید بوو بۆ ئەو مەجلسە لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، بەڵام پێش دەست بەکاربوونی مەجلسی خێبرەگان، لە ژێر فەرمانی جیهادی خومەینی بۆ سەر کوردستان، سندووقەکانی ئەو ناوچەیە هەڵوەشاندرانەوە و د.قاسملوو وەکوو «موفسیدی سەر ئەرز» حوکمی ئێعدامی بۆ دەرچوو. بەکورتی لە نموونەی دووەم‌دا کورد بە زەبری سیاسی لە نووسینی دەستووری بنچینەیی ئێران‌دا بێ‌بەش کرا لە بەشداری.

لەسەر بەستێنی ئەو مێژوویە، ئەگەر لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیک و یەکگرتوو بە جیددی بڕوانینە سیاسەتی چارەسەری پرسی کورد، ئەو سیاسەتە تەنیا کاتێک بنەمایەکی عەقلانی دەبێ کە: یەکەم، پێداگربێ لەسەر ویستی نووسینەوەی دەستووری بنچینەیی ئێران وەکوو ویستێکی یاسایی و شەرعی و ژیرانەی نەتەوەی کورد، چونکە کورد لە ڕابردوودا بێ‌بەش‌کرا لە بەشداری لە نووسین ئەو دەستوورە کە بەڵگەنامەی سەرەکی سیاسی وڵاتە. دووەم، بەلە بەرچاوگرتنی هەوراز و نشێوی پەرەسەندنی مۆدێڕنیتەی ئێرانی و قەیرانی «مۆدێڕنیتەی ئێرانی»، ستراتێژی سیاسی هێزی کورد تەنیا کاتێک واقیعی و جیددی دەبێ کە چەمکی سەروەری هاوبەش لە نێوان نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران بە چەمکی سەرەکی بەڵگەنامەی هاوژینی سیاسی لە ئێران‌دا بگۆڕێت.

بۆ چارەسەرێکی سەردەمییانەی پرسی کورد لە چوارچێوەی ئێران‌دا دروشمی ڕێفراندۆم هەڵگری ئەو مەرجانەیە. یانی پێداگری‌یە لەسەر ئەو بڕیارە کە ئێمە هەموو هەوڵ وتەقەلای خۆمان بۆ وەدیهێنانی ئەو ئاسۆیە دەخەینە کار و لە هەموو شێوازەکانی خەبات کەڵک وەردەگرین بۆ ئەو مەبەستە. بەڵام، لە وەدیهێنانی ئەو ئاسۆ ئینسانی و دێمۆکراتیکەدا ئێمە هێزی یارمەتیدەرین نەک هێزی دیاریکەر. ئەوە کولتووری مۆدێرنی ئێرانی‌یە کە دەبێ بیسەلمێنێ کە پێش شەرتی ئێرانێکی دێمۆکراتیک خوسەروەری و ئازادی یەکینەکانی سیاسی‌دایە (نەتەوەکانی نیشتەجێ لە ئێران). دروشمی دێمۆکراسی لە ئێران‌دا وشەیەکی بەتاڵ دەمێنێتەوە و قەد بە دامەزراوەیی ناکردرێت ئەگەر ئەو ڕاستی‌یە نەبێتە بنەمای تێڕوانینی سیاسی لە کۆمەڵگای ئێران‌دا. دروشمی ڕێفراندۆم هەڵگری ئەو ڕاستی‌یەیە کە بەدەر لە هەوڵ و تەقەلای ئێمە بۆ ئەو مەبەستە، ئەگەر مۆدێڕنیتەی ئێرانی هەروا لە ئەزمە و قەیران‌دا بمێنێتەوە، حدک وەکوو هێزی سیاسی پەنا دەبا بۆ کۆمەڵپرسی گشتی لەمەڕ چارەسەری ئەو کێشەیە. ئەوە بەو مانایە دێت کە حدک سەروەری



سیاسی کوردستانی ئێرانی بە مافی زۆرینەی خەڵکی کوردی دانیشتووی ئێران دەناسێ، نەک بە مافی هیچ هێزێکی ئێرانی یان تەنانەت خودی حدک.

ئەو ماوە مێژوویی‌یەی سی و حەوت ساڵەی ئێران و خەباتی نەتەوایەتی نەتەوەی کورد لە ئێران‌دا قۆناغێکی سیاسی هەستیار و گرنگ پێک دێنێ کە سەرەڕای سیاسەتی داپڵۆسێنەری کۆماری ئیسلامی و قوربانی زۆر کە نەتەوەی ئێمە داویەتی، بەستێنێک پێکدێنێ کە تێیدا دەکرێ بوژاندنەوەیەکی چۆنایەتی، فکری و سیاسی نوێ، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد وێنا بکردرێت. ڕەهەندێکی بەرچاوی ئەو بوژاندنەوەیە ئەو ڕاستی‌یەیە کە پرسی کورد پرسێکی نەتەوایەتی‌یە کە لە ڕێگای مسۆگەرکردنی سەروەری نەتەوەیی‌دا وەدی‌دێ. لە چوارچێوەی ئەو تێڕوانینەدا، پێگەی ژێئۆپۆلیتیکی کوردستان، وڵاتەکەمان دابەش‌کراوە بە سەر چوار وڵاتی داگیرکەری ستەمکار، ئاستەنگێکی دژواری بۆ بزووتنەوەی کورد دروست کردووە. خەباتی ڕزگاریخوزانەی نەتەوەی ئێمە بۆ درێژەپێدان لە هەر چوار بەشەکە هەندێک جار ناچار بووە پەنا بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ داگیرکەران بەرێ. بەڵام لە هەمان کات‌دا، ئەو پەیوەندی‌یە، هەرچەند کاتیش بوون، مەرجی قورسیان بە سەر جووڵانەوەی ئێمەدا داسەپاندوە، هەر بۆیەش ڕەهەندێکی‌تری ئەو بوژاندنەوەیە دەبێ بریتی بێ لە پشت بە خۆ و جەماوەری کورد بەستن و خۆ دوورخستن لە پشت بستن بە سیاسەتی دۆڕاوو شکست خواردوو بە داگیرکرانی کوردستان لە ئاسۆی ستراتێژیکی‌دا. باس و لێدوان لەسەر چەمکی ڕێفراندۆم دەتوانێ گۆڕپانێکی لەبار بێ بۆ وەگەڕخستنی ئەو پرسیارانە، چونکە لە حالی حازردا چەمکی ڕێفراندۆم تەنیا فکر و باوەڕە و بۆ ئەوەی ببێت بە هێز و لایەنی ماددی، دەبێ بچێتە نێو خەڵک و هەست و ویستی خەڵک بجووڵێنێ. لە کۆتایی‌دا پەسند کردنی دروشمی ڕێفراندۆم، بە مانای گۆڕانکاری‌یە لە ستراتێژی سیاسی ئێمە لە ئێران‌دا. بەو واتایە کە ئێمە ستراتێژێکی دوو بژاردەیی لەپێناو چارەسەری پرسی نەتەوایەتی کورد لە ئێران گەڵاڵە دەکەین. یەکەم، چارەسەری پرسی کورد لە چوارچێوەی ئێران‌دا، مادام کە جارێ دروشمی کۆماری کوردستان ئاراستەیەکی ستراتێژیکی هەیە. دووەم، هاوتەریب کار دەکەین بۆ بیرۆکەی ڕێفراندۆم کاتێ سەناریۆی چارەسەری پرسی کورد لە ئێران‌دا ئاسۆیەکی بەرچاوی نییە. واتا گۆڕانی پرسی کورد لە ئێران‌دا بە پرسێکی دەرەکی و لە پارەسەنگی گونجاوی ناوچەیی‌دا لە ڕێگای ڕێفراندۆم و جیابوونەوە لە ئێران و وێناکردنی کۆمارێکی سەربەخۆی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا.

**(*) ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی ١٠ و ١١، «نوتقی جەنابی پێشەوا، ڕەئیس جەمهوری کوردستان»**

# ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی شازدە

## کە لە لایەن سکرتێری گشتی حیزب، بەڕێز خالیدی عەزیزیەوە پێشکەش کرا (١)

### سەرەتا

**میوانە بەڕێزەکان!**
**هاوڕێیانی خۆشەویست!**
**نوێنەرانی هەڵبژێراوی ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ شازدەهەمین کۆنگرەی حیزب!**

لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پڕبەدڵ بەخێرهاتننتان دەکەم بۆ کۆنگرەی شازدەی حیزبە تێکۆشەرەکەمان و بەبۆنەی دەستپێکردنی کارەکانی کۆنگرەوە پیرۆزبایتان لێدەکەم هیوادارم بە یارمەتیی هەموو ئێوە بەڕێزان کۆنگرەیەکی بەبەرهەم و پڕ دەسکەوتمان هەبێ و کۆنگرە بتوانێ وێڕای هەڵسەنگاندنی سیاسەت و تێکۆشانی حیزب لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا، لەبارەی دوورەدیمەن و ئاقارەکانی خەباتی لەمەودوامان باشترین بەرچاوڕوونی و دروستترین ڕێنوێنی بداتە ڕێبەرایەتیی ئایندەی حیزبەکەمان و بەگشتی تێکۆشەرانی حیزب.

ئەگەر بەستنی کۆنگرە لە ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیی هەر پارتێکی سیاسیدا بە ساتەوەختێکی گرینگ و چارەنووسساز دادەنرێ، هەلومەرجێکیش کە کۆنگرەکەی تێدا دەبەسترێ دەتوانێ لە بایەخ و هەستیاریی ئەم ڕووداوە ڕۆتینەی ژیانی دێموکراتیکی ڕێکخراوە سیاسییەکە زیاد بکا. بەداخەوە سروشتی مەسەلەی کورد و چارەنووسی نەتەوەکەمان بە درێژایی مێژوو بە چەشنێک بووە کە تێکۆشەرانی ئەو گەلە بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆربەی کات ناچار بوون بەرنامە سیاسی و ڕێکخراوەییەکانی خۆیان لە هەلومەرجی هەستیار و نائاساییدا بەڕێوە بەرن. ئەوە ئەگەر بۆ زۆربەی نزیک بە تەواوی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕاستە، بە زۆر هۆی پێکەوە گرێدراو بۆ کۆنگرەی ئەمجارەمان زۆرتریش هەقیقەتی هەیە:

یەکەم، سەرەڕای خەبات و فیداکاریی بێپسانەوەی تێکۆشەرانی گەلەکەمان بۆ دابینکردنی مافە بەرهەقەکانی ئەو گەلە، بەداخەوە هەموو ئەو فاکتەرانەی پێشیان بەوە گرتوە کە مەسەلەی کورد لە ئێران چارەسەر بکرێ یان لانیکەم بەستێنی بردنە پێشی ئەو پرسە لە ڕێگای سیاسی و دێموکراتیکەوە پێک بێ، هەروا لە شوێنی خۆیانن. سەرەڕای زۆر ئاڵوگۆڕی سیاسی کە لە جیهان و ناوچە و تەنانەت لەپێوەندی لەگەڵ مەسەلەی کورددا ڕوویان داوە، کۆماری ئیسلامی کە لەپێناوی بەرژەوەندیی خۆیدا ماوەیەکە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرواڵەت ڕێگای سازانی گرتۆتە بەر و تەنانەت هەوڵ دەدا خۆی وەک بەشێک لە چارەسەری کێشەکانی ناوچەش نیشان بدا، لە ئاستی نێوخۆیی و لەپێوەندی لەگەڵ ماف و ئازادییەکانی خەڵک و بەتایبەتی پرسی کورددا بە هەمان مێتۆدی ڕابردوو دەجووڵێتەوە؛ باری نائاسایی لە کوردستان و سیاسەتی داخران و سەرکوت و هەڵاواردن دەرهەق بە گەلەکەمان هەروا درێژەی هەیە.

دووەم، هەلومەرجێکی تایبەتی کە سالانێکە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تێدایە و بۆتە هۆی بەرتەسکبوونەوەی مانۆڕی ئەوان و مانەوەی ڕێبەرایەتییەکانیان لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەو جوغرافیایەی ئەوانی لێ هەڵقوڵاون و خەباتی بۆ دەکەن، هەروا بەردەوامە. نهێنییەکمان نەدرکاندوە ئەگەر بڵێین بەهۆی ئەو بارودۆخە تایبەتەوە بەداخەوە کۆنگرەی ئەمجارەشمان بەبێ حزووری ڕاستەوخۆی نوێنەرانی تەشکیلاتی حیزب لە نێوخۆی وڵات کە بەشی هەرە گەورەی تەشکیلاتی ئەم حیزبە پێک دێنێ، بەڕێوە دەچێ. حاشای لێ ناکرێ کە درێژەکێشانی ئەم دۆخە بەشێوەیەکی گشتی کاریگەریی نەخوازراوی لەسەر ڕادەی بەڕۆژەڤ بوونی پرسی کوردی ڕۆژهەڵات و چۆنایەتی و ئارایشی هێزی خەباتگێڕانە و بەگشتی جێگە و پێگەی بزووتنەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان داناوە.

سێهەم، گرژییەکی بێوێنە کە لەدوای قەیرانی سووریە و سەرهەڵدانی داعش بەسەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەو ناوچەیەدا زاڵ بووە کە کوردستانی لێ هەڵکەوتوە، لە هەموو کاتێک زیاتر ئەوێی کردۆتە ناوەندی قورسایی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و مەیدانی ململانێ و لەبەریەک ڕاوەستانی زلهێزەکان و دەسەڵاتە هەرێمییەکان. بارودۆخی نوێی ناوچە هەرلەوکاتەدا کە زۆربەی هاوکێشە سیاسییەکانی پێشووتری لە ئاستی ناوچە و جیهاندا خستۆتە ژێر پرسیار و دەتوانێ ئاڵوگۆڕی گەورەتریش بەدوای خۆیدا بێنێ، لەپێوەندی لەگەڵ کوردیشدا هەڵگری کۆمەڵێک دەرفەت و کۆمەڵێک مەترسیی پێشتر نەدیتراوە. ئەم دۆخە نوێیەی ناوچە بە هەموو ئاڵۆزییەکانیەوە هەموو کورد و ئێمەش وەک بەشێک لە نەتەوەی کورد دەخاتە بەردەم کۆمەڵێک پرسیارو ئاستەنگی تازەوە. لێرەشدا جێنەگرتنی تا ئێستای کوردی ڕۆژهەڵات وەک بەشێکی ئەکتیڤ و دانپێدانراوی فاکتەری کوردی لەسەر نەخشەی ئەم ئاڵوگۆڕانە بۆ ئێمە و بۆ هێزەکانی ڕۆژهەڵات شیاوی لێوردبوونەوە و بیرلێکردنەوەی جیددییە.

ئەگەر هەمووی ئەمانە و زۆر مەسەلەی ورد و درشتی دیکەش دۆخی ئێستا و دوورەدیمەنی خەباتی لەمەودوای هەموو ئەو هێزانە کە بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی کوردی ڕۆژهەڵات تێدەکۆشن هەستیارتر دەکەن، بۆ حیزبی دێموکرات هۆکارێکی مێژووییش هەیە کە کاتی بەستنی ئەم کۆنگرەیە بایەخدارتر دەکا. لەگەڵ ئەوەدا کە کۆنگرەی ئەمجارەشمان لەکاتی پێشبینیکراو لە پێڕەوی نێوخۆی حیزبدا بەڕێوە دەچێ، وەک هەڵکەوتێکی جوان و پڕماناش کۆنگرەی شازدەی حیزب دەکەوێتە حەفتاهەمین ساڵی دامەزرانی حیزبەوە. ئەو حیزبە کە چەند مانگێکە پێی ناوەتە هەشتەمین دەیەی خەبات و تێکۆشانی خۆی، تا ئێستا ڕێگایەکی دوورودرێژ و پڕهەوراز و نشێوی لە خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد بڕیوە. ئەو ڕێگایە بە هیمەتی بەرزی ئەندامانی حیزبەکەمان براوەو بە قەڵغانێکی قایم لە فیداکاریی پێشمەرگە و لەخۆبردوویی تێکۆشەرانی حیزب تەنراوە. حیزبی ئێمە لەو ڕێگایەدا هەم شانازی و سەروەریی زۆری تۆمار کردوون، هەم زەبری زۆر گەورەشی وێ کەوتوون. بەڵام نە بە سەرکەوتنەکان لەخۆبایی بووە و نە بە داکشانەکانیش تووشی داماوی بووە. میراتێکی سیاسی و مەعنەوی کە ئەو حیزبە لە بزووتنەوەی کوردا جێگیری کردوە و هەموو ئەو خەسڵەتانە کە تایبەتمەندییان داوەتە خەباتی ئەم حیزبە، وای لە حیزبەکەمان کردوە کە هەر لەو کاتەدا ڕیشەی لە قووڵایی مێژووی نوێی کورددا هەیە و خاوەنی ئەزموونێکی دەوڵەمەند و پڕ شانازی یە، ئێستاش جێمتمانەترین چراوگی ڕێی ڕزگاریی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەڵگری خەون و خولیای سیاسیی گەورە بۆ ئایندەی ئەم گەلە بێ.

لەسەر ئەو بنەمایە و بەمەبەستی ڕێزگرتن لە حەوت دەیە کوردایەتی و وڵاتپارێزیی پشوودرێژانەی نەوە یەک لەدوای یەکەکانی کاروانی خەباتی حیزبی دێموکرات پێشنیار دەکەم کۆنگرەی شازدەمان بە «کۆنگرەی حەفتاساڵ تێکۆشان» ناودێر بکەین. هیوادارم ئەو ڕێکەوتە هاندەرمان بێ بۆ ئەوەی لە بڵێندایی حەفتا ساڵ تەمەنی حیزبەکەمان ڕا ئاوڕ بدەینەوە سەر ئەو ڕێگا دوور و درێژە کە تا ئێستا حیزبەکەمان بڕیویەتی و سەرباری هەموو سەختی و کەموکوڕییەکان شانازی بەوەوە بکەین کە ئەمڕۆ ئێمە میراتگر و هەڵگری ئەو ئەمانەتە مێژووییەین. هەر لەو کاتەدا دەبێ ئەو بۆنەیە هانمان بدا بۆ ئەوەی بەلەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو فاکتەرانەی لەسەرەوە ئاماژەمان بە هێندێکیان کرد، ئازایانە و سەختگیرانە کارکردی تا ئێستای خۆمان و خەباتەکەمان بدەینە بەر زەڕەبینی هەڵسەنگاندن. پێویستە بەوپەڕی هەستی بەرپرسیارییەوە خۆمان لە جارانیش ئەرکدارتر بکەین و چ لە کۆنگرە و چ لە دوای کۆنگرەوە باشتر حیزبەکەمان بۆ دەرچوون لە هەلومەرجی ئێستا تەیار بکەین. تەیاربوونێک کە بەپێی فرەڕەهەندیی خەباتەکەمان کەرەستەی پوخت و تۆکمەشی لە هەموو بوارەکاندا پێویستە، هەم ئەزموونی ڕابردووی دەوێ، هەم فیکری نوێ.

لەسەریەک ئەوە ئەرکی ئەندامانی بەشداری کۆنگرەیە کە بە لێکدانەوەی سیاسیی خۆیان لە بارودۆخی گشتیی نێودەوڵەتی و ناوچە و ئێران بەرچاوڕوونی بۆ خەباتی حیزب و جووڵانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە داهاتوودا بدەنە دەست. هەر لەوکاتەدا بە هەڵسەنگاندنی وەزعی ئێستای حیزب تێبکۆشن حیزبەکەمان بۆ ئایندە بەجۆرێک ئامادەبکەن کە وەڵامدەری ئەرک و بەرپرسایەتیی خۆی لە ئێستا و داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بێ. ئەو لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنەش دەبێ یارمەتی بە دەوڵەمەند کردنی ئەم ڕاپۆرتە بکا کە لەڕووی مێتۆدەوە جیا لە تاوتوێی گرینگترین پرسەکانی پێوەندیدار بە خەباتی ئێمە لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا، وەبیرهێنانەوە و دەستنیشانکردنی کۆمەڵێک فاکتەری دائیمی و پێکهاتەیی (ساختاری) یش لەخۆ دەگرێ. هەروەها پێبەپێی لێکدانەوەکەمان تێدەکۆشین ئەو ئیدەئال و پرەنیسپانەش بخەینە ڕوو کە بۆ ئێستا و داهاتووی خەباتی خۆمان بە گرینگیان دەزانین، بۆ ئەوەی لە بەرنامەڕێژیی کار و تێکۆشانماندا هەم بۆخۆمان کاریان پێ بکەین و هەم لە بازنە فراوانترەکانی خەبات و سیاسەتدا زیاتر بیان چەسپێنین.

### هەلومەرجی نێودەوڵەتی

پێوەندیی نێودەوڵەتی لەسەر پاراستنی بەرژەوەندی ڕێکخراوە و یاسا و ڕێساکانیش کۆمەڵێک دار و لەلەن بۆ پاراستن و ڕاگرتنی فەزای هاوسەنگیی بەرژەوەندییەکان. لە سەردەمی شەڕی ساردا کە کێبەرکێیەکی توند لە نێوان بلۆکی ڕۆژئاوا و بلۆکی ڕۆژهەڵات لە ئارادا بوو و بە ئادرەسی واشینگتۆن و مۆسکۆ پێناسە دەکرا، سیاسەتی جیهانی لەسەریەک، پەیڕەوی دوو جەمسەرییەکی ڕوون و یەکلاکەرەوە بوو. لەو سەردەمەدا پرسی شەڕ و ئاشتی و چارەسەری کێشەکان لە جیهاندا بەپێی نەخشەڕێگای ستراتێژی و تاکتیکی ئەو دوو زلهێزە دیاریدەکران. ئاڵوگۆڕ لە بلۆکی بەرەی سۆڤیەتی پێشوودا و سەرلە نوێ کێشرانەوەی جۆغرافیای سیاسیی جیهان، کۆتایی بەو دوو جەمسەرییە هێنا.

ئەو ئاڵوگۆڕە بەستێنێکی لەبار و گونجاوی بۆ پتر بە جیهانیبوونی دیاردەگەلێکی وەک مێدیا، ئابووری و ئاسایشی نێودەوڵەتی دروستکرد کە زۆر لایەن کەموزۆر خۆیان تێدا دەدیتەوە. لهو نێوهدا، بەرژەوەندییە هاوبەشە ئابوورییەکان لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا پێویستیان بە ئەمنیەتی هاوبەشیش هەبوو. هەربۆیە دوای ئهو گۆڕانانە زۆر سروشتی بوو کە کێشە و ڕووبەڕوو بوونەوەکانیش لە چوارچێوەی کلاسیکیی شەڕ و کێشەی ڕاستەوخۆی نێوان دوو یان چەند دەوڵەتدا کەمڕەنگ ببنەوە و ڕکەبەری و ململانەکان لە بواری سیاسی و ئەمنیەتی و ئابووریدا شێوازی دیکە بە خۆوە بگرن. ئەمڕۆ گەشەی تێکنۆلۆژی و بەرژەوەندیی هاوبەشی ئابووری بووهتە هۆی ئەوە کە کەرەسەکانی شەڕ و گوشارهێنان لە کێبهرکێی نێودەوڵەتیشدا بگۆڕدرێن. گەیشتن بە زۆر مەبەستی سیاسی و ئابووری و ئەمنیەتی کە کاتی خۆی بە شەڕ و ڕووبەڕوو بوونەوەی نیزامی تەواو دەبوو، ئێستا بە فشاری سیاسی و گەمارۆی ئابووری و ریزکردنی کۆمەڵێک یاسا و ڕێسا لە چوارچێوەی ئیلزامات و دەروەستیی نێودەوڵەتیدا وەدەست دێ.

لەگەڵ ئەوەی سەردەمی شەڕی سارد لەمێژە کۆتایی پێ هاتوە و ساڵانێکە فرە جەمسەری جێی دوو جەمسەریی گرتۆتەوە، دیاردەیەک کە لەم ساڵانەی دواییدا بەدی دەکرێ و هەتا دێ قووڵتر دەبێتەوە ئەوەیە کە ڕووسیە بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەی لاوازیی پێگەی ساڵانی ڕابردووی، جیا لە کێشەکانی پێوەندیدار بە حەوزەی نفووزی سوننەتیی خۆی کە بەرچاوترینیان قەیرانی ئۆکراین بوو، هەوڵی داوە کۆمەڵێک کێشەی دیکەش لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا و یەک لە وان قەیرانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دوو بەرەیی شیعە و سوننە بۆ ئەوە بەکار ببا کە جێپێیەکی پتەوتر و بەرفرەوانتر لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و نفووز لە ناوچەدا بۆخۆی بکاتەوە. وەک دەرەنجامێکی ئەو ململانێ گەورانەش بە جۆرێک دوو جەمسەرییهکەی پێشوو بە شێوازگەلی دیکە و لەسەر بنەمای کۆمەڵێک فاکتەری نوێ (کە چیدیکە ئیدئۆلۆژیک و یەکدەستنین) زیندوو بۆتەوە.

دیارە سەرهەڵدانەوەی ئاشکراتری ڕقەبەریی نێوان ئەمریکا و ڕووسیە نەبۆتە هۆی پەککەستنی دامودەزگاکانی شەرعییەتی نێودەوڵەتی (وەک لە سەردەمی شەڕی ساردا باو بوو) بۆ نموونە لە چوارچێوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا زلهێزەکان کەموزۆر هەماهەنگی و هاودەنگییان لەبواری ئەمنییەتی جیهانیدا پێکەوە هەبووە کە لەو پێوەندییەدا دەکرێ ئاماژە بە ڕەوتی کۆنترۆڵ و داماڵینی چەکە کۆمەڵکوژەکان بکەین. جیا لەوەش سەرهەڵدان و پەلکێشانی کۆمەڵێک مەترسیی هاوبەش کە تازەترین و گرینگترینیان داعشە بوونەتە بەستێن و بابەتی بڕیاری نێودەوڵەتی.

دیاردەی تێرۆریزم بەتایبەتی ئەو جۆرە لە توندوتیژیی کوێر کە لەسەر بەستێنی بنئاژۆیی ئیسلامی دروستبووە و لەو چەند ساڵەی دواییدا بە شێوەکی زۆر بەربڵاوتر لە پێشوو بەرۆکی مرۆڤایەتیی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و زۆر گۆشە و کەناری دیکەی جیهان گرتوە، ئەمڕۆ وەک بابەتی هەرە مەترسیدار بۆسەر ئاسایشی نێودەوڵەتیی زۆر بەرچاو. هەر ئەوەشە کە پڕۆژەی داعشی بەرەوڕووی ئەو دژکردەوە بەربەرین و بێوێنە نێودەوڵەتییە کردۆتەوە. بەڵام حاشای لێناکرێ کە نە هۆکارەکانی سەرهەڵدان و پەلکێشانی ئەو دیاردە مەترسیدارە تەنیا ئیدئۆلۆژین و نە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش لە دارشتنی ئامانج و شێوازەکانی ئەو ڕووبەڕوو بوونەوەیەدا یەکدەنگ و یەکگرتوویە. لەڕاستیدا ئامانج و ئاجێنداکان لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا زۆر لێک جیاوازن و قەیرانی سووریە و شەڕی داعش بوونەتە سێناریۆی بردنەپێش و یەکلاکردنەوەی کۆمەڵێک ململانەی زۆر فراوانتری نێودەوڵەتی و هەرێمی....



## به کرێگرتنی منداڵان بۆ سواڵ بە١٥ هەزار تمەن لە ڕۆژێکدا

فەرەحناز ئەرفەع، سەرۆکی ڕێکخراوی یارمەتیدەرانی مانگی سوور ڕایگەیاند لە ئێران منداڵان بە مەبەستی سواڵ کردن بە ١٥ هەزار تمەن لە ڕۆژدا بە کرێ دەدرێن‌و نرخی فرۆشتنی ئەوانیش بە ٢ میلیۆن تمەنە.

سەرۆکی ڕێکخراوی یارمەتیدەرانی مانگی سوور گوتی: ڕووخسارو جەستەی کۆمەڵێک لەم منداڵانە بەهۆی موعتاد بوونی دایکەکانیان سووتاوە.

پێشتریش سیاوەش شەهریوەر، بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگیی پارێزگاریی تاران بە پشتڕاست کردنەوەی هەواڵی فرۆشرانی کۆمەڵێک لەم کۆرپانەی کە تازە لە دایک دەبن، گوتبووی: هێندێک لە ژنانی موعتاد یان لەشفرۆش کە دووگیان دەبن پاش ئەوەی کە منداڵیان بوو، هەوڵی فرۆشتنی منداڵەکانیان دەدەن‌و دەبێ ئەوەش قبووڵ بکەین بەشێک لەم کارە قێزەونەش بە شێوەی سازماندارو جێبەجێ دەکرێ.

فاتمە دانشوەر، سەرۆکی کومیتەی کۆمەڵایەتیی



شووورای ئیسلامیی شاری تاران کە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بۆ یەکەمین جار ئەم هەواڵەی بڵاو کردەوە، پێشتر گوتبووی: ڕاپۆرتەکان دەریان خستووە ژنانی کارتۆن خەو و لەشفرۆشەکان لە هێندێک لە نەخۆشخانەکانی باشوور و ناوەندی شاری تاران، پاش ئەوەی کە منداڵیان بوو، منداڵەکانی خۆیان بە ١٠٠ تا ٢٠٠ هەزار تمەن دەفرۆشن.

## ڕێگریی دەوڵەتی ئۆتریش لە بڵاوبوونەوەی نامەی خامنەیی لە قوتابخانەکانی ئەو وڵاتەدا

دەوڵەتی ئۆتریش ڕێگری لە ناردن‌و بڵاوبوونەوەی نامەی خامنەیی بۆ قوتابخانەکانی ئەم وڵاتە کردووە. لە نامەی خامنەیی‌دا کە ڕوو بە لاوانی ڕۆژاوا پاش تێرۆرەکانی پاریس لە مانگی نۆڤامبردا بڵاو کرایەوە، تاوانی تونداژۆیی لاوانی موسوڵمان خراوەتە ئەستۆی ڕۆژاواو ئیسراییل.

بەپێی ڕاپۆرتی دەنگی ئاڵمان دەوڵەتی ئۆتریش ڕێگەی بە باڵوێزی ئێران لە وڵاتەکەی نەداوە کە وەرگێڕاوی نامەی خامنەیی بۆ لاوانی ڕۆژاوا بڵاو بکاتەوە. هاوکات لەگەڵ هاتنە بەر باسی ئەم مەسەلە لە مەجلیسی تورکیە، ئەم باسە وروژا.

دوای پرسیاری نوێنەرێکی حیزبی سەوزەکان لە مەجلیسی ئۆتریش ڕوو لە وەزارەتی پەروەردەو بارهێنان، وەزارەتی پەروەردەی ئۆتریش ڕوونی



کردەوە کە بەر لەوەی باڵوێزخانەی ئێران لە هەوڵی کارێکی لەم چەشنەدابێ، ئەوان باڵوێزی ئێرانیان بانگ کردوەو نارەزایەتییان بەو بڕیارەی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بۆ نووسینی ئەو نامەیە دەربڕیوەو ڕێگەیان نەداوە ئەو نامەیە لە ئوتریش‌دا بڵاو بێتەوە.

## تەمەنی تووشبووان بە مادەی هۆشبەر گەیشتە ١٢ ساڵ

حوسێن لامی‌زادە، سەرۆکی دەبیرخانەی ستادی بەرەنگاربوونەوەی مادەی هۆشبەری خوزستان دەڵێ تەمەنی تووشبووان بە مادەی هۆشبەر لە ئێران بۆ ١٢ ساڵ دابەزیوە.

لامی‌زادە ڕۆژی ڕابردوو هەواڵدەریی ئێرنای ڕایگەیاند کە کۆنترۆڵی ئاماری تووشبووان بە ماددەی هۆشبەر قسەی لەسەرەو لە جیاتی ئەوەی وەک خۆی بمێنێتەوە، بەرزبۆتەوە.

ستادی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ مادەی هۆشبەر ساڵی ڕابردوو ڕایگەیاندبوو کە تەمەنی تووشبووان بە مادەی هۆشبەر لە ئاستی ئێراندا ١٥ ساڵ بوو.

ئامارە ڕەسمییەکان ئەمە دەردەخەن کە لانیکەم سەدی یەکی حەشیمەتی ١٣ میلیۆنیی قوتابیانی ئێران ئالوودەی مادەی هۆشبەرەکان بوون. ئەم ڕێژەیە تەنیا ئەم قوتابیانە دەگرێتەوە کە بەڕەسمی ئالوودە بوون‌و ئەم قوتابیانە ناگرێتەوە کە بۆ کەیف‌خۆشی‌و ڕابواردن ماددەی هۆشبەر دەکێشن.



شایانی باسە کە بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان ئاماری تووشبوان بە مادەی هۆشبەر لە ئاستی ئێران‌دا یەک میلیۆن و ٣٢٥ هەزار کەس ڕاگەیەندراوە، بەڵام کارناسانی سەربەخۆی ئەم بوارە دەڵێن ئاماری ڕاستەقینەوەی تووشبووان بەمادەی هۆشبەر لە ئاستی ئێران لە ٤ میلیۆن کەس زیاترە.

## سۆنامیی ٧٣٠ هەزار پزیشکی بێکار لە ئابووریی ئێران‌دا

ئامارەکان دەریان خستووە شاڵاوی بێکاری‌و ناچالاک بوونی ٦ میلیۆن‌و ٨٠٠ هەزار دەرچووی زانکۆ، مەترسییەکە بۆسەر بازاڕی کارو ئەمڕۆکە ٧٣٠ هەزار کەس بە بڕوانامەی فەوقی لیسانس‌و دوکتوراوە گردەنشین لە ماڵەکانیان دانیشتوون‌و هیچ کارو شوغڵێکیان نییە.

وەزارەتی کار لە نوێترین ڕاپۆرتی خۆیدا باسی لە بارودۆخی بازاڕی کاری ئێران لە نێوان ساڵەکانی ١٣٨٤ تا ١٣٩٣ کردووە و گوتوویەتی لە حاڵێکدا کە ساڵی ٨٤ ڕێژەی کەسانی بێکارو ناچالاک ٣٣ میلیۆن و ٤٦٩ هەزار کەس بووە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە ساڵی ٩٣ بۆ ٤٠ میلیۆن و ١٩٨ هەزار کەس بەرز بۆوە.

هەر بەپێی ئەم ڕاپۆرتە لە ساڵی ١٣٨٤ دا ڕێژەی ٢ میلیۆن‌و ١١٥ هەزار کەس خاوەنی بڕوانامەی فەوقی دیپلۆم و لیسانس بوون، ئەم کەسانە پاش تەواوبوونی دەرسەکەیان لە جیاتی ئەوەی کە لە مەیدانی ئابووریدا



چالاکی بکەن، لە نێو ماڵەکانیاندا خانەنشین کران، ئاماری ئەم دوو گرووپە لە بواری کار و شوغڵەوە، لە ساڵی ٩٣ تا ئاستی ٥ میلیۆن و ٢١٢ هەزار کەس بەرز بۆوە.

جگە لەوەش، لە ساڵی ٩٣ ڕێژەی ٦٠١ هەزار کەس بە بڕوانامەی فەوقی لیسانس و دوکتوری حیرفەیی و پسپۆڕییەوە، هیچ چەشنە کار و شوغڵێکیان نەبووە.

## ڕاپۆرتنێرانی بێسنوور:
## هەڵبژاردنی ٧ی ڕەشەممە ئازادانە نەبوو

ڕێکخراوی ڕاپۆرتنێرانی بێسنوور لە بەیاننامەیەکدا وێڕای مەحکومکردنی بەرتەسک کردنەوەکانی ئازادیی ڕاگەیاندن لە ڕەوتی هەڵبژاردنەکانی ئێران، ئەم هەڵبژاردنەیان بە داخراو و نائازاد لە قەڵەم دا.

لەم بەیاننامەیەکدا هاتووە کە لە ڕەوتی هەڵبژاردنەکاندا زۆربەی بەربژێرەکان لە لایەن شورای نیگابانەوە "بە هۆی پێبەنندنەبوونی بە ئیسلام و کۆماری ئیسلامی و وەلیی فەقیە" ڕەدی سەلاحییەت کران‌و نەیانتوانی بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەن.

ئەم ڕێکخراوە کە مەقەڕەکەی لە شاری پاریسی پێتەختی فەڕانسەیە، وێڕای ئاماژە بە سەرکەوتنی نیسبیی لایەنگرانی حەسەن ڕۆحانی لە دوو هەڵبژاردنی مەجلیسی شورای ئیسلامی و مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری‌دا، لە ڕاگەیەندراوێکدا نووسیویەتی حەسەن ڕۆحانی و هاوپەیمانانی ریفۆرمخوازو میانەڕەو ئیدی هیچ پاساوێکیان نییە بۆ ڕاگرتنی ٣٧ ڕۆژنامەنووس لە زینداندا.

هەروەها لە ڕاگەیاندنی ڕاپۆرتنێرانی بێسنووردا هاتووە کە دەسەڵاتدارانی ئێران تەنیا بە بەرتەسککردنەوەی هەڵبژاردنەکان ڕازی نابن‌و کۆنترۆڵی هەموو ڕاگەیەنەکانی دژبە خۆیان دەکەن و تەنانەت سەرکەتیشیان دەکەن.

بەپێی دوایین ئاماری ڕێکخراوی ڕاپۆرتنێرانی بێسنوور، ئێران بە زیندانی کردنی ٣٧ ڕۆژنامەوان و ڕاپۆرتنێر لە پلەی پێنجەمی زیندانی چالاکانی ڕاگەیاندن لە ئاستی جیهان دایەو لە بواری بەرتەسککردنەوەی ڕاگەیاندن لە ساڵی ٢٠١٥ لە نێو ١٨٠ وڵاتی جیهان لە پلەی ١٧٣ دایە.

## موعتادبوونی ١٣٠ هەزار قوتابی لە قوتابخانەکانی ئێران

ئەندامێکی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی مەجلیس دەڵێ، ١٣٠ هەزار قوتابیی قوتابخانەکان لە ئاستی ئێراندا تووشیان بە تووشی مادەی هۆشبەر بووە.

حوسێن تەلا بە هەواڵدەریی حکومەتیی "مێهر"ی ڕاگەیاندوە کە وەزارەتی فێرکردن‌و پەروەردە لە مانگی یەکەمی سەرەتای خوێندنی ئەمساڵ گوتبووی کە نزیک بە ١٣ میلیۆن قوتابی لە قوتابخانەکانی ئێران دەخوێنن کە لە ئاستی تەمەنیی ٧ تا ١٩ساڵدان.

ناوبراو لە درێژەدا سەبارەت بە تەمەنی تووشبوونی قوتابییان بە مادەی هۆشبەر گوتی: بەپێی ڕاپۆرتەکان تەمەنی ئیعتیاد بۆ ١٣ ساڵ دابەزیوە و ئەم تەمەنەش یانی گەیشتن بە قۆناغی مێرمنداڵی کە لە سەرەتای خولی دووهەمی خوێندن کە پۆلی ٧ یان هەمان دووهەمی ناوەندیی پێشوویە، بەم قۆناغە دەگەن.

ئەندامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی مەجلیس لەم بارەوە گوتی: بەپێی ئەم ئامارەی کە لە لایەن ستادی بەربەرەکانیی لەگەڵ مادده هۆشبەرەکانەوە ڕاگەیەندراوە، ئێستا سەدی ١ی سەرجەم قوتابییان لە ئێران گیرۆدەی مادده سڕکەرەکان بوون و ئەگەر ئەم



ئامارە ڕاست بێ لە ئێستادا ١٣٠ هەزار کەس قوتابیی موعتاد لە پشت مێزی پۆلەکان خەریکی دەرس خوێندنن.

ناوبراو هەروەها لە بارەی ئەم ئامارەوە پێداگری کرد کە، بوونی ئاماری ١٣٠ هەزار قوتابیی موعتاد، پێوەندیی بەم قوتابییانەوە هەیە کە بە دایمی ئەم ماددانە بەکار دێنن، بەڵام تا ئێستاش هیچ ئامارێک لە توشبوونی ئەم قوتابییانە ڕانەگەیەندراوە کە تەنیا بۆ کەیف خۆشیی خۆیان ماددەی هۆشبەر دەکێشن‌و ئەگینا لەوانەیە ڕێژەیان زۆر لەم ئامارە زیاتر بێ.

## ڕاپۆرتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤی ئێران لە مانگی ڕێبەندانی ئەمساڵدا

پێشێلکردنی سیستماتیکی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران لە لایەن ڕێژیمی ئێران لە مانگی ڕێبەندانیش بەردەوام بوو.

ئاماری ئێعدام لە مانگی ڕێبەندان ئەگەرچی لە چاو مانگی ڕابردوو کەمتر بوو، بەڵام ئێعدامکردنی بەندکراوان لە بەندیخانەکانی کرماشان، یەزد، یاسووج و تاران درێژەی بووەو زۆربەی ئەم ئێعدامانە بە نهێنی بوون‌و بێ ئەوەی کە لە ڕاگەیەنە دەوڵەتییەکاندا ڕەنگدانەوەیان بووبێ.

هەروەها لەم مانگەدا دەستدرێژی بۆسەر مافە سەرەتاییەکانی کەمینە نەتەوەیی‌و ئایینی لە ئێران بەردەوام بووە کە لە بەشی نەتەوەییەکەی‌دا لاوێکی کوردی خەڵکی ڕوانسەر بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ئینتزامی کوژراو و هەروەها لە سیستان‌و بەلووچستانیش هێرش کراسەر خەڵکی مەدەنی و تەقەیان لێ کرا. لە ماوەی ١١ مانگی ئەمساڵدا تا ئێستا ٥٢ کەس لە سیستان بە تەقەی هێزەکانی ڕێژیم کوژراون.

هەروەها لە مانگی ڕابردوودا هیچ هەنگاوێکی نوێ بۆ یەکسانیی ڕەگەزیی لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەڵنەهێندرایەوە، ژنانی ئێران لەم مانگەش‌دا پێشێلکردنی مافی خۆیان بە چاوی خۆیان بینی‌و، لە




گرینگترین بابەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە پێوەندی لەگەڵ ژناندا هەر ئەوەندە کە ڕێگە بە تەنیا یەک ژنیش بۆ هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی خوبرەگان نەدرا.

لە پێوەندی لەگەڵ پێشێلکردنی مافی کرێکارانیش‌دا ئەو ڕەوتە درێژەی بووەو لە مانگی ڕێبەنداندا لە کوردستان چالاکێکی کرێکاری لە شاری سەقز حوکمی زیندانی بەسەردا سەپاو هەورەها لەم مانگەدا ٣٤ کەس بە هۆی نەبوونی ئەمنیەتی کار لە شوێنی کارەکانیان گیانیان لە دەست دا.

## هەڵکشانی ئاماری بەشوودانی کچانی مێرمنداڵ لە ئێران

جێگری سەرکۆماری ئێران بۆکاروباری ژنان‌و خێزان دەڵێ ئاماری بەشوودانی کچانی مێرمنداڵ پێش ئەوەی تەمەنیان بگاتە تەمەنی قانوونی ڕوو لە هەڵکشانەو ئەوە جێی نیگەرانییە.

شەهێندۆخت مەولاوێردی دەڵێ لە یەک دوو ساڵی ڕابردوودا بە شودانی کچانی منداڵ لە نێو کۆمەڵگادا پەرەی سەندوەو تەنانەت کچانی تەمەن ١٠ ساڵانەش لەم دیارەدەیە بێ بەش نەبوون.

پێشتریش ئیدارەی سەبتو ئەحواڵی ئێران ڕایگەیاندبوو کە لە ماوەی ٩ مانگی سەرەتای ساڵی ٩٢ دا نزیک بە ٣١ هەزار کچی ژێر ١٥ ساڵ ژیانی بەشوو دراون. جێگری سەرکۆماری ئێران بۆکاروباری ژنان‌و خێزان دەڵێ وەزیری دادگوستەری دەبێ ڕاپۆرتێک لەم بارەیەوە بڵاوبکاتەوە، لەبەر ئەوەی کە بەشوودانی کچانی خوار ١٥ ساڵ ناقانوونییە.

شایانی باسە پاش هەوڵێکی زۆری چالاکانی مافی منداڵان لە ئێران، تەمەنی باڵغبوونی کچان لە ٩ ساڵی بۆ ١٣ ساڵ بەرز کرایەوە، بەڵام قانوون‌و پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان کە ئێرانیش بە ڕەسمیی ناسیوە بەڵام



جێبەجێی ناکا، ئەو تەمەنەی ١٨ ساڵ دیاری کردوە. کەچی لەگەڵ ئەوەش‌دا دادگاکان لە ئێران لەسەر ئیزنی دایک و باوک ئیزن بە شووکردنی کچانی خوار ١٣ ساڵیش دەدەن.

ئەدەب و هونەر

کوردستان

ژمارە: ٦٧٥

١٧ی ڕەشەمەی ١٣٩٤

٧ی مارسی ٢٠١٦

# دەنگی هەنگاوی نەورۆز



عەلی لەیلاخ

نەورۆز بەریوەیەو دەنگی هەنگاوە سەوزەکانی بەسەر دەشت ودەوەن وقەتپاڵەکان دیارەو لە چرۆی نەمام ودرەختەکاندا،موژدەی سەوزبوونەوەی دەنگدەداتەوە و باڵندەکان بێ ئۆقرە ڕێز لەم هاتنە پیرۆزە دەگرن.زەوی کراسی نوێ لە بەردەکات وخاک گیانی تازەی وەبەر دێتەوەو ،ژیان بۆن وبەرامەیەکی هیوابەخشی لێوەدێت.زستان وسەرما وسۆڵی دەبێتە بیرەوەریی وگەشەونەشەیەکی بەربەرین دەبێتە ئارەزوویەکی گشتگیر ،نێوانی مرۆڤ و سرۆشت.

سرۆشت و مرۆڤ دووانەی لەمێژینەی ڕەوتی ژیانن کە خۆیان لە هەبوونی یەکتردا دەبینەوە. لە روانگەی «ناتوراڵیزم»ەوە مرۆڤ گرێدراوە بە سرۆشت وبوونێکی فەلسەفیی و هەتایی هەیە و لە ئەدەبی «ناتورالیزمی»دا گرینگی دان بە سرۆشت وژیوار خاڵێکی بەهێزوبنەرەتییە.هەربۆیە هاتووچۆی وەرزەکان و رووداوە سرۆشتییەکانی کاریگەریی هەبووە بە سەر بیرو زەین وهونەری مرۆڤەکان.

یەک لەو رووداوە هەرە گرینگ وبە بایەخە،دەسپێکی وەرزی بەهاروهاتنی نەورۆزە کە جیا لە سەرەتای نوێ بوونەوەی ساڵ و سرۆشت،بۆنێکی فەلسەفییە وکە لە چەندین ڕەهەندەوە دەتوانین بیخەینە بەر باس وشرۆڤە.

بەڵام ئەوەی کە باسکرا رۆانگەیەکی رۆاڵەتی وگشتییە بە نیسبەت ئەم رووداوە سرۆشتییە،چونکە بۆ گەلی کوردی هەژار نەورۆز وهاتنەوەی سەری ساڵی تازە جیا لە بەرێوەچوونی کۆمەڵێک داب ونەریتی کۆن و ئاهەنگ گێڕان خوێندنەوەیەکی دیکەی هەیە کە کاکڵی ئەم بابەتەیە...

–بۆچی نەورۆزی کوردەواری؟!

راستە کە نەورۆز سەرەتا رووداوێکی سرۆشتی وژینگەییە و لە بەشێکی زۆر لە جوغرافیای خۆرهەڵاتی ناوەراست بە شادیی وخۆشییەوە پێشەوازی لێدەکەن.بەڵام لە مێژە هەر تاکێکی کورد لە زاری شێعر وئاوازی کوردییەوە چ لە ئەدەبی زارەکی (فۆلکلۆر)چ ئەدەبی کلاسیک ونوێ زۆرمان بیستووە کە نەورۆز بە نەتەوەی کورد گرێ دەدەن،،بۆ نموونە مامۆستا هەژاری مۆکریانی دەبێژێ:

مزگێنی دا بە سروە بای بەهاری
وا هاتەوە نەرۆزی کوردەواری..

ئایا مەگەر نەورۆز تایبەت بە جوغرافیای کوردەوارییە؟لە حاڵێکدا ئەم بۆنە سرۆشتییە لە وڵاتانی دیکەش بوونی هەیە،یان دەگرێتەوە بۆ ئەمە ریشەیەکی مێژوویی ونەتەوەیی هەیە!بۆ شکیردنەوەی ئەم پرسیارە گرینگە پێویستە ئاورێک بدەینەوە لە مێژووی کورد بەگشتی وبەتایبەتی چەخت بکەین بەسەر فەلسەفەی نەورۆز لە نێو کوردان.

بەداخەوە مێژووی کورد لە زۆربارو بە هۆکارگەلێکی سیاسی وجوغرافیایی مێژوویەکی ناروون وتا ڕادەیەکی زۆر جێگەی گەنگەشەیە،چونکە نەبوونی کیان ودەسەڵاتی بەهێزی کوردی بۆ تۆمارکردنی مێژووی خۆی ئەم خەسارەی لە گەلی کورد داوە،بەشێک لە مێژووی کۆنی ئەم گەلە یان بووی نووسراوە یان حاشای لێکراوە لە لایە دەسەڵاتی باڵا دەستەوە. تەنیا بەڵگەی ئێمە دەتوانێت ئەو سەرچاوەو ژێدەرانە بێ کە لەلایەن کۆنینە ناسانی بیانییەوە باسکراون.زۆر بەداخەوە دیسانەکە بە هۆی پەرش وبڵاوی ونەبوونی کیانێکی بەهێزودیاری کوردستانی تائێستاش کورد ،لەم بەڵگە مێژووییانە لەگەڵ خورافە ودواکەتوویی و رۆژێک بۆ زیندووبوونەوەوسەرهەڵدان بەچەشنی سرۆشت لە پێش چاوبگرین.

دیرینەناسەکان ئاسەواری پاشایەتی



گەلی کورد وجوغرافیای کوردستان دەبەستنەوە. ئەمە لەیەک ولەلایکتر ئەو داب ونەریتانەی کە ئێستاشی لە گەڵ بێ لە نێو هەموو پێکهاتەکانی گەلی کورد بەدەر لە جیاوازی زاروبن زارو هەڵکەوتوویی جوغرافیایی وئاین وئاین زاکان.. تا رادەیەکی زۆر هاوشێوە بەڕێوە دەچێ،وەکوو ئاگرکردنەوە بەنیشانی رەمزێک بۆ نووروپاکی و ئاهەنگ گێران وهەڵپەرکێ وهیلکە رەنگ کردن وسەمەنی نیان و سەردانی یەکتر کردن و..زۆر شتی دیکە ئەوەمان پێ دەڵێ؛کە نەورۆز لە مێژە هێمایەکی پیرۆزی نەتەوەییە ودەبێ ساڵ بەساڵ گرینگی تایبەت ومیللی پێ بدرێت.بە تایبەتی تر لەم سەردەمە کە کورد وەکوو نەتەوە هێشتا نەیتوانیوە مافە رەواکانی خۆی دەستەبەر بکات ولە نێو نەتەوەکانی دیکە وەکوو گەلێکی زیندوو وخاوەن مێژوو خۆی دەربخات وهێشتا لەم بارەوە هەڕەشەی لەسەرە.بێ گومان رەمزێک وەکوو نەورۆز دەتوانێ بۆ خۆناساندن وخۆ ڕێکخستنی کورد لەهەموو پارچەکان بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی بن دەستی کۆماری ئیسلامی بەستێن وهەوینێکی گشتگیربێت.ئەرکی سەرشانی هەموو ڕێکخراوە سیاسی وفەرهەنگییەکانە چ لە ناوخۆ وچ لەدەروەی رۆژهەڵات ئەمساڵ زیاتر لە ساڵانی پێشوو هاندەری خەڵک وجەماوەر بن کە لە دەوری ئاگری سووری نەورۆزی پیرۆز خڕببنەوەو بەشێوەیەکی مەدەنیانە بچنە پێشوازی نوێ بوونەوەو بۆ وەدەرنیانی زستانی زڵم،کوردانەوبوێرانە گوندوشاروشەقامی کوردەواری بە سروودوگورانی بهەژێنن.

گشتاندنی نەورۆز بەسەرپانتایی هەستی بۆ چەسپاندنی شووناسی خۆی نەیتوانیوە کەڵکی لێ وەرگرێت.

بەهەرحاڵ دەگەرینەوە سەر پرسیاری سەرەوە ئەویش دۆزینەوەی وڵامێک بۆ ئەوە کە نەرۆزی کوردەواری یانی چی؟!

به گووتەی(ذبیح اللە صفا)لێکۆڵەرو وەرگێری بەناوبانگی ئێران کە دەڵێ:هەموو ئەو رووداوە و داستانانەی کە بە رۆاڵەت لە خورافات نزیکن،باس وخواستێکی مێژوویی وراستن کە بە تێپەڕبوونی زەمان بەوشێوە دێنە بەرچاو..)

بە لە پێش چاو گرتنی ئەم قسە دەتوانی لە سەر سێ رووداوی کۆنی کوردی پێداگریمان هەبێ و یاریدەربێ بۆ وڵامی پرسیارەکەمان،کە هەر سێ ئەمانە لە بەرەبەری بەهارو لە نەورۆز روویان داوە.

یەکەم ئەگەر وڵاتی «هیندۆستان»بە شوێنی دابەزینی یەکەم مرۆڤ ناسراوە،بێ گومان شوێنی لەنگەر گرتنی کەشتیەکەی نووح،دەبێتە لانکی دووهەمی مرۆڤایەتی»

لە ئایەی ١٢٩ی سوورەی «مۆمنون»دا هاتووە کە نووح داولە خوا دەکات لە کە لە ئاوخاکێکی پیرۆدا،دامان بەزێنە کە لەلای خۆت باشترینە((ربی انزلنی منزلا مبارکا»وانت خیرالمنزلین مومنون/١٢٩)

لێکۆڵینەوە زانستی ومێژووییەکان دەرخەری ئەوەن کە کەشتیەکەی نووح بە سەر شاخی سەرکەشی «جوودی»راوەستا و لە سوورەی «هود»یش ئایەی ٤٤ناوی ئەم شاخە پیرۆزە هاتووە،»جوودی» یان هەمان گوودی،گوتی/ کوردی،لەباری ریشەی وشەوانییەوە ئێگجار بەیەک نزیکن ویەک لە عەشیرەتەکانی کۆنی کورد بە ناوی گوتیەوە ناسراون.

تێکشانی بتەکان وشۆرشی ئیبراهیم هەر لە نەورۆز رووی داوە کە پیغمبەرێکی کوردەو هەڵقولاوی جوغرافیای کوردستانە.ئیبراهیم کوری ئازەر لە هەریمی (حەران)لە ناوچەی (متیانی) لە وڵاتی کوردستان لەدایکبووە ودوای رووەدەکاتە فەلەستین ومیسر..

ئیبراهیم شۆرشەکەی خۆی واتە شکاندنی بتەکان لە نەورۆز دەسپێکرد جیا لەوە لەو رۆژە خەڵکی ئاسایی وپاشاوپاسەوان هەموو رۆیشتبوون بۆ سەیران.سیزدەبەدەر ی ئەمرۆکە،دەتوانین وەکوو رەمزێک بۆ بەربەرەکانی

(نەمرووت،نەمروو،نەمر..)یان ،لە دەوروبەری شاری «ڕانیە«تا «کۆیە« دۆزیوەتەوە،تەنانەت زانایانی دیکەش وەکوو «فیردەوسی›و «ابن اثیر»و احسان نوری پاشا لە سەر ئەمە کۆکن کە ئیبراهیم هەمان زەردەشتەو کە بە دەستی «نەمروو» لە نێوان شاری «ڕانیە«و»کۆیە« لە



ئاگر خراوە.

هەروەها سەهەڵدانی (فەریدوون)ی کورد،شۆرشێکی شاخی بەرانبەر پاشای سەردەمی خۆی کە لە چیرۆکە کۆنەکان وشانامە دا هاتووە،دەتوانێ بەڵگەیەکی دیکە بێ بۆ ئەمە کە بۆچی نەورۆز جیا لە نوێ بوونەوە لە لای کوردان گرینگایەتی هەیە،بە چاوخشاندنێک بەسەر ئەم سێ رووداوە گرینگ وکوردییە کە سەلمێنەری کەونارایی گەلی کوردو هەروەها بارست وگرینگایەتی نەورۆزدەگەینێت ،کە لە مێژووی ئەم گەلە بۆچی سرنجراکێشە.!

بێ گومان شاعیران و هزرڤانانی کورد بەم سێ بەڵگە مێژووییە پشتیان بەستووە کە بە ڕاشکاوی بۆن وئاهەنگی مەزنی نەورۆز بە نەتەوەیی کورد،جیا لەوە سۆزی برایەتی وخۆشکایەتی دەباتە سەر،بۆ نەیارانی ئەم گەلەش بانگەشی پەیامێکە کە «کەس نەڵێ کورد مردووە،کورد زیندووە«

هەروەها رووبەدنیای دەروەش وەکوو نەتەوەیەکی مەزن و خاوەن مێژوو،زیاترو ئەمرۆیی تر جێگەی سەرنج دەبین وچیتر نکۆڵی لە کەونارایی ئەم گەلە چەوساوە ناکەن..

ژێدەر؛ماڵپەری خێوەت،فصلنامەی ژیوار،ماڵپەری کوردستان وکورد.

KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO:675 7 March 2016

مالّپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11642

polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647508578190

Tashkilat.kdp92@gmail.com

## دۆزینەوەی شوێنێکی ژیان لە هەورامان بە پێشینەی ٥ هەزار ساڵ



بەڕێوەبەری گشتیی میراتی فەرهەنگی، پیشەدەستیو گەشتیارییەکانی سنە ڕایگەیاند کە لە ناوچەی هەورامان کوپەو گۆزەی کۆتایی سەردەمی مس و بەرد دۆزراوەتەوە.

سەیدموحسێن عەلەوی گوتی تیمێکی کەونارناسی لە نزیک ئاوایی ناو سەربە شاری سەوڵاوا شوێنێکی ژیانیان لە دەوروبەری چۆمی سیروان بە پێشینەی زیاتر لە ٥ هەزار ساڵ دۆزیوەتەوە.

ناوبراو گوتی، ئەم شوێنەوارە لە کۆمەڵێک سواڵەتی سەردەمی مس و بەرد لەگەڵ چەند ئاوێرێکی بەردینە کە لە بەردی چەخماخە.

ناوبراو هەروەها گوتی سواڵەتە دۆزراوەکان بە مادەیەکی سوور داپۆشراون کە لە چەشنی لە دەوروبەری زاگرۆسیش دۆزراوەتەوە.

عەلەوی دەڵێ نموونەی ئەم سواڵەتانەش پێشتر لە شوێنە کەونارناسییەکانی ڕۆژاوای ئێران لە تەپۆڵکەی گودین لە کەنگاوەر دۆزراوەتەوە.

سیروان محەممەدی قەسریان، لە کەونارناسانی پارێزگای سنەیەو دەڵێ ئەمە یەکەم جارە کە لە ناوچە شاخاوییەکانی هەورامان شوێنەواری سەردەمی مس و بەردینە دەبینرێ.

ناوبراو پێداگریی کردەوە کە ئەم شوێنەوارە نیشانەی ئەوەیە کە بەردەوامیو گەشەی بەکارهێنانی ئەشکەوتەکانی ئەم ناوچەیە لە لایەن مەڕداران لە نیوەی دووەمی هەزارەی چوارەمی پێش زایین بووە.

هەورامان لە ناوچە کۆنو کەونارەکانی کوردستانەو پێشینەی بۆ ٥ هەزار ساڵ لەوەپێش دەگەڕێتەوە.

## کۆڕی ڕەخنەو لێکدانەوەی بەرهەمەکانی چنار بداغیو شاناز جەوانشیر لە بۆکان بەڕێوەچوو




ئەنجومەنی ئەدەبیی بۆکان لە درێژەی زنجیرە دانیشتنەکانی زستانی ئەمساڵدا کۆڕێکی بۆ ڕەخنەو لێکدانەوەی بەرهەمەکانی دوو چیرۆکنووسی لاو، شاناز جەوانشیرو چنار بداغی بەڕێوە برد

.لەم دانیشتنەدا کە دونیوەڕۆی شەممە، ٨ ی ڕەشەممە گیرا، ڕەحیم عەبدوڕەحیمزادەو پەروین شێخی وەک ڕەخنەگر لەسەر بەرهەمەکانی ئەو دوو چیرۆکنووسە لاوە قسەیان کرد.

لە سەرەتای ئەو کۆڕە ئەدەبی‌یەدا کەماڵ کەریمی کورتە باسێکی لە چاکاکییەکانی ئێستاو داهاتووی ئەنجومەن کردو پاشان چنار بداغیو شاناز جەوانشیر چەند بەرهەمێکی خۆیان خوێندەوە کە دواتر لە لایەن ڕەخنەگرانی کۆڕەکە تاوتوێ کران.

خاتوو پەروین شێخی لە قسەکانی‌دا مێژوویەکی کورتی لەسەر چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی داستانی لە نێو ژنانو دەستنیشان کردنی پێشەنگانی ئەم ڕەوتە باس کردو لە درێژەدا پەرژایە سەر ئەو چیرۆکانەی کە لەلایەن دوو چیرۆکنووسی لاوی بەشدارەوە پێشکەشی ئامادەبووان کرا.

لە درێژەی دانیشتنەکەدا ڕەحیم عەبدوڕەحیمزادە ،چیرۆکنووس و دەرهێنەری شانۆ، قسەکانی خۆی لەسەر هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ئەو چیرۆکنووسانە پێشکەش کرد.

دوایین بەشی ئەم دانیشتنە پرسیارو تیبینی ئامادەبووان بوو کە بەرەوڕووی وتاربێژانی کۆڕەکە کراو هەر کامەیان بە گوێرەی پێویست لە لایەن ئەوانەوە وەڵام درانەوە.

## کۆڕی فێرکاریو فەرهەنگیی ئەدەب لە بۆکان کۆڕێکی ئەدەبیی گرت



کۆڕی فێرکاریو فەرهەنگیی ئەدەب لە شاری بۆکان کۆڕێکی بۆ باسو هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانی مامۆستا شێرزاد حەسەن بەڕێوە برد.

لەو کۆڕیادەدا کە ڕۆژی چوارشەممە، ١٢ ی ڕەشەممە بەبەشداریی دەیان کەس لە ئەدەبدۆستانی بۆکان بەڕێوەچوو، کۆمەڵێک وتارو بابەت لەو پێوەندییەدا خوێندرانەوە.

لە سەرەتای ئەو کۆڕە ئەدەبییەدا سەرەتا سەید یاسین قورەیشی باسێکی لە چالاکییەکانی کۆڕی فێرکاریو فەرهەنگیی ئەدەب کردو دواتر مستەفا ئیلخانیزادە، بەرپرسی ئەو ئەنجومەنە لەو پێوەندییدا زیاتر بۆ بەشداران دوا.

لە برگەکانی دیکەی ئەو کۆڕیادەدا کۆمەڵێک وتاری ڕەخنەیی لەسەر بەرهەمەکانی شێرزاد حەسەن لەلایەن حوسێن شێربەگی،

وتار و چالاکیەکانی کۆڕی فێرکاری و فەرهەنگی ئەدەب: لە لایەن بەر پرسی کۆڕی فێرکاری و فەرهەنگی ئەدەب، ڕزگار باوێردی موقەددەمو خالید عینایەتی خوێندرانەوە.

خوێندنەوەی چیرۆکێک لەلایەن خالید عەسکەرو وەرگێڕانی کورتە چیرۆکێکی مامۆستا شێرزاد حەسەن لە کوردییەوە بۆ فارسی لە لایەن حوسێن گولۆڵانیو؛ هەروەها خوێندنەوەی شێعر لەلایەن خاتوو ئامینە چاک، ئیرەج ناهیدو ڕەشید ئەفخەمی چەند برگەیەکی دیکەی ئەو کۆڕیادە بوون.

لە کۆتایی کۆڕیادەکەشدا ڕێزنامەو کتێب لە لایەن مستەفا ئیلخانیزادە، ئیرەج ناهیدو سارا سادقزادەوە پێشکێش بە حوسێن شێربەگی، فەوزییە سوڵتان بەگی، باران زولفەقاری، سووسەن حەسەنزادە، ڕەحمان جەوان، سەردار پاکزادو سەلاح ساڵحی مامۆستایانی خولەکانی فێرکاریو فەرهەنگیی ئەدەب کرا.

## ئەنجومەنی ”هاوڕێ هەورام“ی سنە کۆڕێکی ئەدەبیی گرت



ئەنجومەنی «هاورێ هەورام»ی زانکۆی پەیامنووری سنە کۆڕە شێعرێکی لە ژێرناوی «پەیڤی ئەوی» بۆ کۆمەڵێک شاعیری لاو بەڕێوە برد.

لەو کۆڕە شێعرەدا کە ڕۆژی شەممە، ١٥ ی ڕەشەممە گیرا، سمایل عەزەمی ، شوعەیب میرزایی، زانا قاسمیفەڕ، عەلی حسەینی، خاتوو ئەسمەر ئیبراهیمیو سروە مەجیدی بەرهەمە شێعرییەکانی خۆیان خوێندەوە.

هەر لەو کۆڕە ئەدەبییەداو لە پانیلێکدا بە بەشداریی شوعەیب میرزایی و عادڵ ئەعەزەمی باس لە شێعری هاوچەرخ کراو لە درێژەدا هەستیار ڕۆستەمی، ڕێبوار کەرەمیو هێرش حەدادی چەند تێکستە شێعری خۆیان پێشکێش کرد.

بەر لە ماڵاوایی

## یەکەم دیدارو دوا دیدارم لە گەڵ عەلیی حەسەنیانی( مامۆستا هاوار)دا



قادر وریا

کۆتاییەکانی جۆزەردان یا دەسپێکی مانگی پووشپەڕی ١٣٦٠(١٩٨١) بوو کە شێعری «ژیانەوە»م نووسی. بنکەی کۆمیتەکەمان (کۆمیتەی حیزبیی ناوچەی حەسەننووران) لە ئاوایی «تاچیناوێ» بووو بە مەرەخەسیو سەردان هاتبوومەوە ماڵێ. پێشنیوەڕۆیەک، سەرەتاکەیم لە نیو باغی سێوانی خۆمان لە گوندەکەمان چەشمەگۆل دامەزراند. لە بیرم نیە لە ژێر کاریگەریی چ ڕووداوێک یا خوێندنەوەی چ کتێبێکدا بوو کە بۆ نووسینی شێعرێک بۆ بانگەوازکردنی کچی کورد بۆ نێو کۆڕی تێکۆشان، دەست بە کار بووم. ئەوەشم لە بیر نیە کە هەر ئەو ڕۆژەو ئەو کاتە تەواوم کرد یا لە دوو سێ کاتی لێک دابڕاو دا. ماوەیەک دواتر، هەیئەتێکی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دیموکرات بۆ کاروباری تایبەت بەو ڕێکخراوەیە هاتنە ناوچەی شنۆ. لە بیرمە ئەو وەختە بوو کە جاری وا بوو لە شەوو ڕۆژێک دا چەند جار بوومەلەرزە دەهات. کاک ڕەحمان سۆفیزادەو کاک موحسین شاسواری(کۆچەر)، ئەندامی ئەو هەیئەتە بوون. کاک موحسین لە شێعرو ئەدەبیاتو زمانی کوردی شارەزا دەهاتە بەر چاو. بەو هۆیەوە کە ئەو کات بەرپرسی یەکیەتیی لاوان لە ناوچەی حەسەننووران بووم، هەیئەتی میوان چەند شەوێک لە بنکەی ئێمە مانەوە. دەرفەت بوو کە هێندێک شێعرو نووسینی خۆم بۆ کاک موحسین بخوێنمەوەو لە سەرنجو تیبینیو ئەزموونەکانی سوود وەربگرم. هەرلەو سەروبەند دا چەند دەورەی یەک بە دوای یەک بۆ ڕاهێنانی یەکەم خولی خوازیارانی مامۆستایەتیی شۆڕش لەناوچەکانی شنۆ، نەغەدە و پیرانشار، لە شاری شنۆ بەڕێوە چوون. لە یەکێک لەو کۆبوونەوانە دا کە ئێوارەیەک لە قوتابخانەی حافز،هەیئەتی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوان بۆ خوازیارانی مامۆستایەتیی شۆڕش پێکی هێنا، لە سەر پێشنیارو داوای کاک موحسین شاسواری، «ژیانەوە»م خوێندەوە . نازانم لە بەر ئەوەی کاک موحسین بەر لە بانگکردنی من بۆ خوێندنەوەی شێعرەکەم کەمێکی پێدا هەڵگوت، یا هەر بەشداران بە ڕاست پێیان باش بوو، بە چەپڵەیەکی باش پێشوازیم لێ کرا.

پاییزی ١٣٦٠ کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دیموکرات بڕیاری دا، گۆڤاری»لاوان» وەک ئۆرگانی ئەو ڕێکخراوەیە بڵاو بکاتەوە، منیش بووم بە هاوکاری بەڕێوەبەریی گشتیو بە تایبەتی هاوکاری هەرە نزیکی گۆڤارەکە. کاک تەیفوور بەتحایی کە ڕابیتی نێوان یەکیەتیی لاوانو دەفتەری سیاسی بوو، داوای شێعرێکی بۆ یەکەم ژمارەی گۆڤاری «لاوان» لێ کردم. منیش ئەو شێعرێکی خۆم بە ناوی «ژیانەوە»ڕەگەڵ بابەتەکانی دیکەی ئەو ژمارەیە خست. بابەتەکان دەبوایە کەسێک لە دەفتەری سیاسیی حیزب دیتبانی. چەند ڕۆژ دواتر بۆ وەرگرتنەوەیان لە گەڵ کاک کەریم ئەڵڵاوەیسی کە بەرپرسی گشتیی یەکیەتیی لاوان بوو، لە بنکەکەمان لە «خدراوێ» ڕا چووین بۆ «شێوەجۆ» کە بنکەی دەفتەری سیاسیی لێ بوو، بابەتەکانی دیکە کاریان تەواو ببوو، تەنیا شێعرەکە مابوو و گوتبوویان با کاک عەلی حەسەنیانی(هاوار) بیبینێ. لە پڕ دیتمان کاک بابا عەلی مێهرپەروەرو کاک عەلی حەسەنیانی لە لای سەرەوە ڕا بەرەو ساڵۆنی گشتی دێن. کاک کەریم کە دەیناسین و دەیانناسی، منی پێ ناساندنو داواشی لە کاک عەلی کرد بە شێعرەکەم دا بچێتەوە و کەموکوڕییەکانیم بۆ چاک بکا. بە ئامادەبوونی کاک بابا عەلیو کاک کەریم، مامۆستا هاوار بە حەوسەلەو بەڕاستی مامۆستایانە بە شێعرەکەم دا چووەوە. لە بیرم نیە کە چ وشەیەک یا وشەگەلێکی لێ زیاد و کەم کرد، بەڵام دەزانم هەم لە ڕووی واتاو هەم لە ڕووی کێشەوە، ئەوەندەی دەگونجا یارمەتیی بە جوان کردنی فۆرم و ناوەڕۆکی شێعرەکە کرد. پێشتر هەم ناویم بیستبوو هەم لە چاپەمەنییەکانی حیزب‌دا شێعرم لێ خوێندبۆوە،بەڵام ئەوە یەکەم جار بوو لە خزمەت کەسێک کە خۆی شاعیرێکی ناسراوو دیار بوو، دادەنیشتمو ڕێنوێنیو ئامۆژگاریم وەردەگرت. ئەم یەک سەعات دانیشتنە لە گەڵ مامۆستا هاوار، بۆ هەمیشە ئەوی لای من خۆشەویست کرد. دواتر کە شاخی جێ هێشتو گەڕایەوە شارو کۆمەڵێک وتارو بابەتی خۆی لە کتێبێک لە ژێر ناوی «شاری وێران»دا چاپ کرد، دیتم لە یەکێک لە بابەتەکانی دا منیشی لە ڕیزی ئەو شاعیرە لاوانەدا ناوبردوە کە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران هاتوونە مەیدانی شێعرو شاعیرییەوە.

بە داخەوە مامۆستا هاوارم هەر نەدیتەوە. ساڵانێک دواتر زانیم کە ئێرانی بە جێ هێشتوەو چووە بۆ دەرەوەی وڵاتو لە دانمارک گیرساوەتەوە. سەرئەنجام لە ساڵانی سەرەتای دەیەی ٩٠ی زایینی لە بارودۆخێکی دەروونیو ماڵیی نالەباردا لە دانمارک کۆچی دوایی کرد.ساڵی ٢٠١٠کە بە سەفەرێکی کورت ڕێگام کەوتە کۆپێنهاگ، زۆرم مەراق بوو بچمە سەر گڵکۆی کاک نەبیی قادری کە هەم لە قۆناغی دەبیرستان مامۆستام بوو هەم لە حیزب و حیزبایەتییش‌دا بۆ فێربوونو خۆپێگەیاندن، دڵسۆزو پشتیوانو هاندەرم بوو. کاتێک چاوساغەکەم کاک ناسر پیرانی وتی گڵکۆی کاک عەلی حەسەنیانییش هەر لەم گۆڕستانەیە،زۆرم پێ خۆش بوو، چونکە لە مێژ ساڵ یوو دەمەویست لە دەرفەتێکدا وەفا و پیزانینی خۆم بۆ ئەو مامۆستایە نیشان بدەم. لە گەڵ کاک ناسرو کچەکانی چووینە سەر گڵکۆی هەر دوو کەسایەتیی کۆچکردوو و چەپکە گوڵی ڕێزو خۆشەویستیمان لە سەر دانان. گڵکۆی مامۆستا هاوار، کەوتبووە شوێنێکی هەژارانەو چەپەک و لە نێو بێنازیو پێڕانەگەیشتن دا ئەوەندەی دیکە ون ببوو، خاوەنی کێڵو بەردەنووسی شایانی ئەو کەسایەتییە ئەدەبییە نیشتمانپەروەرەش نەبوو. تەنیا لە سەر تەختەدارێک، ناوەکەیو ساڵی لە دایکبوونو مردنەکەی بە دەسخەتو بە دوور لە هەر جوانکارییەک نووسرابوو. بە ڕاستی بە دیتنی گڵکۆی هەژارانەو غەریبانەی، دڵو چاوم پڕ بوون. عەلیی حەسەنیانی (مامۆستا هاوار)لە سیاسی و خەباتکارانی سەردەمی ڕێژیمی شایەتیو لە بەندییە سیاسییە بە ناوبانگەکانی سەردەمی زەبروزەنگی ساواک بوو. هاوڕێو هاوخەباتی «سوارەی ئیلخانیزادە»و «چاوە»و کۆمەڵێک لە پێشڕەوانو ڕەچەشکێنانی شێعرو ئەدەبیاتی نوێی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. ئەگەر خۆیو نەتەوەکەی خاوەنی کوردستانێکی ئازادو خودان کیانێکی کوردیو حکوومەتێکی خەڵکیو نەتەوەییو قەدرزان بایەو لە هەلومەرجێکی سیاسیی دڵخواز لە نێو نەتەوەکەی خۆی‌دا مردبا، بە دڵنیاییەوە مەزارو گڵکۆی شایانی خۆی دەبووو ساڵانە بە هەزاران کەس لە ڕۆڵە قەدرزانەکانی نەتەوەکەی دەچوونە سەر گڵکۆکەی. دیوانی شێعرەکانیو سەرجەم بەرهەمەکانی سەرلەنوێو لە فۆرمێکی جوان دا، چاپو بڵاو دەکرانەوەو بە نەوەی نوێ دەناسێندرا. بەڵام ئەوەتا ئێستا بە مردووییش گۆشەنشینوپشتگوێخراوەو لە سووچێکی هەژارانەی گۆڕستانێکی کۆپێنهاک، نوقمی فەرامۆشییە! نەم دەزانی ئەو فرمێسکانەی هەڵیان دەوەرێنم بۆ چارەنووسی خەمایی شاعیر، نووسەرو خەباتکارێکی کوردە یا بۆ بێبەشی و بندەستیی نەتەوەکەی خۆم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟